# رووداو
RÛDAW

ژمارە (487) دووشەممە 2017/12/25 - 4ی بەفرانبار 2717 (750) دینار


## ساڵێکی پڕ لە توندوتیژی بۆ ژنانی کوردستان

**رووداو- هەولێر**

ساڵی 2017 کە تەنیا هەفتەیەکی ماوە، ساڵێکی قەیراناوی بوو بۆ خەڵکی کوردستان، پڕ لە توندوتیژیش بوو بۆ ئافرەتان.

بەپێی ئاماری 10 مانگی ئەمساڵی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە لەماڵپەڕەکەیان بڵاوکراوەتەوە، ئاستی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەراورد بە 10 مانگی ساڵی رابردوو، 30.5% زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژیی دژی ژنان، لە 10 مانگی ساڵی رابردوودا 32 ژن کوژرابوون، بەڵام لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 42 ژن کوژراون.

لە 10 مانگی ساڵی رابردوودا زۆرترین ژن لە سنووری پارێزگای دهۆک کوژران کە 10 ژن بوون، بەڵام ئەمساڵ هەولێر لە ژن کوشتندا پێش دهۆکی داوەتەوە و لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 15 ژن لە سنووری پارێزگای هەولێر کوژراون. هەروەها لە سلێمانی 12 ژن کوژران و لە دهۆکیش 11 ژن، بەڵام لە سنووری ئیدارەی گەرمیان هیچ ژنێک نەکوژراوە.

هەر بەپێی ئامارەکە، دەردەکەوێ حاڵەتی خۆکوشتنی ژنانیش زیادی کردووە، بەڵام بە رێژەیەکی کەم. لە 10 مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا 66 ژن خۆیان کوشتبوو، بەڵام لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 67 ژن خۆیان کوشتووە.

«12



د.فوئاد مەعسووم بۆ (رووداو):

### لەگەڵ عەبادی بە مەسج قسە دەکەین

5

بەرپرسێکی گۆڕان:

### یەکێتی چەکی ئەڵمانی لە دژی خۆپیشاندەران بەکارهێناوە

6

### نێچیرڤان بارزانی نامەیەکی فەرمی بۆ عەبادی دەنێرێ

3

### لە چاکسازی لیستی مووچەخۆراندا 100 ملیار دینار بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە

# 68000

# کەس دوو مووچە تا چوار مووچە وەردەگرن

3



ئیدی پەرلەمانتار بە مەرج خانەنشین دەکرێن

راپۆرت 6

### ماڵئاوایی عەبدولستار مەجید لە وەزارەتەکەی رەتدەکرێتەوە



راپۆرتە هەواڵ 2

### 700 هەزار کریستیان عێراقیان جێهێشتووە

راپۆرت 14

### داعش بە تورکیادا بڵاودەبنەوە



ئابووری 8

### 11 کارگەی ئاوی کانزایی داخراون





## یوئێن: تالانییەکی زۆر لە خورماتوو کراوە

رووداو- هەولێر

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریکردنی عێراق، ناسراو بە یۆنامی ئەنجامی بەدواداچوونەکانی بۆ خورماتوو بڵاوکردەوە. لە راگەیێندراوێکە یۆنامیدا هاتووە، تیمەکانیان لەو شارە فرە ئیتنی و ئایینییە، چەندین خانوو و شوێنی کارکردنی رووخاویان بینیوە، ئەوەش دوابەدوای گواستنەوەی دەسەڵاتی ئەمنیی لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوودا. بەپێی بەدواداچوونەکانی یونامی، هەزار و 440 خانەوادە ئاوارەن، 40 خانوو لە دوو گەڕەکی کوردی وێرانکراون، 100 فرۆشگا سووتێندراون.، تالانییەکی زۆر کراوە، هەندێک کار بە مەبەست ئەنجامدراون و دەکرێت قەبارەی تالان و زیانەکە گەورەتر بێت.

## 12 کەنیسە لە بەغدا داخراون

# 700 هەزار کریستیان عێراقیان جێهێشتووە

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە مەسیحییە، راپۆرتێکی بۆ پاپای ڤاتیکان ئامادە کردووە و هۆشداری داوەتێ لە نەمانی مەسیحییەکان لە عێراق. بەپێی راپۆرتەکە لەو 800 هەزار مەسیحییەی لە پارێزگاکانی عێراق بوون، تەنیا 100 هەزاریان ماون و ئەوانی دیکە کۆچیان کردووە بۆ دەرەوەی عێراق. هەروەها لەو 700 هەزار مەسیحییەکەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کەرکووک 400 هەزاریان کۆچیان کردووە.

وەحیدە یاقۆ، پەرلەمانتاری مەسیحی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، دوو مانگ لەمەوبەر راپۆرتێکی لە بارەی رەوشی مەسیحییەکان لە عێراق ئامادە کردووە، بە نیازە رێگایەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە پاپای ڤاتیکان.

بەپێی ناوەڕۆکی راپۆرتەکەی وەحیدە، ساڵی 1981 ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس بووە، 800 هەزاریان لە پارێزگاکانی عێراق بوون و 700 هەزاریان لە پارێزگاکانی کوردستان، بەڵام ئێستا لە پارێزگاکانی عێراق تەنیا 100 هەزاریان ماون. لە هەرێمی کوردستانیش 300 هەزار کریستیان ماون، واتە ژمارەی کریستیانەکان لە 1.5 ملیۆن کەسەوە بووەتە 400 هەزار کەس.

بە گوتەی وەحیدە یاقۆ، لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە نزیکەی 60 کەنیسە لە عێراق تەقێندراونەتەوە یان رووخێنراون. هەروەها بەهۆی کۆچی مەسیحییەکانەوە دەرگای 12 کەنیسە لە شاری بەغدا داخراون.

وەحیدە باسی رەوشی ئێستای بەغدا دەکات و دەڵێت: "بەغدا شوێنێکی مێژوویی و گرنگی کریستیانەکان بوو، پێش سەرهەڵدانی داعشیش مەترسی لەسەر کریستیانەکان هەبوو، چەند هێرشێکی تیرۆرستی کرانە سەر کەنیسەکانی بەغدا و نزیکەی 60 کەنیسە تەقێندرانەوە، بۆیە بەشێکی زۆر لە مەسیحییەکان کۆچیان کرد، بەڵام دوای سەرهەڵدانی داعش و دواتریش دروستکردنی حەشدی شەعبی، رەوشی کریستیانەکان لە بەغدا زۆر خراپ بوو، 12 کەنیسە داخراون، بەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی کریستیانەکان لە بەغدا ئێستا تەنیا لە یەک کەنیسە نوێژ دەکرێ".

مەسیحییەکان لە کوردستان و عێراق بەپێی سیستمی کۆتا لە پەرلەمان کورسییان بۆ تەرخانکراوە، لە پەرلەمانی عێراق پێنج کورسی و لە پەرلەمانی کوردستانیش شەش کورسییان هەیە.

بەشێکی زۆر لە مەسیحییەکان لە ناوچەکانی دەشتی نەینەوا بوون. کاتێک داعش پەلاماری ناوچەکانی دان، دوو بژارەی خستە بەردەمیان، سەرانە بدەن یان ناوچەکە جێبهێڵن، بەڵام ئەوان بژارەی دووەمیان هەڵبژارد و کۆڕەویان کرد.

وەحیدە کە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانە سەردانی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا و مووسڵی کردووە، باسی رەوشی ئەوان دەکات و دەڵێت: "رەوشی کریستیانەکانی نێو شاری مووسڵ و دەشتی نەینەوا لە هەموو کریستیانەکانی عێراق و کوردستان خراپترە، جگە لەوەی سەرجەم شوێنە مێژوویی و ئایینییەکان لەلایەن داعشەوە خراپکراون، ئێستا زۆربەی ناوچەکانیان لە دەشتی نەینەوا کەوتووەتە دەستی حەشدی شەعبی، ئەوە ساڵێک و دوو مانگە داعش لە ناوچەکانی تلکێف و حەمدانیە و قەرەقووش نەماوە، بەڵام هێشتا خەڵکی ئەو ناوچانە ئاوارەن و ناتوانن بگەڕێنەوە".


ئێستا لە شاری بەغدا تەنیا لە یەک کڵێسادا نوێژ دەکرێت

# فەرمانبەرانی کورد لە کەرکووک میلاکیان دەگوازنەوە سەر بەغدا

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپاش گەڕانەوەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بەشێک لە فەرمانبەرانی ئەو ناوچانەی ناچار کردووە راژەکەیان بگوزانەوە سەر بەغدا.

هەوراز هەمزە کە مامۆستای بەشی خوێندنی کوردییە لە کەرکووک و لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستا لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرابوون، بەنیازن میلاکی خۆیان بگوازنەوە سەر بەغدا. مامۆستا هەوراز بە نیگەرانییەوە دەڵێ: "داوامان پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەی عێراق کردووە بۆ گواستنەوەی راژەکانمان، ئەوەی ئێمە دەیکەین لە رووی نەتەوەییەوە خراپە، بەڵام ئێمە ناتوانین بەو مووچە کەمە بژین".

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2003 بۆ قوتابخانە کوردییەکان و چەند یەکەیەکی کارگێڕی لە کەرکووک، شنگال، مەندەلی، مەخموور، شێخان، دوبز و خورماتوو بە هەزاران فەرمانبەری دامەزراندووە.

> **تا ماددەی 140 جێبەجێ دەکرێت دەبێت هەولێر مووچەکانیان دەدات**
> سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

رێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند: "تاوەکو چارەنووسی ناوچەکانی ماددەی 140 یەکلایی دەبێتەوە، دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەی ئەو فەرمانبەرانە بدات".

دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و دەستبەسەرداگرتنی بیرە نەوتەکانی کەرکووک لەلایەن حکومەتی عێراق و داخستنی سنووری ئاسمانی و زەمینی لەسەر هەرێمی کوردستان، داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە بڕی 270 ملیار دینار کەمی کردووە. ئێستا حکومەت مانگانە تەنیا 460 ملیار دینار داهاتی هەیە.

بێستوون فایەق، ئەندامی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی خۆی بەرامبەر فەرمانبەرانی ناوچە کوردستانییەکان جێبەجێ بکات، چونکە لە رووی نەتەوەییەوە مەترسییەکی گەورە دروست دەکات، ئەگەر کورد ئەو ناوچانە چۆڵ بکات و یەکە ئیدارییەکان بکشێنێتەوە، لە داهاتوودا کاریگەری گەورەی لەسەر گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە دەبێ، بۆ نموونە لە دوبز رێژەی کورد لە سفر نزیک دەبێتەوە".

مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناوچە کوردستانییەکان ئەوانەی ئاوارەی هەرێمی کوردستانیش بوون، لەگەڵ ئەوانەی ماونەتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێ و بەپێی سیستەمی پاشەکەوت دەیاندرێتێ.

> **بەغدا دەیەوێ فەرمانبەرانی ئەم ناوچەیە متمانەیان بە هەرێمی کوردستان نەمێنی**
> سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان

پێشتر حکومەتی هەرێم لە فرۆشتنی نەوتی کەرکووک بەشێکی زۆری مووچەکانی دابین دەکرد، بەڵام بەپێی قسەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەغدا نە خۆی رێگا دەدات نەوتی کەرکووک بە بۆڕیی کوردستان هەناردە بکرێ، نە رێگاش بە هەولێر دەدات هەناردەی بکات و سوودی لێوەبگرێت بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو نەوتەکە دەمێنێتەوە و بەشێکی کەمی هەناردەی ئێران دەکرێ.

هەر لەو بارەوە نەسرەدین سندی، سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "بەغدا دەیەوێ فەرمانبەرانی ئەو ناوچانە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دامەزراون، پەراوێز بخات یاخود متمانەیان بە کوردستان لاواز بکات، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و بەغدا هەیە، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو توانایەوە مووچەکانیان دابین بکات. هەروەها بیگەیەنێتە ئاستی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی فیدراڵی".

بەغدا داوا دەکات بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان پێناسەی دەکات، لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە تاوەکو یەکلاکردنەوەی چارەنووسیان بەڕێوە ببردرێ، بەڵام ئامادە نییە مووچەی ئەو فەرمانبەرانە بدات کە حکومەی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە دایمەزراندوون.

زانا روستایی، پەرلەمانتاری سەر بە کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوای 2003 بۆ کردنەوەی قوتابخانە بە زمانی کوردی پێویست بوو ژمارەیەکی زۆر مامۆستا و فەرمانبەر دابمەزرێندرێن، بەڵام ئێستا کێشە دروستبووە لە نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر ئەوەی کێ مووچەکانیان بدات، بەتایبەتی لە قەزای مەخموور کە ئەوانەی لەنێو شارەکە ماونەتەوە چارەنووسیان دیار نییە لە نێوان هەولێر و بەغدا، پێشتر هەوڵمان دا بیانخەینە سەر میلاکی وەزارەتی دارایی عێراق، بەڵام بەغدا رازی نەبوو".

هەروەها دەڵێت: "وەزارەتی پەروەردە رەتیکردەوە فەرمانبەران و مامۆستایانی خوێندنی کوردی لەو ناوچانە بخرێنە سەر میلاکی وەزارەت، بۆیە مووچەی ئەو فەرمانبەرانە بارقورسیی زۆری لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، باشترین چارەسەر ئەوەیە بخرێنە سەر بەغدا تاوەکو چارەنووسیان بەپێی ماددەی 140 یەکلایی دەکرێتەوە".

بڕیارە رۆژی 2017/12/27 ژمارەیەک لە مامۆستایانی شاری کەرکووک لەبەردەم بارەگای پارێزگا خۆپیشاندان بکەن، بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسیان و چارەسەرکردنی کێشەکەیان.

# ئێران لە ناوچەی سوورێن بە قووڵایی 20 کیلۆمەتر سنوور دەبەزێنێ


بنکەیەکی سەربازیی ئێران لە شاخی سوورێن (فۆتۆ: رووداو)

هونەر ئەحمەد
رووداو- سلێمانی

لە ژووری کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا لە ناوچەی زرگوێزی سلێمانی، عەبدوڵڵا ئازەرباری نەخشەیەکی عێراق دەردێنێ و بە پەنجە ئاماژە بۆ شاخی سوورێن لەسەر نەخشەکە دەکات و باسی چۆنیەتی بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لەوێ، لەلایەن ئێرانەوە دەکات.

حکومەتی عێراق بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان رێککەوتنی سنووریی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیا هەیە، بەڵام لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، سەروەریی عێراق لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە سەدان جار پێشێل کراوە، جاران ئەگەر ئەو سنووربەزاندنە بە نهێنی بووبێ، لە دوو ساڵی رابردوودا بە ئاشکرا بووە.

حکومەتی ئێران لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچە گرنگەکانی سنووری هەرێمی کوردستاندایە، ئەم زانیارییانە زۆرتر لەلای حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی رۆژهەڵاتە کە بەردەوام ئاگاداری جموجۆڵەکانی ئێرانن لەسەر ئەو سنوورانە.

عەبدوڵڵا ئازەرباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ کە بارەگاکەیان لە زڕگوێزە، دەڵێت: "ئێران لە ناوچەی سوورێن خاکی هەرێمی کوردستانی بەزاندووە، پایەگایەکی گەورەشی لەوێ دامەزراندووە".

بە گوتەی ئازەرباری زنجیرە چیای سوورێن بە دیوی رۆژهەڵاتی ئێراندا وەکو دیوارێک وایە و ناتوانرێ بۆ هاتوچۆ و دروستکردنی بارەگا سوودی لێوەربگیرێ، بەڵام بەدیوی باشووری کوردستاندا زۆرتر دەشتاییە و بواری هاتوچۆی زۆرە.

> **پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە**
> **ئێمەیان لە سوورێن دەرکرد و ئێران هاتە ئەوێ**

ئەوەی عەبدوڵڵا ئازەرباری بە مەترسیی دەزانێ، ئەو تونێلە تەواونەکراوەیە کە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لەلایەن ئێرانەوە لە شاخەکە لێدراوە. ئازەرباری دەڵێت: "لە چوار بەشی تونێلەکە سێ بەشی دەکەوێتە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، بە تەواوکردنی تونێلەکە، رێگەی گەیشتنی ئێران بۆ سلێمانی زۆر نزیک دەبێتەوە". هەروەها دەڵێت: "ئێران لە پشت زنجیرە چیاکە تۆپخانەیەکی داناوە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێت بە تۆپی مامناوەند مەترسی لەسەر شارەزوور و پێنجوێن و خورماڵ و سەیدسادق و ناوچەی سلێمانی بە گشتی دروست بکات".

ئەوشوێنەی لە شاخی سوورێن کە ئێستا هێزەکانی ئێرانی لێیە، پێشتر بارەگای پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بووە، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە ئاگادار کراونەتەوە کە ئەوێ جێبێڵن.

لەگەڵ پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بەناوی رێبوار دەچینە ئەو سنوورەی کە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە بەزێنراوە، دوای کاژێر و نیوێک رۆیشتنی پیادە گەیشتینە نزیکترین خاڵ لە زنجیرە چیای سوورێن. رێبوار بە دەست ئاماژە بۆ بارەگا سەربازییەکانی ئێران دەکات و دەڵێت: "ئێرە شوێن و جێگای پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوو، بەڵام ئێمەیان لێرە دوورخستەوە و چالاکیشیان لێ قەدەغەکردین". بە گوتەی رێبوار "ئێران 20 کیلۆمەتر خاکی هەرێمی کوردستانی بەزاندووە".

سوپای تورکیاش هاوشێوەی سوپای ئێران، دەمێکە سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاندووە، ساڵانێکی زۆرە لە ناوچەی بامەڕنێ و کانی ماسێ، بارەگای سەربازی هەیە. بەڵام گەورەترین سنووربەزاندنی تورکیا لە دوای شەڕی داعش بوو کە بەبیانووی ئەو شەڕەوە بە قووڵایی 100 کیلۆمەتر سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاند و هێزێکی لە نزیک باشیک جێگیر کرد. ئەو هێزە کە نزیکەی 35 کیلۆمەتر لە مووسڵەوە دوورە، تانک و چەکی قورسیان پێیە و سێ رۆژ لەمەوبەر لەگەڵ هێزێکی دیکە جێگۆڕکێیان پێکرا.

پێشمەرگە تەنیا چەندسەت مەترێک لەو هێزەی تورکیاوە دوورن کە نە رۆڵێکیان لە شەڕی دژی داعشدا بینی و نە پاش بڕانەوەی شەڕیش خەبەرێک لە نیازی کشانەوەیان هەیە.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (487) - دووشەممە 2017/12/25



## شاندێکی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

شاندێکی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاسپۆرت و نشینگە و کارتی زانیاری و ڕەگەزنامە لە هەرێمی کوردستانەوە سەردانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەکات. عەمید دیدار عومەر، بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شاندەکە لە بەڕێوەبەری گشتیی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان و هەرچوار بەڕێوەبەری پاسپۆرت و نشینگە و کارتی زانیاری و ڕەگەزنامەی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک پێکهاتووە و ڕۆژی 2017/12/25 سەردانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەکەن. بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە سەردانەکە بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکان و وەرگرتنی ڕێنمایيە بۆ چۆنییەتی کارکردن لە ساڵی نوێدا. لەڕووی ئیدارییەوە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاسپۆرت و نشینگە و کارتی زانیاری و ڕەگەزنامەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراقن.

## نووری عوسمان، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیران:

# 68 هەزار کەس دوو مووچە تا چوار مووچە وەردەگرن

## لە چاکسازیی لیستی مووچەخۆراندا 100 ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

"وەعدەکەی سەرۆکی حکومەت، بڕیاری ئێمەی لەبارەی کشانەوە لە حکومەت گۆڕی". ئەمە قسەی ئەندامێکی سەرکردایەکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە کە حیزبەکەی هەشت کاژێر گفتوگۆی کرد بۆ مانەوە یان کشانەوە لە حکومەت تا دواجار بڕیاریاندا لەو حکومەتەدا بمێننەوە. هاوکات سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونیش لە ئەنجوومەنی وەزیران دەڵێت چاکسازی لە لیستی مووچەخۆراندا دەکرێ و بەوهۆیەوە 100 ملیار دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە.

بەپێی زنیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو بەرنامەیەی کە حکومەت دایناوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، سەرووی 150 هەزار کەس دەگرێتەوە.

### چ بەڵێنێک بە یەکگرتوو دراوە؟

ڕۆژی 2017/12/23 چاوەکان لەسەر کۆبوونەوەیەکی درێژی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بوون تاوەکو بزانرێ کە ئاخۆ دوای کۆمەڵ و گۆڕان، یەکگرتووش لە حکومەت دەکشێتەوە یان نا.

هادی عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی لە بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەڤزیۆنی (ڕووداو)دا گوتی "53%ی قاعیدەی یەکگرتوو لەگەڵ ئەوە بوون لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکشێینەوە، 47%یش لەگەڵ مانەوە بوو، ڕای سەرکردایەتی یەکگرتووش ئەوەبوو لەو قۆناغەدا بمێنینەوە، بڕیارەکەش هەر وا بوو".

موسەنا ئەمین، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردبوو، لە بارەی ئەو بڕیارەی حیزبەکەی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو بەڵێنانەی سەرۆکی حکومەت بە وەزیرەکانی یەکگرتووی دا لەبارەی چاکسازی لە لیستی مووچەخۆران کە گرنگترین هەنگاوە، بێ کاریگەری نەبوو. ئەم هەنگاوەی حکومەت دادپەروەری دەگەڕێنێتەوە".

حاجی کاروان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو ڕوونتر باسی ئەو نیازەی سەرۆکی حکومەت دەکات بۆ پاکسازی لە لیستی مووچەخۆراندا و دەڵێت "بەڵێنی سەرۆکی حکومەت بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە مەسەلەی مووچەدا، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی یەکگرتوو لە حکومەت نەکشێتەوە".

حاجی کاروان، باسی پڕۆژەی حیزبەکەی بۆ زیادکردنی داهاتی حکومەت دەکات و دەڵێت: "یەکگرتوو پڕۆژەی پێشکەشی حکومەت کردووە، هەرێمی کوردستان مانگانە 650 ملیۆن دۆلار داهاتی دەبێت". بۆیە وەک حاجی کاروان دەڵێت "لە نێو حکومەتدا بی شەڕەکە بکەی باشترە، لەوەی لە دەرەوەی حکومەت شەڕ بکەی".

ئەم قسەیەی پەرلەمانتارەکەی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان زیاتر ڕووی لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی بوو کە لە 2017/12/20 بڕیاری کشانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دا.

حاجی کاروان پێیوایە ئێستا کاتی ئەو بڕیارە نییە، چونکە مەترسییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان یەکجار گەورەن "دۆخی ئابووریی کوردستان لە مەترسیدایە و حکومەتی عێراق ئێستا چاوی لەوەیە دەست بەسەر خورمەڵە و دەوروبەریدا بگرێ، بەمەش قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسی".

### چاکسازییەکانی حکومەت لە مووچەدا چین؟

نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە 2017/12/20 دوای گەڕانەوەی لە ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە پڕۆژەیەکیان بۆ چاکسازی لە لیستی مووچەخۆراندا هەیە و ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستانی دەکەن.

نووری عوسمان، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە ئەنجوومەنی وەزیران هەندێک ئاماری قەبە لە لیستی مووچەخۆراندا ئاشکرا دەکات کە ئەگەر چاکسازی تێدا بکرێ، پارەیەکی زۆر بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە.

نووری عوسمان بە (ڕووداو)ی گوت: "68 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچەیان هەیە، ئەوانە سەرپشک دەکرێن یەکێک لە مووچەکانیان هەڵبژێرن، ناکرێ وارس مووچەی زیندانی سیاسی، یان خانەنشینی وەربگرێ و خۆیشی مووچەی هەبێ".

نووری عوسمان بەشێک لە پلانی حکومەت بۆ چاکسازی لە لیستی مووچەخۆراندا ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "حکومەت بڕیاری داوە خانەنشینی بێ خزمەت نەهێڵێ و پێداچوونەوەی بۆ دەکات، هەموویان هەڵدەوەشێنێتەوە. هەروەها ئەوانەی بەڕێوەبەری گشتین و پلەیان بریکاری وەزیرە، یان بریکاری وەزیرە و پلەی وەزیری هەیە، هەمووی ڕاستدەکرێتەوە. حکومەت خانەنشینی ناقانونی هەڵدەوەشێنێتەوە، هەیە لەیەک ڕۆژدا دامەزراوە و خانەنشین کراوە".

وەک (ڕووداو) زانیویەتی، پێدانی دەرماڵە لە هەرێمی کوردستان بۆ فەرمانبەران، لە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەر زیاترە، فەرمانبەر ئەو پارەیەی مانگانە وەریدەگرێ 47%ی مووچەی بنەڕەتییە و 53%ی دەرماڵەیە. لە پێدانی دەرماڵەشدا وەک نووری عوسمان باسی دەکات "نادادپەروەرییەکی زۆر هەیە، بۆیە حکومەت پێداچوونەوەی ورد لە دەرماڵەکاندا دەکات، بۆ نموونە مامۆستا 150 هەزار دینار دەرماڵەی هەیە، کەچی فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەش ئەو دەرماڵەیە وەردەگرن. مامۆستایان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا 100% دەرماڵەیان هەیە، هەموو فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە بە چایچی و شوفێرەوە ئەو دەرماڵەیە وەردەگرن. لە وەزارەتی کارەبا ئەو کرێکارەی کاری کارەبا دەکات دەرماڵەی مەترسی هەیە، کەچی ژمێریاری ئەو وەزارەتەش دەرماڵەی مەترسی وەردەگرێ".

نووری عوسمان ئەو بڕە پارەیە ئاشکرا دەکات کە بەهۆی چاکسازییەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت "دوای وردبینی لە مووچەی کەمئەندامان، 20 ملیار دینار بۆ حکومەت گەڕایەوە کە پێشتر 27 ملیار دینار بوو. بەگشتی حکومەت پلانی هەیە زیاتر لە 100 ملیار دیناری لە ڕاستکردنەوەی لیستی مووچەخۆراندا بۆ بگەڕێتەوە".



پێداچوونەوە بە دەرماڵەی مامۆستایانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا دەکرێت (فۆتۆ: ڕووداو)

**بەرپرسێکی ئەنجوومەنی وەزیران**

**حکومەت خانەنشینی بێ خزمەت هەڵدەوەشێنێتەوە**

**حاجی کاروان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو**

**بەڵێنەکەی سەرۆکی حکومەت بڕیاری یەکگرتووی بۆ کشانەوە لە حکومەت دواخست**

### پەرلەمانتار بە مەرج خانەنشین دەکرێن

فرسەت سۆفی، ئەندامی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی چاکسازییەکان دەڵێ، ئێستا فرسەتە، چونکە دۆخەکە لەبارە و "دەبێ چاکی بکەینەوە".

یەکێک لەو مەلەفانەی حکومەت دەیەوێ دەستی بۆ ببات، خانەنشینی پەرلەمانتارانە کە دوای چوار ساڵ پەرلەمانتاری بە 80%ی مووچەکەیان خانەنشین دەبن و نزیکەی شەش ملیۆن دینار وەردەگرن، بەپێی پڕۆژەکەی حکومەت بێ، ئەو سەردەمە بەسەردەچێ. سەرچاوەیەکی باڵا لە ئەنجوومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی گوت: "خانەنشینی پەرلەمانتاران چارەسەر دەکرێ، هەر پەرلەمانتارێک تەمەنی لە 50 ساڵ زیاتر نەبێ و 15 ساڵ خزمەتی نەبێ، خانەنشین ناکرێ".

# نێچیرڤان بارزانی نامەیەکی فەرمی بۆ عەبادی دەنێرێ



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای چەندین ساڵ لە گرژی و ئاڵۆزیی نێوان نووری مالیکی، ئەمینداری گشتی حیزبی دەعوەی ئیسلامی و سەرکردەکانی باشووری کوردستان، دواجار "ئەبو ئیسرا" سەهۆڵبەندانەکەی شکاند و لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) داوای لە بەغدا کرد لەگەڵ هەولێر دەست بە دانوستاندن و گفتوگۆ لەسەر بنەمای دەستوور بکات و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە.

مالیکی گوتی: "هەستدەکەم زۆر نزیک بووینەتەوە لە کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی، ئێستا کات لەبەرژەوەندیی چارەسەرکردنی کێشە و کەموکوڕییەکانە. من پێموایە زۆری پێناچێت و بەمزووانە بەغدا ئەو ڕۆڵە دەبینێ".

### دانوستاندن بەندە بە هەڵبژاردنەوە

مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری سەر بە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بەدەستپێکردنی دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەگەر هەڵبژاردن لە وادەی دیاریکراوی خۆی لە 2018/5/12 بکرێت، دانوستاندنەکانی هەولێر و بەغدا دەکەونە دوای هەڵبژاردن، چونکە هەر لایەنێک لەگەڵ کورد ڕێکبکەوێت دەڵێن خائینە، کێ قسە بە کورد بڵێ دەنگ دێنێ، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردن دوابخرێت کە ئەگەرێکی بەهێزە بۆ مانگی 10 دوابخرێ، بێگومان دەست بە گفتوگۆ دەکەن".

مەسعود حەیدەر هەڤپەیڤینەکەی مالیکی لەگەڵ ڕووداو بە "پەیامێکی سیاسی" وەسفکرد و گوتی "دیدارەکەی مالیکی پەیامێک بوو بۆ هەرێمی کوردستان و عەبادی، مالیکی پیاوێکی بەهێزە و سەرۆکی فراکسیۆنێکی گەورەی پەرلەمانییە، بەو دیدارەی عەبادی دەترسێنێ، ئەمەش لە بەرژەوەندی کوردە و کاریگەریی زۆریشی لەسەر هێورکردنەوەی دۆخەکە دەبێ".

### دوو وەزیری عێراق دێنە هەولێر

بەپێی زانیارییەکان بڕیارە هەر یەک لە قاسم ئەعرەجی، وەزیری ناوخۆ و عیرفان حەیالی، وەزیری بەرگریی عێراق بە مەبەستی گفتوگۆ لەسەر خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن. مەسعود حەیدەر دەڵێت: "گوشارە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر سەردانی ئەو دوو وەزیرە هەیە". گوتیشی "بەشێکیشی پەیوەندی بە هەڤپەیڤینەکەی مالیکییەوە هەیە".

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و سەرۆکی فراکسیۆنی ئەو حیزبە لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە نیەتی مالیکی بە (ڕووداو)ی گوت: "مالیکی پشتیوانی لە گفتوگۆ دەکات، چونکە دەزانێت هەرێمی کوردستان پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ دروستبووە، دواکەوتنی گفتوگۆش کاریگەری لەسەر هەموو عێراق دەبێت".

هەر لەوبارەوە عەرەفات کەرەم، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "چاوپێکەوتنەکەی مالیکی ترسی خستووەتە دڵی عەبادی کە ڕەنگە کورد هاوپەیمانێتی لەگەڵ بکات، نزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتیش گرنگە، چونکە پێکەوە نەبێ ناتوانن لە کوردستان و عێراق هیچ جوڵەیەک بکەن، بەشێوەیەکی گشتی پەیامەکانی مالیکی ئەرێنی بوون، بەڵام شیعەکان لە کاتی دەسەڵات و بێدەسەڵاتیدا جیاوازن".

حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای پێشنیازی سڕکردنی ئەنجامی گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول و ڕێزگرتن لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیی عێراق، سەبارەت بە گشتپرسی ئامادەیی خۆی بۆ گفتوگۆ لە چوارچێوەی دەستووری عێراق لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەربڕیوە، بەڵام بەغدا ئامادەی دانوستاندن نییە. ئەگەرچی سەرۆکی فەرەنسا و چەندین وڵاتی دیکەی زلهێز داوای دانوستاندنیان لە هەولێر و بەغدا کردووە، بەڵام ئەنجامێکی نەبووە.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت، ئەوە ئێرانە نایەوێ گفتوگۆ بکرێ "تەنیا ئەمریکا و مەرجەعی ئایینی لە نەجەف دەتوانن گوشار بخەنە سەر حکومەتی بەغدا، ئەگەرنا ئێران لەگەڵ ئەوە نییە گفتوگۆ بکرێ، بەڵکو لەگەڵ ڕووخاندنی ئەو قەوارە سیاسییەی هەرێمی کوردستانە، بەڵام دواجار لەبەر سومعەی خۆی و لەبەر گوشارە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتی فیدراڵی ناچارە بێتە ژێرباری گفتوگۆ".

### بودجەی کوردستان زیاد دەکات؟

جگە لە بەڕێوەبردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان کە ناکۆکییەکی گەورەی نێوان هەولێر و بەغدایە، پرسی نەوت و بودجەش خاڵێکی دیکەی ناکۆکییەکانە. لە پرۆژە یاسای بودجەی 2018ی عێراقدا ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پشکی هەرێمی کوردستانی لە 17%ەوە بۆ 12% دابەزاند، دواتر پرۆژە یاساکەی لە پەرلەمانی عێراق کشاندەوە.

مەسعود حەیدەر کە ئەندامی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقە، دەڵێ: "سندووقی نێودەوڵەتیی دراو ئامادە نییە قەرز بداتە عێراق ئەگەر پشکی هەرێمی کوردستان لە 10 تریلیۆن دینار کەمتر بێت، خۆم لە عەممانی پایتەختی ئوردن بووم و لە بەرپرسانی ئەو دامەزراوە داراییەم بیست کە ئامادەنین قەرز بدەنە عێراق، ئەگەر پشکی هەرێمی کوردستان زیاد نەکرێ، بۆیە بەغدا ناچارە دانوستاندن لەگەڵ هەولێر بکات بۆ ئەوەی ئەو قەرزە وەربگرێ".

بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان، عێراق پێویستی بە نزیکەی 6 تا 7 ملیار دۆلارە. سندووقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی نێودەوڵەتی هەڕەشەیان لە عێراق کردووە ئەگەر پشکی هەرێمی کوردستان زیاد نەکات، ئەوا ڕێگا نادەن لە کۆنگرەی کۆککردنەوەی کۆمەک کە بڕیارە لە شوباتی داهاتوو لە کوەیت بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق لە دوای شەڕی داعش ببەسترێت، یارمەتییەکان وەربگرێ.

### نێچیرڤان بارزانی نامەیەک بۆ عەبادی دەنێرێ

بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدا، فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق نامەیەکی ئاراستەی هەر یەک لە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراقیش داوای دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی کردووە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) نێچیرڤان بارزانی نامەیەکی فەرمی ئاراستەی حەیدەر عەبادی کردووە و داوای کردووە کە ناکرێ لە ڕێگای کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانی وەڵامی یەکدی بدەنەوە، دواجار دەبێ کێشەکان بە دانوستاندن چارەسەر بکرێن، بەڵام تاوەکو ئێستا سەرۆکوەزیرانی عێراق وەڵامی نامەکەی نەداوەتەوە.

**بەغدا پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە زیاد ناکات، قەرزی نێودەوڵەتی وەرناگرێ**
پەرلەمانتارێکی گۆڕان لە بەغدا

**هەڤپەیڤینەکەی مالیکی لە ڕووداو ترسی خستووەتە دڵی عەبادییەوە**
سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق

# بۆ کشاندنەوەی هێزە ئەمنییەکان یەکێتی گەرەنتی دەوێ



هێزە ئەمنییەکان 400 خۆپیشاندەریان دەستگیر کردووە (فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

خۆپیشاندەران بەرنامەیان وابوو رۆژی 18ی مانگ خۆپیشاندانێکی گەورە بکەن و شەقامەکانی سلێمانی پڕ بکەن، بەڵام دواتر ئەنجامەکەی بە دڵی ئەوان نەشکایەوە و شەقامەکان پڕ بوون لە هێزی سەربازی "کۆمەڵێک کەسی بێئەزموون هاتنە ناوەوە و وایان لە خۆپیشاندانەکە کرد". یەکێک لە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکە کە لە نارەزایەتییەکانی 17 شوباتی 2011 دا ئەندامی ئەنجوومەنی سەرای ئازادی بوو "فرە کوێخایی" بە لایەنێکی دیکەی لاوازی خۆپیشاندانەکان دەزانێ.

## "کاندیدەکانی هەڵبژاردن تێکیاندا"

نزار محەممەد کە رێکخەرێکی خۆپیشاندانەکانی سلێمانییە، دەڵێ لە ساڵی 2011 هەندێک کەس تەنیا بۆ ئەوە هاتبوونە نێو خۆپیشاندانەکەوە، تاوەکو ببنە دەموچاوی ناسراو و دواتر بچنە هەڵبژاردنەوە "لەم خۆپیشاندانەش هەروا بەشێک تەنیا بۆ ئەوەندە کاریان پێی بوو، هەبوون دەیانویست رابەرایەتی بکەن و دواتر بچنە لای یەکێک لە حیزبەکان و بیفرۆشن بە پارە یان ئیمتیازێک، هەشبوون دەیانویست تەنیا وەک فێستیڤاڵێک وابێت نەک خۆپیشاندان، مامۆستایانی نارازیش تەنیا دەیانویست باسی مووچە بکەن، بەڵام ئێمە دەمانەوێ چاکسازی بکرێ و دۆخی ژیانی خەڵک باش بکرێ و سیستەمە سیاسییەکە راست بکرێتەوە".

## "دەگەڕێینەوە"

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەند رۆژێک مامۆستایانی نارازی ئاگادارییان بڵاوکردەوە کە رۆژی 18ی مانگ لەبەردەم پەروەردەی سلێمانی کۆدەبنەوە، بەڵام دوای کاژێرێک رێڕەوی خۆپیشاندانەکە لەدەست مامۆستایان دەرچوو".

عوسمان گوڵپی، ئەندامی ئەنجوومەنی مامۆستایانی نارازی، نیگەرانە لەوەی لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا "پیلان"ێک هەیە بۆ ئەوەی بە ئاقاری خراپدا ببرێ "ئێمە دەمانویست بچینە بەردەم نووسینگەی پەرلەمان، بەڵام بەشێکیان دەیانگوت دەچینە سەرا، هەندێکیش گوتیان هەر لێرە کۆتایی پێدێنین، ئاوا بووین بە سێ بەشەوە"، ناوبراو هەروەها دەڵێ، رۆژی کۆبوونەوەکەی ئەوان بە هەل زانراوە "حکومەتیش سێ ساڵە وەڵامی خەڵکی قوربەسەر و بێ پارە و بێدەرەتان ناداتەوە و هێزە سیاسییەکانیش هەلپەرستن، بزانن خۆپیشاندانەکە ئەنجامی دەبێ خۆیان دەکەنە خاوەنی و بزانن خراپ دەشکێتەوە دەڵێن ئێمە نەبووین".

عوسمان گوڵپی رەتیکردەوە ئەوان دەست بە خوێندن بکەنەوە و داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و چارەسەرکردنی قەیرانەکان دەکات "ناکرێ هاورێکەت دەستگیرکرابێ و تۆش بچی وانە بڵێیتەوە، دەبێ حکومەت ئەم دۆخە چارەسەر بکات".

بەڵام نزار محەممەد پێیوایە مادام توانیویانە دوای چەند ساڵ بەربەستەکە بشکێنن و خۆپیشاندان ببەنەوە بەردەرکی سەرا، کەواتە قۆناغێکی باشیان بڕیوە "بەڵام بەداخەوە لەوێ ئەجێندای حیزبی زاڵکرا، ئێمە دەمانزانی چەند گرووپ و لایەنێک خۆیان ئامادە کردووە بۆ هەڵبژاردن و دەیانەوێ بێنە ناوەوە و کار بکەن، بەڵام رووداوەکان ئەوەندە خێرا بوون، پێش خۆڕێکخستن و پلاندانانی ئێمە کەوتن، ئێستا کەموکورتییەکانی خۆمان دەبینین".

گوتیشی: "دیسانەوە لە خۆڕێکخستنەوەداین و ئەوجارە بەشێوەیەک دێینەوە، نە خەڵکی تێدا شەهید بکرێ و نە فەرمانگەکانی تێدا بسووتێن، چونکە خۆپیشاندانەکانی 17ی شوبات بوو حکومەتی بۆ چاکسازی جوڵاند و لایەنەکانی خستە گفتوگۆ و یەکریزیی دروستکرد".

## "یەکێتی گەرەنتی دەوێ"

لەدوای هاتنە ناوەوەی هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە بۆ ناو شار و شارۆچکەکان، چەند جارێک گفتوگۆ لەنێوان یەکێتی و گۆڕان کراوە. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) گۆڕان ویستوویەتی کات دیاری بکات بۆ یەکێتی تاوەکو هێزەکانی بکشێنێتەوە، بەڵام یەکێتی داواکارییەکی هەیە "دەبێ گۆڕان بەڵێنی ئەوە بدات کە جارێکی دیکە خەڵک هان نادات بۆ ئەوەی پەلاماری بارەگا و فەرمانگەکان بدەن و رەوشی نێو شارەکان تێکنەچێ"، بەرپرسێکی سەربازیی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەروەها دەڵێ: "گۆڕان رۆژانە دەڵێ پلان بۆ خۆپیشاندانی گەورەتر دادەنێین و دڵنیاییش نادەن لەوەی خۆپیشاندانەکان وەک ئەوانی رابردوو نابن و بەردەوام داوای کشانەوەی هێزەکان دەکەن، بەڵام بەبێ وەرگرتنی دڵنیایی ئەوە ناکەین".

لە بەرامبەردا ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە رانیە دەڵێ: "ئەگەر گۆڕان سەرپەرشتی ئەو خۆپیشاندانانەی رۆژانی رابردووی بکردایە، بەوشێوەیە نەدەبوون و باشتر رێکدەخران".

شێروان ئیبراهیم هەروەها دەڵێ: "ئێمە سەرپەرشتی ئەو خۆپیشاندانانەی ئێستا ناکەین، تاوەکو گەرەنتی بدەین بە یەکێتی، خەڵک توورەن و پارەیان پێ نییە و کۆنترۆڵ ناکرێن".

بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی بە گۆڕانیان گوتووە کە ترسی ئەوەیان هەیە بەشێک لە هێزە شیعەکانی عێراق، گرەویان لەسەر خۆپیشاندانەکان کردبێ بۆ ئەوەی پشێوییەکان لەو ناوچەیە زۆرتر پەرەبسێنن و دواتر سوپا و حەشدی شەعبی بەپاساوی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بێنە ناوەوە.

وەستا رەسوڵ، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "زانیاریمان هەیە کەسانێک خزێنراونەتە نێو خۆپیشاندانەکانەوە بۆ ئەوەی هەر چۆن هەیە بەغدا رابکێشنە سلێمانی، دواتریش لەو رێگایەوە کۆتایی بە حکومەتی هەرێم و کیانە سیاسییەکەی کورد بهێنرێ".

> **گوتەبێژی پارتی لە سلێمانی**
> کشانەوەی زێرەڤانی لە سلێمانی پەیوەندی بە ئیدارەی پارێزگاوە هەیە نەک پارتی

> **وەستا رەسوڵ، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی**
> کەسانێک خزێنراونەتە نێو خۆپیشاندانەکانەوە بۆ ئەوەی بەغدا رابکێشنە سلێمانی

## زێرەڤانی ناکشێتەوە

ژمارەیەک لە هێزەکانی زێرەڤانی لە هەولێرەوە هێنراونەتە سلێمانی، ئەوەش هێندەی دیکە هەڵسوڕێنەرانی خۆپیشاندانەکانی توورە و پەست کردووە و داوای کشاندنەوەیان دەکەن. عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی دەڵێ ئەوانە هێزی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانن نەک پارتی "گەڕانەوەشیان پەیوەندی بە بڕیاری ئیدارەی پارێزگای سلێمانییەوە هەیە نەک ئێمە، هەرکات ئیدارەی پارێزگاکە بڕیار بدات، دەکشێنەوە".

## "دوو شەهید و 132 بریندار"

جگە لە سەنتەری شاری سلێمانی، خۆپیشاندانی نارەزایەتی، هەڵەبجە، کفری، پێنجوێن، کۆیە، رانیە، پیرەمەگروون، تەقتەق، حاجیاوا و قەڵادزێ و چەند ناوچەیەکی دیکەی گرتەوە. لە زۆربەی ناوچەکانیش پشێوی و ئاڵۆزی کەوتەوە و لە چەند ناوچەیەک هێرش کرایە سەر باڵەخانە حیزبی و حکومییەکان و سووتێندران، تەنانەت گرژی و ئاڵۆزییەکان بۆ خوێنرشتن پەرەیانسەند.

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زۆرترین قوربانی لە رانیە تۆمار کراوە کە 2 شەهید و نزیکەی 80 بریندار بوون. بەڵام بەگشتی لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا 132 کەس بریندار بوون.

هیوا قەرەنی، قایمقامی ناوەندی قەزای رانیە رایگەیاند، بەردەوامن لە هێورکردنەوەی دۆخی قەزای رانیە و لەگەڵ چەندین کەسایەتی و مامۆستای ئاینی کۆبوونەتەوە. گوتیشی: "لە نزیکەوە گوێمان لە داواکاریی خۆپیشاندەران گرتووە و هەوڵ دەدەین دۆخەکە ئاسایی بکەینەوە".

بەڵام شێروان ئیبراهیم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان، پێیوایە بۆیە خەڵکی رانیە هێندە توورە و بێزارن "چونکە زۆرترین بێکاری لە نێو گەنجانی ئەم شارۆچکەیە هەیە و زۆرترین قوربانی شەڕی داعشیش هەر لەم ناوچەیە بووە، کەرتی تایبەت لێرە نییە و هەلی کار زۆر کەمە".

## 400 کەس دەستگیرکران

بەپێی قسەی سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، 400 کەس لە خۆپیشاندانەکاندا دەستگیرکراون. هەر یەک لە شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، رابوون مەعرووف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەنێو گیراوەکاندان و تاوەکو ئێستا هیچ لەبارەی چارەنووسیان نازانرێ.

سروە عەبدولواحید کە خوشکی شاسوارە بە (ڕووداو)ی گوت لەو ماوەیە بەردەوام هەوڵیانداوە سۆراخی براکەیان بکەن "بەڵام بەردەوام رەتیدەکەنەوە ببینین و پێیانگوتووین تاوەکو دوای پشووەکان ناتوانن ببینن، تاوەکو ئێستا نە پارێزەرەکەیی و نەهیچ کەس نەیبینیو.تەنانەت نازانین لە کوێ دەستبەسەرە، تەندروستی چۆنە، هەرچەندە ئاسایش دەڵێ تەندروستی باشە".

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە کە گوایە هێزە ئەمنییەکان لە ئۆفیسەکەیدا دەستیان گرتبێ بەسەر هەندێ بەڵگەنامە یان نووسراو کە دەستگیرکردنی ئەوی قورستر کردبێ، بەڵام سروە عەبدولواحید ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە و دەڵێ "هێزەکانی ئاسایش هەر نەچوونەتە ئۆفیسەکەی، شاسوار تەنیا لەبەر ئەوە گیراوە تەلەڤزیۆنی هەبووە و رەخنەی گرتووە و خۆشی حیزبێکی دامەزراندووە و سیاسەت دەکات، تێناگەین بۆچی کوڕەکانی تاڵەبانی و بارزانی بتوانن سیاسەت بکەن، بەڵام بۆ شاسوار قەدەخە بێت".

(ڕووداو) پەیوەندی بە چەند بەرپرسێکی ئەمنییەوە کرد بۆ وەرگرتنی زانیاریی زۆرتر لە بارەی ئەوانەی ئازادکراون، بەرپرسێکی ئەمنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ: "تەنیا ژمارەیەکی کەمی خۆپیشاندەران لە زیندان ماون و زۆریان ئازاد کراون".

## "حیزب و حکومەت پێکەوە سووتان"

ئیدارەی پارێزگای سلێمانی دەیەوێ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی ناوچە زیانپێگەیشتووەکان لیژنەیەک پێکبهێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی زیانی فەرمانگە حکومییەکان لەو ناوچانە. بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) لە ناوچەکانی رانیە و قەڵادزە و کۆیە و پیرەمەگروون و تەکیە، 11 فەرمانگەی حکومی سووتێنراون لەگەڵ 16 بارەگای حیزبی، ژمارەیەک لە بارەگاکانی حیزب و فەرمانگەکانی حکومەتیش تەنیا هێرشیان کراوەتە سەر و نەسووتێنراون.

پارتی و یەکێتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ، ئەو حیزبانەن کە بارەگایان سووتێنراوە، بەڵام لە سنوری ئیدارەی راپەڕین بارەگایەکی حیزبی سۆشیالیستیش سووتێنراوە.

بەپێچەوانەی رانیەوە کە زۆرترین قوربانی لەناو خۆپیشاندەران بوو، لە تەقتەق و پیرەمەگروون زۆرترین بینا و فەرمانگەی حکومەت و حیزبەکان سووتێنراون. لە تەقتەق جگە لە بارەگای هەر پێنج حیزبەکە، دادگا و تاپۆ و شارەوانی و کارەبا و بنکەی پۆلیس و پۆستە و گەیاندن و تەنانەت مۆزەخانەش سووتێنران.

> گۆڕان سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان ناکات تاوەکو گەرەنتی بداتە یەکێتی
> **ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان**

> ئەجێندای حیزبی خۆی خزاندە نێو خۆپیشاندانەکان
> **رێکخەرێکی خۆپیشاندانەکانی سلێمانی**

# دۆخی چەمچەماڵ لە دیوەخانەکەی کەریم ئاغادا هێور دەکرێتەوە



لە دیوەخانی کەریم ئاغادا رێککەوتن هێزە ئەمنییەکان تەقە لە خۆپیشاندەران نەکەن و ئەوانیش بارەگا و فەرمانگەکان نەسووتێنن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- چەمچەماڵ**

ماڵی کەریم ئاغای هەمەوەند، لەو رۆژانەدا تەواو قەرەباڵغە. کوڕەکەی بە سوودوەرگرتن لەو نێوبانگ و نفوزە کۆمەڵایەتییەی باوکی لە ناوچەکەدا هەیەتی، دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن و مامۆستایانی زانکۆ و چالاکڤانانی دەڤەرەکەی کۆکردووەتەوە و دەیەوێ چەمچەماڵ لە مەترسیی توندوتیژی دووربخاتەوە "ئێرە کە ماڵی هەمەوەندییەکانە، توانیمان هەموو لایەنەکان لێرە کۆبکەینەوە. لەپێناو ئەوەی لە شارۆچکەکەمان خوێن نەڕژێت".

مەریوان کەریم ئاغای هەمەوەند، ترسی ئەوەی هەیە خۆپیشاندان لە رۆژانی داهاتوودا توندوتیژی لەگەڵ خۆی بهێنێ و پریشکی ئەو ئاگرە ناوچەکەیان بسووتێنێ "ئامانجمان لەو هەوڵە ئەوەیە لەکاتی روودانی خۆپیشاندا نەهێڵین توندوتیژی روویدات، ماڵی گشتی و ماڵی خەڵک و فەرمانگەکان پارێزراو بن، هەرکاتێکیش بمەوێت بانگهێشتی ئەم دیوەخانەیان دەکەم لە پێناوی پاراستنی گشتیدا".

رۆژی 18ی ئەم مانگە خۆپیشاندان زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی گرتەوە، لە چەمچەماڵ خۆپیشاندان زووتر دەستیپێکرد، رۆژی 17ی مانگ، خۆپیشاندەران رێگای سەرەکی کەرکووک - سلێمانییان داخست و ئاگریان کردەوە و داوای باشکردنی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاو و سووتەمەنییان کرد.

کوڕی سەرۆک عەشیرەتی هەمەوەندییەکان دەڵێ هەوڵەکانی تەنیا بەوە ناوەستێنێ، بەڵکو بەردەوام دەبێ لە نزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکانیش بۆ ئەوەی بەهۆی ناکۆکیی ئەوانەوە گرژی و ئاڵۆزی پەرەنەستێنن "لەهەوڵی ئەوەداین هەموو لایەنە سیاسییەکان لەم دیوەخانەدا کۆبکەینەوە و نزیکیان بکەینەوە لەیەک، هەرچەندە ئەوان دووربووبن لەیەک هەموو کات توانیومانە لێرە کۆیان بکەینەوە".

گوتیشی: "داوام لێکردوون لایەنە سیاسییەکان نائارامی دروست نەکەن، ئێمە ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەرقەرار دەکەین".

هەوڵەکانی مەریوانی کەریم ئاغای هەمەوەند هەر لەسەرەتاوە بەرهەمدار بوون. رۆژی 23ی ئەم مانگە لەماڵەکەی ئەو کە ژمارەیەک بەرپرسی حکومی و حیزبیش ئامادەبوون، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هەموو چەکە قورسەکان ببرێنە دەرەوەی چەمچەماڵ و چاودێریی کادری حیزبەکانیش بکرێ بۆ ئەوەی نەچنە نێو خۆپیشاندان، هەروەها لەوەودوا خۆپیشاندان تەنیا لە یەک جێگای دیاریکراو بەڕێوەبچێت و مۆڵەتیشی بۆ وەربگیرێ.

ئەو دەڵێ، ئێمە لەهەموو کاتێکدا پاڵپشتی حکومەت بووین، هیچ گرفتێکمان بۆ حکومەت دروست نەکردووە، هەوڵیش دەدەین خەڵک هێور بکەینەوە "بەڵام ناتوانین سەد لەسەد گرەنتی خەڵک بدەین کە خۆپیشاندان ناکەن، لەبەر ئەوەی خەڵک برسییە و داوای مافە سەرەتاییەکانیان دەکەن، بەڵام هەوڵ دەدەین خۆپیشاندانی دوور لە توندوتیژی بکرێ و ئەو خۆپیشاندانانە شیرازەی کۆمەڵگە تێکنەدەن".

مەریوان ئاغا بەردەوام دوو رستەی لەسەر زار بوو "با خوێن نەڕژێت" و "سەر و ماڵی خەڵکی پارێزراوبێت". هەروەها داوای دەکرد کەسیش دەست بۆ موڵکی حکومەت نەبات "لای خۆشمەوە هەوڵ دەدەم گەنجانی عەشیرەتەکەم ئەگەر خۆپیشاندانیش بکەن، دووربن لە توندوتیژی، چونکە ئەم ئەزموونە لەدەست بچێت لەدەستی هەموومان دەچێت و هەمووشمان زەرەرمەند دەبین".

هەروەها دەڵێ: "لەپاڵ ئەوەدا کە یەخەی حیزبەکانیشمان گرتووە، لەکاتی خۆپیشاندان بۆ سەر بارەگاکانیان نابێت لوولەی تفەنگەکانیان بکەنە خۆپیشاندەر، لایەنەکان لەوبارەیەوە بەڵێنیان پێداوین، لەبەرامبەریشدا هەوڵی جدی دەدەین بۆئەوەی خۆپیشاندەرانیش دووربن لە توندوتیژی و بەکارهێنانی چەک".

کەریم بەگ کوڕی فەتاح بەگ، کوڕی کوێخا رەسوڵ چەڵەوی کوڕی جوامێری یەکەمی شۆڕەسواری بەگزادەیە، لە نێوان ساڵانی (1870 – 1875) لە بنەماڵەیکی ئاینی و ئەدەبدۆست و خانەدانی هەمەوەند لە تەوقەسەری قەڵای چەمچەماڵدا لەدایکبووە. لەسەر دەستی مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی شەڕ و شۆڕ و ئاوارەیی هۆزەکەیەوە نەیتوانیوە پلەکانی خوێندنی ئەو سەردەمە تەواو بکات.

لەکۆبوونەوەی گوندی ژاڵەی رەبات لە هاوینی 1920دا کەریم ئاغا بڕیار دەدات بۆ هێنانەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان لە دژی ئینگلیزەکان بجەنگێت و هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان یەکدەخاتەوە و رابەرایەتییان دەکات، بەڵام ساڵانێکی زۆرە لە ژیاندا نەماوە و مەریوانی کوڕی دیوەخانەکەی بەڕێوەدەبات.

ئامادەبووان ستایشی رۆڵی ئەو پیاوە دەکەن و پێیانوایە لەو دۆخە هەستیارەدا توانیویەتی کارێک بکات کە ئەنجامدانی قورسە.

رەمەک رەمەزان، قایمقامی قەزای چەمچەماڵ دەڵێ: "تێکڕای تیرە و عەشیرەتەکانی ئەم ناوچەیە دەچنە دیوەخانی کەریم ئاغای هەمەوەند، تێکڕای لایەن و کەسایەتییەکان بەهەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکانەوە، لێرە هەوڵماندا نەهێڵین خوێن بڕژێ، داوا دەکەم داواکارییەکانی ئەم دیوەخانە لەبەرچاو بگیرێت".

وەستا رەسوڵ، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش کە یەکێک بوو لە ئامادەبووانی دیوەخانەکە، دەستخۆشی لە مەریوانی کەریم ئاغا دەکات بۆ ئەو دەستپێشخەرییە و پێیوایە دیوەخانەکەی کەریم ئاغای بەزیندوویی هێشتووەتەوە "توانی لەم کاتە ناسکەدا ئەم کەسایەتیانە کۆبکاتەوە، پێمانوایە ئەمان دەتوانن پشتیوانی هێزە ئەمنییەکان و دامودەزگاکانی حکومەت بن، هەروەها داکۆکیکەری باشی مافی خەڵکیش بن".

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا لیژنەیەک پێکبهێنرێ بۆ سەردانی لایەنەکان تاوەکو هاوکارییان بکەن کە نەهێڵن ئەندامان وکادرانیان بەشداری خۆپیشاندانەکان بکەن، لەڕێگەی خۆشیانەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بدەن، بۆ ئەوەی خۆپیشاندانی هێمانە و دوور لە توندوتیژی بکەن".

## د.فوئاد مەعسووم، سەرۆک کۆماری عێراق بۆ (ڕووداو):

# لەگەڵ عەبادی بە مەسج قسە دەکەین



**د.فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق دەڵێت لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بۆ ئەم مەبەستەش نامەی بۆ سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەرۆکوەزیرانی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووە، بەڵام هیچ کامیان تاوەکو ئێستا وەڵامی نامەکەیان نەداوەتەوە. سەبارەت بە ئەگەری رەتکردنەوەی گفتوگۆ لەلایەن حەیدەر عەبادییەوە، دەڵێت رەنگە ئەمە کاریگەری لەسەر زیادکردنی چەند کورسییەک هەبێ لە هەڵبژاردن، بەڵام رەتکردنەوەی گفتوگۆ باجی سیاسی زۆری دەبێ و عەبادی ناتوانێ خۆی لە گفتوگۆ و دانوستاندن بدزێتەوە، چونکە کاریگەری لەسەر یارمەتیی وڵاتان بۆ عێراق دەبێ.**

**هەڤپەیڤین: رەنج سەنگاوی**
**ڕووداو- بەغدا**

### هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە

**ڕووداو: ئەنجامی کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق چی بوو؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** باسی سەرەکی کۆبوونەوەکە هەڵبژاردن بوو کە ئایا هەڵبژاردن بکرێ؟ بە چ یاسایەک بکرێ، چونکە چەند پرۆژەیەک هەیە، بەڵام باسی گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستانیش کرا.

**ڕووداو: راستە بەشێکی زۆری سەرکردەی کوتلە سیاسییەکان نیگەرانن لە پەیوەندی سیاسی هەرێمی کوردستان و بەغدا؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هەموو لایەنەکان دژی ریفراندۆم بوون، بەڵام دوای بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراق، ئێستا هەموویان داوای گفتوگۆ لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەن، تا ئێستا هیچ سەرۆک فراکسیۆنێکم نەدیوە دژی گفتوگۆ بێ، بەڵام رەنگە هەبن دژی گفتوگۆ بن.

**ڕووداو: مادام ئەم هەموو بەدەنگەوەهاتن و دەستپێشخەرییە هەبێ بۆ گفتوگۆ، ئەگەر حکومەتی عێراق هەروا بە "لاسارانە" رەفتار بکات، هەڵوێستی ئێوە چۆن دەبێ لە ئایندەدا؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** دوو هەفتە لەمەوبەر سەردانی هەموو هێزە سیاسییەکانم کرد، هەموویان لەگەڵ ئەوە بوون کە پێویستە دەست بە گفتوگۆ بکرێ. بێگومان سەرۆکی حکومەت باسی گفتوگۆ دەکات، بەڵام نەمزانیوە هەنگاوی بۆ هاوێشتبێ. ئەو دەڵێت ئێمە لەسەر ئاستی سەربازی پەیوەندیمان هەیە و گفتوگۆمان هەیە، بەڵام لەسەر ئاستەکانی دیکە گرنگە، وەکو مووچە و گوزەرانی خەڵک و راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان. زۆر لایەن هەبوون دەیانگوت نابێ هیچ دەوڵەتێک دەست وەربداتە کاروباری عێراق، بۆیە ناچار بووم دەستپێشخەرییەک بکەم،

### هەموو لایەنەکان لە ئاکامی گشتپرسییەکە بەرپرسیارن

نامەیەکم نووسی بۆ بەڕێز حەیدەر عەبادی و گوتم ئێمە لە سەرۆکایەتیی کۆمار داوای گفتوگۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا دەکەین، بە ئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی لەلایەنی تەکنیکی هاوکاریمان بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا وەڵامی هیچ لایەنێکمان بۆ نەهاتووەتەوە.

**ڕووداو: ئەگەر وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرێنی بوو بۆ داخوازییەکەی بەڕێزتان، پێتوایە وەڵامی بەڕێز عەبادی چۆن دەبێ؟ دەتوانێ ئەمە رەتبکاتەوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** زەحمەتە رەتیبکاتەوە، رەنگە بیر لە شتێکی دیکە بکاتەوە کە سەر بکێشێ بۆ گفتوگۆکە، بەڵام ناتوانێ دژی کۆبوونەوە و رێککەوتن هەڵوێست وەربگرێ؟

**ڕووداو: چی وا دەکات نەتوانێ هەڵوێست وەربگرێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بۆ نموونە ئەوانەی یارمەتی عێراق دەدەن، نایانەوێ لایەنێک یارمەتییەکانیان لە دژی لایەنێکی دیکە بەکاربهێنێ، وەک سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، دەبێ حیساب بۆ بۆچوونیان بکرێ، چونکە ئەگەر هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن عێراق زەرەرێکی زۆر دەکات.

**ڕووداو: واتە پاڵپشتی عێراق مەرجدار دەبێ بەوەی پاڵپشتی هەرێمی کوردستان بکات؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** پێویست دەکات، چونکە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، لە قازانجی هەردوولایە بە یەکەوە بن.

**ڕووداو: هەندێک کەس وای لێکدەدەنەوە کە حەیدەر عەبادی ئەو هەڵوێستەی لەدژی هەرێمی کوردستان وەکو بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردێنێ، پێتوایە سزادانی گەلی کورد، مایەی بردنەوە بێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، هەندێک لە هێزە سیاسییەکان وا دەزانن توندوتیژی دەبێتە مایەی ئەوەی دەنگی زۆر بێنن. رەنگە لە هەندێک شوێن سێ تا چوار کورسی زیاد بکەن، بەڵام باجە سیاسییەکەی زۆر دەبێ و وەزنی ئەو لایەنانە کەم دەکاتەوە، بۆیە ئەو ناتوانێ بڵێ دژی گفتوگۆم.

**ڕووداو: ئێستا گەشتە ئاسمانییەکانی کوردستان راگیراون، بەڵام بەرپرسەکان وەکو جاران سەفەری خۆیان دەکەن، ئەوەی زەرەری کردووە خەڵکە ئاساییەکەیە، نەخۆشە، بازرگانەکانن، ئایا عەبادی بیر لەوانە ناکاتەوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بێگومان دەبێ بیر بکاتەوە، خۆ ئەوانە زۆرجار باس کراون. ئەمە کێشەی زۆری بۆ گەشتیاران دروستکردووە. ئەو دەتوانێ کەسێک وەکو موفەتیش لەوێ دابنێ. نابێ ئەو بیرکردنەوەیە بمێنێ کە خەڵکێک تۆمەتبارن و بە ئارەزووی خۆیان لە کوردستانەوە سەفەر دەکەن، یان داڵدە دەدرێن.

**ڕووداو: بەڵام هەرێمی کوردستان گوتی ئێمە ئامادەین با موفەتیش بنێرن. ئەو داوای هەر شتێکی کردبێ، کوردستان وەڵامی هەبووە. ئەڵمانیا بە ئاشکرا رایگەیاند کە پشتیوانییان بۆ عێراق پەیوەستە بە دانوستاندن لەگەڵ کوردستان، ئێوەش لە سەرۆکایەتیی کۆمار پرۆژەتان هەیە. ئەگەر عەبادی بەدەم بانگەوازە نێوخۆیی و دەرەکییەکانەوە نەیەت، پێتوایە هەڵوێستەکان بەرامبەری چۆن دەبن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئێمە بەدوای دەستپێشخەرییەکەماندا دەچین، ئێمە ناڵێین بەڕێزان حەیدەر عەبادی و نێچیرڤان بارزانی پێکەوە دابنیشن، چونکە یەکەمجار هەردووکیان ناگەنە ئەنجام. سەرەتا پێویستە شاندێکی پیشەییان بێتە ئێرە. ئەوەی پەیوەندی بە فرۆکەخانەوە هەیە لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە دادەنیشن. ئەوەی پەیوەندی بە دەروازە سنوورییەکانەوە هەیە لەگەڵ گومرگ دادەنیشن. دەمانەوێ دەستپێکردنەکە بە شتی عەمەلی بێ، نەک قسەی سیاسی و جوان بەرامبەر یەکدی. ئیدی کە وەفدی کوردستان گەڕایەوە وەکو خۆی لێبێتەوە.

**ڕووداو: زیاتر لە جارێک وەکو پیاوی دەوڵەت وەکو سەرۆک کۆمار دەستپێشخەریی خۆت کردووە لە چوارچێوەی دەستووردا. ئەگەر ئەمجارەش ئەو دەستپێشخەرییەت رەتبکرێتەوە، هەڵوێستت چی دەبێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** عەرەب دەڵێ (لکل حادپ حدیپ) ئێستا پەیوەندیمان لەگەڵ بەڕێز عەبادی زۆر باشە، مەسجم بۆ دەنێرێ، مەسجی بۆ دەنێرم، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەوەی لێکدابڕێین.

**ڕووداو: هەر مەسجی تەلەفۆنە، یان پەیوەندی تەلەفۆنیشتان هەیە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** نا هەر بە مەسجی تەلەفۆنییە، هەندێکجاریش مەوعید دادەنرێ بۆ تەلەفۆنەکان.

**ڕووداو: عەبادی بۆچی بەشداری کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی نەکرد؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** عوزری هێنایەوە و گوتی کاری دیکەم هەیە. بەڵام گوتی ئەوە رای منە لەسەر

### عەبادی ناتوانێ قەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە

هەڵبژاردن. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش بۆچوونەکەی ئەوە بوو کە گوتبووی پەیوەندی سەربازیمان هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵام پەیوەندییەکانی دیکەمان راوەستاوە.

**ڕووداو: باشە بۆچی بەڕێز حەیدەر عەبادی ئەوەندە حەزی لە دانوستاندنی سەربازییە، بەڵام لەگەڵ دانوستاندنی سیاسی نییە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بێگومان سەرکەوتنێکی گەورەی لە شەڕی داعشدا بەدەستهێناوە، رەنگە ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان بێ.

**ڕووداو: لێی نیگەران نەبووی کە ناوی پێشمەرگەی نەهێنا لە بەیاننامەکەی یەکەمیدا؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** من دەستبەجێ بەیاننامەم دەرکرد. کاتێکیش چووە ئەوروپا لەوێ رەخنەی زۆری لێ گیرا.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەی کەی بەڕێزان نێچیرڤان**

### رەتکردنەوەی دانوستاندن کاریگەری لەسەر یارمەتی وڵاتان بۆ عێراق دەبێ

### باجی سیاسیی رەتکردنەوەی دانوستاندن قورس دەبێ

**بارزانی و حەیدەر عەبادی دابنیشن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەوە دەبێ دوای ئەوەی وەفدە پیشەییەکان دێنە ئێرە. چونکە من خۆم لەو بڕوایەدام کۆبوونەوەی لوتکە زۆرجار بێ ئەنجام دەبێ.

**ڕووداو: بەڵام پێتوانییە عێراق عێراقی لوتکەیە، ئەگەر عێراقی چەند لوتکەیەک نەبووایە لەوانەیە لەو خوارەوە ئیشەکان باشتر بڕۆیشتنایە. مەبەستم ئەوەیە بەبێ ئامادەبوونی سەرۆکەکان دانوستاندنەکان سەردەگرن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هەر یەکێکیان حیساب بۆ رای گشتی خۆی دەکات. من وەکو خۆم بیر لەوە دەکەمەوە کە دەبێ شتەکان لە خوارەوە دەستپێبکەی، بناغەی بۆ دابنێی، ئینجا بەرەو سەرەوەی ببەی. ئێستا بۆ نموونە باسی مووچە دەکرێ، مووچەی مامۆستایانە، مووچەی کارمەندانی تەندروستییە، ئەوانە ژمارەی زیادەیان کەمە، دەکرێ ئەوانە بدەن. ئەوانی دیکەش دەتوانن لە رێگەی بایۆمەتری تەئکید بکەنەوە کە ژمارەی کارمەندان چەندە. جا هەموو ئەوە پێویستی بەوەیە دانوستاندن بکرێ بۆ ئەوەی بگەنە لێکگەیشتنی تەواو.

**ڕووداو: عەبادی پێشتر هەموو سێشەممەیەک دەیگوت مووچەی مامۆستایان دەدەین، کاتێک زانی برسێتی تینی بۆ خەڵک هێناوە، بۆ ئەوەی نارەزاییەکان زیاتر پەنگ بخۆنەوە، یەکسەر گوتی ناتوانین مووچەی مامۆستایان بدەین. ئایا ئەمە نیەتی خێر پیشان دەدات؟ لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** زۆر لێکدانەوە هەیە، من داخڵی لێکدانەوە نابم. من بە پێویستی دەزانم سەریان بخەینە سەر بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیە زوو دەستپێبکات، چونکە ئەگەر پشێوی لە کوردستان بەرپا ببێ، لەو باوەڕەدانیم هیچ لایەنێک لە بەغداش قازانجی لێ بکات، رەنگە ئەو پشێوییە بگاتە بەغداش. ئەو مەسەلەیە بە خۆدزینەوە ناکرێ، دەبێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابنیشێ.

**ڕووداو: ئەم دانوستاندنانە پێش هەڵبژاردن یان دوای هەڵبژاردن دەکرێن، چونکە هەندێک کەس وای تەفسیر دەکەن کە عەبادی دەیەوێ ئەمە وەکو کارتی هەڵبژاردن بەکاربێنێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** کورد دوای هەڵبژاردن لاواز نابێ، من وای دەبینم دوای هەڵبژاردن زیاتر دەگەنە یەک. لانیکەم 65 کورسییان دەبێ. ئەوە حیسابی بۆ دەکرێ. من پێموایە دوای هەڵبژاردن هێزە کوردییەکان هەڵوێستیان بەرامبەر یەکدی باشتر دەبێ. ئینجا یەکێکیان تەنازول دەکات، نازانم چۆنە، بەڵام دەگەنە یەک.

**ڕووداو: مەبەستی من ئەوەیە کە هەوڵەکانت بۆ مووچە پێش هەڵبژاردن ئەنجامی هەبێ، یان دوابکەوێ بۆ دوای هەڵبژاردن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** دەبێ پێش هەڵبژاردن بێ. دەکرێ هەڵبژاردن ببێتە خاڵێکی گرنگ بۆ ئەوەی زووتر بگەنە یەک.

**ڕووداو: عەبادی بیانووی ئەوەیە کە لیستی مووچەخۆرانی کوردستان زیادە و بندیواری زۆری تێدایە، بەڵام ئەی پاکەکان بۆ نادات؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەوە پاساو نییە بە ناوی ئەوەی حیلەوحەواڵە هەیە، مووچەی گشتیان نەدەی.

**ڕووداو: ئەگەر عەبادی هەروا لەسەر ئەو عینادییە بەردەوام بوو، بەدەم بانگەوازی ئێوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نەیەت، هەڵوێستتان چی دەبێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئەوکات کۆبوونەوەیەک لەگەڵ لایەنەکان دەکەین. بۆ زانیاریتان هەموو ئەوانەی لە کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکە لەگەڵیان دانیشتین، هیچیان هەڵوێستی توندیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان نەبوو.

**ڕووداو: ئەیاد عەللاوی لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت ئاگادار بن مەترسییەکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە. ئێوە دەڵێن چی؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** دیارە مەبەستێکی لەوەدا هەیە، بەڵام من نازانم مەبەستەکەی چییە.

**ڕووداو: مەترسیی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە؟ هیچ گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی لەسەر کوردستان هەیە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** نەخێر باوەڕ ناکەم. چونکە سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی ریفراندۆم بوو، بەڵام دژی کورد نییە. دژ بە هەرێمی کوردستان نییە، بە پێچەوانەوە ئێستا دەنگی خۆیان هەڵدەبڕن، بەڵام دەبێ دیسان ئاگامان لێبێ تووشی هەڵەیەکی دیکە نەبین، ئەو سۆزەی لەگەڵ کورد هەیانە، هەنگاو نەهاوێین بۆ دەوڵەت.

**ڕووداو: ئەمە بۆ عەبادیش راستە کە دونیا پێیدەڵێ دانوستاندن بکە، ئەو هەر لەسەر غرورەکەی خۆی بەردەوامە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** عەبادی لەوەدا قازانج ناکات، بێگومان زەرەر دەکات.

**ڕووداو: پێتوایە کەوتووەتە هەمان هەڵوێستی**

### هیچ لایەنێکی عێراقی دژی گفتوگۆ نییە لەگەڵ کوردستان

### بەهەموو هێزی خۆمەوە بەرگری لە هەرێمی کوردستان دەکەم

**پێشووتری کوردەوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە، ئاهەنگی سەرکەوتنی گێڕا، با دەرفەتێکی دیکەی بدەینێ، ئێمە لەگەڵی بەردەوام دەبین. چونکە چارەسەری گرفتەکان بە گوشار دەبێ نەک توندوتیژی. من کە قسەیان لەگەڵ دەکەم دەڵێم مەترسییەکان چین کە ئەوە نەکرا، ئەو مەترسییە تەنیا لەسەر هەرێمی کوردستان نابێ، لەسەر عێراقیش دەبێ.

**ڕووداو: دەتوانم بزانم ئەو مەترسیانە چین کە رەنگە لەسەر عێراق دروست ببێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** تیرۆرستەکان دەتوانن پەیدا ببنەوە کاتێک دەبینن هەماهەنگی و دانوستاندن لە نێوان لایەنەکان نییە.

**ڕووداو: بەڕێزت تەنیا بەرگری لە مافی دەستووریی کورد دەکەی، یان هەموو ئەوانەی لە عێراقدا هەست**

### عەبادی ناتوانێ هەڵوێست دژی دانوستاندن وەربگرێ

**بە نیگەرانی دەکەن؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** راستە من لەلایەن کوردەوە بۆ ئەو پۆستە دانراوم، بەڵام دەبێ پەیوەندیم لەگەڵ هەمووان وەکو یەک بێ، بەرگری لە کورد، شیعە، سوننە، مەسیحی، بەرگری لە هەموویان دەکەم. لە هەر جێگایەک کەموکوڕی هەبووبێ، من تەدەخولم تێدا کردووە. لە هەر جێگایەک پێشێلی دەستوور هەبێ ئاگاداریان دەکەینەوە و دەڵێین ئەوەتان راست نییە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا چەند پێشێلی دەستووری بەرامبەر هەرێمی کوردستان کراوە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هەردوولا پێشێلی دەستووریان کردووە.

**ڕووداو: کامیان زیاتر؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** هەر لایەکیان کاتێک بەهێز بووە. جاران بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەجۆرێکی دیکە بوو. ئێستا بەواجبی خۆمی دەزانم و بەهەموو هێزمەوە بەرگری لێ دەکەم. پێش ریفراندۆم بە سێ رۆژ چووم بۆ سلێمانی کاک مەسعودیش لەوێ بوو، پێمگوت تکام وایە لە هەرێم دەرنەچن. نەک عێراق، بەڵکو وڵاتانی دەوروبەریش تەدەخول دەکەن. ئەو رۆژە گوتی هێشتا بڕیارمان نەداوە. لە کۆبوونەوەی دووکانیش داوام لێکردن کە بڵێن ئێمە پابەندین بە دەستوور، ئێمە دەکرێ لەژێر چەتری دەستوور چارەسەری کێشەکانمان بکەین. ئەوە پێویست بوو، رۆژی دواتر کۆبوونەوەیەکم هەبوو لەگەڵ سەرانی هەموو هێزە سیاسییەکان. بەڵام

### نامەم بۆ عەبادی و نێچیرڤان بارزانی ناردووە بۆ کۆبوونەوە، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە

لایەنی عێراق گوتیان ئێمە نایەینە کۆبوونەوەکە، چونکە ئەوە بەیاننامەی کۆبوونەوەکەی دووکان دەرچووە، پێنج خاڵی تێدایە، هیچی ئەوە ناگەیەنێ کە کورد پابەندە بە دەستوور.

**ڕووداو: کاتێک پرۆژەیەک سەرکەوتوو دەبێ، هەمووی خۆی دەکات بە خاوەنی، کاتێکیش شکست دێنێ، هەمووان خۆی لێ بێبەری دەکەن. تۆ شکستی گشتپرسی تاپۆ دەکەی لەسەر خودی مەسعود بارزانی؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بێگومان لەسەر ئەو نییە. ئەو خاوەنی بیرۆکەکە بوو. بەڵام هەموو لایەنەکان لێی بەرپرسن.

**ڕووداو: هەست دەکەی غەدر لە کاک مەسعود دەکرێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** لایەنەکان وایاندەزانی کاک مەسعود هەنگاوێک ناهاوێ ئەگەر نەزانێ هەنگاوی دووەمی بۆ کوێیە. زۆربەیان لەگەڵ کاک مەسعود بوون، بە تایبەتی یەکێتی. هەموو لایەنەکان لە ئەنجامی گشتپرسییەکە بەرپرسیارن.

**ڕووداو: ئێستا گومرگێکی زۆری ناوخۆیی لەسەر بەرهەمە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق و ئەو بەرهەمانەش دانراوە کە لە هەرێمی کوردستانەوە دێن، ئەوەش کارێکی نادەستووری و نایاساییە، ئێوە وەک سەرۆککۆمار چیتان کردووە بۆ نەهێشتنی ئەو لادانە یاسایی و دەستوورییە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** لە وڵات دەبێ یەک گومرگ هەبێ، نابێ دووجار کاڵا گومرگ بکرێ، جا ئەوە یەکێکە لەو شتانەی کە پێویستە وەزارەتی دارایی دابنیشێ و رێکیبخات. ئەوەی لە کوردستان گومرگی دا هەتا دەگاتە بەسرا، نابێت گومرگ بداتەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئەوە ئێستا هەیە؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بەڵێ هەیە، بەڵام ئەوە پێچەوانەی یاسایە.

**ڕووداو: بەڕێز عەبادی رایگەیاند کە دەبێ رێگە بە خۆپیشاندان بدرێ لە هەرێمی کوردستان. ئەوان ئامادەن بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان دۆخی ئەمنی بپارێزن. پاراستنی هاووڵاتیان ئەرکی ئەوانە. بەڵام هەندێک لایەنی عێراقیش وەڵامیان دایەوە ئەی مووچە و ژیانی هاووڵاتیانیش ئەرکی تۆ نییە؟ ئایا لەو حاڵەتەدا ناردنی هێزی فیدراڵی بۆ کوردستان بە نیەتی باش دەبینی؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** لەو بارودۆخەدا هێز لێرە بڕوات بۆ کوردستان کێشەی گەورەی لێ دروست دەبێ. هیچ شتێک لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بە فەرزکردن سەرناکەوێ.

**ڕووداو: دەنگۆیەک هەیە کە عەبادی بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕێ بۆئەوەی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوە، شتی وا دەکرێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** نەخێر، شتی وا ناکرێ.

**ڕووداو: بڕیار بوو فەوجێکی کۆماری بچێتە دوزخورماتوو بۆ ئەوەی بارودۆخەکەی ئاسایی بکرێتەوە و زیاتر لە 50 هەزار کوردی ئاوارەبووی ئەو ناوچەیە بگەڕێنەوە، بۆچی ئەو هێزەتان نەچوو؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** بەڵێ وا بڕیاربوو فەوجێکی سەرۆکایەتی کۆمار بچێتە خورماتوو، بەڵام دیاربوو سکاڵایەکی زۆر لەلایەن هەندێک لایەن هەبوو کە ئەگەر ئەو فەوجە بچێتە ئەوێ مانای ئەوەیە پشتگیریی کورد دەکرێ. کە گوشارێکی زۆر کرا، بەڕێز حەیدەر عەبادی کشایەوە لە بابەتەکە، چونکە دەبووایە رەوانەکردنی فەوجەکە بە رەزامەندی هەردوولا بێ.

**ڕووداو: بەڵام بۆچی لە کۆتاییدا گوشاری ئەوان سەردەگرێ و گوشاری سەرۆک کۆمار سەرناگرێ؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** ئاخر ترسەکە لەوەبوو، رەنگە لەوێ تەشەقەڵەیان پێ بکرێ. ببێ بە کێشەیەکی گەورە و ببێتە کێشەیەکی کوردی، عەرەبی و تورکمانی.

**ڕووداو: ئێستا کێ پارێزەری ئەو هەموو کوردە ماڵسووتاوەی ئەوێیە، کوا لێژنەی بەدواداچوونی راستییەکان؟**

**د.فوئاد مەعسووم:** خەڵکی خورماتوو شایستەی هەموو جۆرە هاوکارییەکن. بۆ مەسەلەی دوزخورماتوو لەگەڵ بەڕێز هادی عامری دانیشتم، هەنگاوی باش هاوێژراوە، بەشێک لە سوپا دەچێتە ئەوێ و لەگەڵ پۆلیسی شارەکە، ئەمنیەتی ئەوێ دەپارێزن.



## دەستکاری مووچەی پێشمەرگە ناکرێت

**ڕووداو- هەولێر**

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی بڕیاری پاشکەوتی مووچەی هێزە ئەمنییەکان دەڵێت "مووچەی پێشمەرگە دەستکاری ناکرێت و لە نزیکترین کاتدا دەست بە دابەشکردنی مووچەکەیان دەکرێت. ئومێد خۆشناو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەند ڕۆژێکە دەنگۆی دەستکاریکردنی مووچەی پێشمەرگە هەیە. بەخۆشحاڵییەوە لە سەرچاوەیەکی بڕیاربەدەست و پەیوەندیداری حکومی دڵنیاکراینەوە کە بەهیچ شێوەیەک دەستکاری مووچەی پێشمەرگەی ئاسایی ناکرێ. تەنیا بڕێکی کەم دەستکاری مووچەی پلەدارەکان دەکرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە بەهۆی کەمیی داهات دەستکاری سیستەمی مووچەی هێزە ئەمنییەکان بکات و کەمی بکاتەوە، وەک چۆن پێشتر مووچەی فەرمانبەرانی کەم کردووە.

## هۆشیار عومەر، ڕێکخەری ژووری پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# مەیلی دروستکردنی بەرەیەک لە نێوان گۆڕان و کۆمەڵ و بەرهەم ساڵحدا هەیە



هۆشیار عومەر، ڕێکخەری ژووری پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت: "کاتێک تێگەیشتین پارتی و یەکێتی بە کەڵکی حوکمڕانی نایەن" بڕیاری کشانەوەیان لە حکومەت داوە. ئێستاش سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو. هەروەها دەڵێت مەیل هەیە بەرەیەکی هاوبەش لە نێوان گۆڕان و کۆمەڵ و قەوارەکەی بەرهەم ساڵح بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دروست بکرێ.

هەڤپەیڤین: ئەرکان عەلی
ڕووداو - سلێمانی

**ڕووداو: بۆچی لەحکومەت کشانەوە، لەکاتێکدا سێ مانگی دیکە هەڵبژاردن دەکرێ؟**

**هۆشیار عومەر:** گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی 2013 دروشمی بەرەو دەسەڵاتی بەرز کردەوە، بەڵام دوای ساڵێک لە تەمەنی ئەو کابینەیە، بە بڕیاری پارتی ڕێگە لە سەرۆکی پەرلەمان گیراو وەزیرەکانی ئێمە نێردرانەوە ماڵەوە، ئەم بڕیارەی حکومەت بە گوشاری پارتی بوو، ئەوکات کە نەکشاینەوە نەمانویست بچینە ژێر ئیرادەی حیزبێکەوە کە کەی ویستی پەرلەمان دابخات و کەی ویستی بیکاتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان خاوەنی هێز نییە، بەڵام کەرامەتی هەیە و هیچ هێزێکی سیاسی ناتوانێ کەرامەتی بشکێنێ. کاتێک تێگەیشتین یەکێتی و پارتی بەکەڵکی حکومڕانی نایەن و بوونەتە مایەی سەرئێشە بۆ خەڵک، لەلای وڵاتان و عێراقیش قورساییان نەماوە، بەبڕیاری زۆرینەی جڤاتی نیشتمانی کشاینەوە.

**ڕووداو: بەڵام وەک سەرۆکوەزیران گوتی چوار ساڵە ئەمانەتان نەدەزانی؟ بۆ لەم کۆتاییەدا کشانەوە، ئەوە مووزایەدە نەبوو؟**

**هۆشیار عومەر:** دەبووایە سەرۆکوەزیران پابەندی ڕێککەوتنەکە بێت کە هەشت مانگ کۆبوونەوەمان بۆ کرد و بەزارەکیش بەڵێنی بە ڕێکخەری کۆچکردوومان دابوو، نەدەبوو تەسلیمی حیزب ببێ. پاشان ئێمە زۆر خاترمان گرت،

> یەکێتی چەکی ئەڵمانی دژی خۆپیشاندەران بەکارهێناوە

بەمدواییەش پرۆژەیەکی سێ خاڵیمان پێدا کە ڕاوێژکارەکەی و یەکێتیش پێیان باش بوو، بەڵام کە زانیمان گوێ ناگرن کشاینەوە.

**ڕووداو: زۆر حەزتان لە هەڵبژاردنە، ناترسن خەڵک ئەمجارە سزاتان بدات؟**

**هۆشیار عومەر:** پشتئەستوور بەتوانای خۆمان و متمانەی خەڵک، دڵنیاین خەڵک دیسان لەگەڵمان دەبێ. خەڵک سزای ئەوانە دەدات کە کەمتەرخەم بوون، نەک گۆڕان.

**ڕووداو: لە سلێمانی بەهۆی خۆپیشاندانەوە دۆخێکی نائاسایی هەیە و هێز بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ یەکێتی قسەتان کردووە بۆ کشانەوەی هێزەکان؟**

**هۆشیار عومەر:** تەنیا ئێمە نا، بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەوە و بەتایبەتی ئەمریکا زۆر نیگەرانە لەو دۆخە. کەس پێیوانەبوو ئەو چەکانەی ئەڵمانیا بۆ شەڕی داعش ناردوونی، یەکێتی دژی خەڵک بەکاری بهێنێ.

**ڕووداو: کام چەکی ئەڵمانی بەکارهاتووە؟ ئەوەی من دەیبینم چەکی ئاسایی پێشمەرگەیە؟**

**هۆشیار عومەر:** نەخێر وانییە، بەکارهاتووە و بەڵگەشمان لایە و بە ئەڵمانەکان دراوە، ئەوانیش نیگەرانن.

**ڕووداو: بەنیازی مانگرتنی فەرمانگەکانی سلێمانی بوون، بەڵام کەسی یەکەمی سلێمانی دەهەڵاڵە، پێتان وانییە ئەمە پێچەوانەی کاری سیاسیتانە؟**

**هۆشیار عومەر:** ئەو بابەتە لای گۆڕان مەبدەئە و باوەڕمان پێیەتی، ئەو کارە بەکەس و دووان ناکرێ و لە ئایندەدا جڤاتی نیشتمانی یەکلایی دەکاتەوە.

**ڕووداو: ڕێککەوتنەکەتان لەگەڵ یەکێتی هەڵپەسارد، ئەمە بەهۆی گوشارەکانی قادری حاجی عەلی بوو؟**

**هۆشیار عومەر:** هەر لەسەرەتاوە دژایەتی ڕێککەوتنەکە کرا، چوون لەگەڵ پارتی ڕێککەوتنی کاراکردنەوەی پەرلەمانیان کرد و بەهۆیەوە گشتپرسییان کرد، بۆیە بەبڕیاری جڤات هەڵمانپەسارد، تا سەرکردایەتیی نوێی یەکێتی دروست دەبێ.

**ڕووداو: داواکارییەک هەبوو بۆ گۆڕینی عومەری سەید عەلی و دانانی قادری حاجی عەلی لە شوێنەکەی، ئەمە تەنیا قسە بوو، یان کاری بۆ کراوە؟**

**هۆشیار عومەر:** کاک عومەر کەسێکی سادە و هێمنە و حەزی لە موزایەدە و قسەی بێ کردار نییە، لەسەر ڕاسپاردەی کاک نەوشیروانیش

> لاوازبوونی کورد کاتییە و هەڵدەستینەوە

دانراوە کە من خۆم لە لەندەن لەگەڵی بووم گوتی: دوای خۆم عومەری سەید عەلیمان هەیە. هەموو هەڵسووڕاوانی گۆڕان کارامە و بەتوانان، بەڵام کاک عومەر بەدەنگدان تاوەکو ساڵی 2019 ڕێکخەری گشتییە.

**ڕووداو: کە کشاونەتەوە بابەتی حکومەتی ڕزگاری چی لێهات؟ ڕازین ئەم کابینەیە تاوەکو هەڵبژاردن بمێنێتەوە؟**

**هۆشیار عومەر:** ئەم حکومەتە ئێستا دوو کەس بڕیاری لێدەدا، بڕیار بۆ ئەوەی کێ باش بێ و کێ خراپ، کێ بگیرێ و کێ ئازاد بێ، بۆیە ئەم حکومەتە شکستی خواردووە و بەکەڵکی ئەوەش نایەت داوای ڕزگاری لێ بکەیت.

**ڕووداو: بۆ هەڵبژاردنەکان قسەتان لەگەڵ کۆمەڵ و بەرهەم ساڵح کردووە بۆ پێکهێنانی بەرەی هاوبەش، وەڵامیان چییە؟**

**هۆشیار عومەر:** کۆمەڵ و هاوپەیمانیش لەگەڵ پرۆژەی حکومەتی ڕزگاری بوون، بۆ هەڵبژاردنی داهاتوش بەو پێیەی هاوبۆچوون و نیگەرانن لەم سیستەمی حوکمڕانییە، مەیل هەیە پێکەوە لە بەرەیەکی هاوبەشدابین.

**ڕووداو: ئێوە کشانەوە، بەڵام ئیستیقالەتان نەناردووە بۆ حکومەت و وەزیری داراییش ماوەتەوە؟**

**هۆشیار عومەر:** بابەتی کشانەوەی وەزیرەکان دراوە بە کاک مستەفای سەید قادر و کاری لەسەر دەکات. ڕێبار حەملانیش دەزانین بۆچی ماوەتەوە و پەیوەندی بەگۆڕانەوە نییە، ئاگادارین بۆچی گەڕاوەتەوە، بەڵام نامانەوێ قسەی لەسەر بکەین،

> بەبێ ڕەزامەندی کورد کەس نابێتە سەرۆکوەزیرانی عێراق

بەڵام ڕای خۆیەتی و ڕێزی لێدەگرین و ئەوەندە بەسە کە ڕێباز حەملان متمانەی نەوشیروان مستەفای شکاند.

**ڕووداو: بەوپێیەی بەرپرسی ژووری دیپلۆماسیت و بیانییەکان دەبینی، ڕای ئەوان لەسەر دۆخی کوردستان و کەوتنی کەرکووک چییە؟**

**هۆشیار عومەر:** ئەورووپییەکان بەئێمەیان گوت بابەتی ڕێککەوتن بۆ هێرشکردنە سەر کەرکووک بەجۆرێک بوو کە هەندێک کەس دایاننابوو دوای کەرکووک، هەولێر و ناوچەکانی دیکەش دەستی بەسەردا بگیرێ، بەڵام ئەمریکییەکان گوتیان ئێمە ڕێگەمان بەوە نەدا و ڕێگەشی پێنادەین.

**ڕووداو: عەبادی زوو زوو دەڵێ مووچە دەنێرم و مەرجیشی هەیە، ئەم قسانەی عەبادی لای گۆڕان چۆن لێکدەدرێتەوە؟**

**هۆشیار عومەر:** بەپێی دەستووری عێراق کە کورد ڕۆڵی گەورەی لە دارشتنیدا هەبوو، دەسەڵاتی شوێنە فیدراڵییەکان دەبێ بە هاوبەشی بێ، بەڵام نەناردنی مووچە بەو نیازەیە کە عێراق پێیوایە وردە وردە لاواز دەبین. با هەموو لایەک بزانن، لاوازبوونی کورد کاتییە و هەڵدەستینەوە، بەمەرجێک خۆمان چاک بکەین، عێراقیش دەبێ باش لەوە تێبگات، بەبێ ڕەزامەندی کورد کەس نابێتەوە بەسەرۆکوەزیران و ئەمریکاش قبووڵی ناکات.

> هەندێک دایاننابوو دوای کەرکووک، هەولێریش بگیرێ، بەڵام ئەمریکا نەیهێشت

# ماڵئاوایی عەبدولستار مەجید لە وەزارەتەکەی ڕەتدەکرێتەوە



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕینی سێ ساڵ و شەش مانگ بەسەر تەمەنی ئەم کابینەیەی حکومەتدا، بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی کشانەوەی خۆیان لەو حکومەتە ڕاگەیاند، کشانەوەکەشیان لە کاتێکدایە تەنیا سێ مانگ لە تەمەنی ئەو کابینەیە ماوە، چونکە سەرۆکی حکومەت نامەی ئاراستەی پەرلەمان کردووە بۆئەوەی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لە سێ مانگ تێنەپەڕێ.

ڕۆژی 2017/12/20 بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، کشانەوەی خۆیان لەو کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، بەڵام ڕۆژی دواتر عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ کە لەسەر پشکی کۆمەڵ ئەو پۆستەی وەرگرتووە، بەشداری کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کرد.

(ڕووداو) زانیویەتی لە دوایین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، نێچیرڤان بارزانی بە ڕێزەوە باسی کار و چالاکییەکانی وەزیرەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی وەزیری کشتوکاڵی کردووە و بە پێکەنینەوەش بە عەبدولستار مەجیدی گوتووە دەبێ لە کارەکانی بەردەوام بێت تا کشانەوەکەی لە حکومەت پەسەند دەکرێت، ئەویش گوتوویەتی کە چیدیکە لە وەزارەت دەوام ناکات چونکە ئەوە بڕیاری حیزبە.

### مستەفای سەید قادر دێتە هەولێر

بەهۆی ئەو گرژیانەی لەدوای دانیشتنەکانی 23ی حوزەیران و 19ی ئاب لە نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕوویدا، ڕۆژی 12ی ئۆکتۆبەری 2015 وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان کە ژمارەیان چوار وەزیر و بەرپرسی دەستەیەک بوو، ئاگادارکرانەوە کە نەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، دوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، هێشتا وەزیرەکانی گۆڕان دەستیان لەکار نەکێشاوەتەوە، بەڵام ڕێباز حەملان کە لەسەر پشکی گۆڕان کرابوو بە وەزیری دارایی، دوای وازهێنانی لە بزووتنەوەکە، هەفتەی ڕابردوو وەکو وەزیرێکی سەربەخۆ لە پۆستەکەی دەستبەکار بووەوە.

لەسەر ڕاسپاردەی ژووری حکومەت و پەرلەمانی بزووتنەوەی گۆڕان، بڕیارە مستەفا سەید قادر وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی تیمی گۆڕان لە حکومەت سەردانی هەولێر بکات و لەگەڵ سکرتاریەتی ئەنجوومەنی وەزیران کۆببێتەوە بۆ پێشکەشکردنی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر و بەرپرسانی باڵای گۆڕان لە حکومەت.

### تیمی کۆمەڵ لە حکومەت بڕیار دەدات

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە خاوەنی شەش کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان، بە وەزیرێک و وەزیرێکی هەرێم و سەرۆکی دەستەیەک لەو کابینەیەی حکومەتدا بەشدارە، بەڵام هێشتا نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان نەداوەتە حکومەت.

عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم، وەزیر هەرێم بۆ کاروباری ژینگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو بڕیارەی کۆمەڵی ئیسلامی لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسییە، پەیوەست نییە بە کەسەکان. بەم نزیکانە تیمی کۆمەڵی ئیسلامی لە حکومەت کۆدەبینەوە و بڕیار لەسەر چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێوشوێنە یاسایی و کارگێڕییەکان دەدەین، نامەی دەستلەکارکێشانەوە دەدەینە سەرۆکی حکومەت".

### وەزیرەکان دەبێ دەوام بکەن

ڤالا فەرید، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەپێی یاسای ژمارە سێی ئەنجوومەنی وەزیران ساڵی 1992ی هەموارکراو، دەبێ وەزیر نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکات، لە حاڵەتی پەسەندکردن بە هەمان ڕێکاری پێشوو لە پەرلەمانی کوردستان وەزیرێکی دیکە دادەنرێت یاخود سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران وەزیرێکی دیکە بە وەکالەت دادەنێت، بەڵام تاوەکو ئاڵوگۆڕی پۆستەکە دەکرێت وەزیری پێشوو لە کارەکەی بەردەوام دەبێ".

> بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ
> واژۆ بۆ مانەوەی عەبدولستار مەجید کۆدەکرێتەوە

سەبارەت بە کشانەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڤالا فەرید گوتی: "کشانەوەی حیزب هەڵوێستی سیاسییە، بەڵام لە ڕووی وەزیفییەوە دەبێ وەزیر دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەگەر سەرۆکی حکومەت پەسەندی نەکات، پێویستە وەزیر لە کارەکەی بەردەوام بێت، ئەگەرنا ئەحکامی وەزیفی بەسەردا جێبەجێ دەبێت و بە غائیب حساب دەکرێت".

لەکاتی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کۆمەڵی ئیسلامی ڕێککەوتنێکی 13 خاڵی لەگەڵ پارتی واژۆکرد، بەهۆیەوە بە وەزیرانی کشتوکاڵ و ژینگە و سەرۆکی دەستەی کاروباری مین بەشداریی حکومەتی کرد.

بیلال سلێمان، بەرپرسی ناوەندی حکومەت و پەرلەمانی کۆمەڵی ئیسلامی پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە لە کۆی ئەو 13 خاڵە تەنیا سێ خاڵی جێبەجێ کراوە، لە حاڵەتی کشانەوەش پێشتر بە فەرمی پارتی ئاگادار دەکەینەوە".

بەڵام بەپێی قسەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە میدیاکانەوە کشانەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لە حکومەت بیستووە. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕۆژی 2017/12/21 گوتی "گۆڕان دەمێکە لە حکومەت نین، بەڵام دەبوو کۆمەڵ بۆ کشانەوەیان لە حکومەت داوای کۆبوونەوەیەکی فەرمییان لە حکومەت بکردبایە، کشانەوەی وەزیرەکانیش پێویستی بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی هەیە".

عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحیم کە بەشداری زۆربەی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی کردووە، دەڵێت تاوەکو ئێستا فەرمانی دەستبەکاربوونی وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە "کێشە و ئاستەنگی زۆرمان لە حکومەت بۆ دروستکراوە، بەڵام لەبەر حورمەتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، باسمان نەکرد، ئەگەرنا خەڵک یەک فەرمانی دەستبەکاربوونی بۆ دەردەچێ من چوار فەرمانی دەستبەکاربوونم لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بۆ دەرچووە و هێشتاش بە تەواوەتی دەستبەکارنەبووم، کێشە و گرفتمان بۆ دروست دەکرا".

### ماڵئاواییان لە وەزیر نەکرد

مەسعود حەسەن کە فەرمانبەری وەزارەتی کشتوکاڵە، لە لاپەڕەی خۆی لە فەیسبووک نووسیویەتی "12 ساڵە فەرمانبەری وەزارەتی کشتوکاڵم، پێنج وەزیرم بینیوە، هیچ کامیان وەک بەڕێز عەبدولستار مەجید سادە و چالاک نەبوو".

(ڕووداو) زانیویەتی ڕۆژی 2017/12/21 عەبدولستار مەجید لە دیوانی وەزارەتەکەی ماڵئاوایی لە فەرمانبەر و بەڕێوەبەرەکان کردووە، بەڵام بەڕێوەبەرەکان ئامادە نەبوون ماڵئاوایی بکەن و قبوڵیان نەکردووە بڕوات.

د.خالس ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکان دەستلەکارکێشانەوەی وەزیریان ڕەتکردەوە و بە نیازی کۆکردنەوەی واژۆن بۆ ئەوەی ئاراستەی لایەنی پەیوەندیداری بکەن کە دەستلەکارکێشانەوەی وەزیر قبوڵ نەکات، چونکە فەرمانبەرانی وەزارەت و تەواوی بەڕێوەبەرەکان لە مامەڵەو دڵسۆزی و ڕێزی ئەو پیاوە زۆر ڕازی بوون و پێیان ناخۆشە لە وەزارەت نەمێنێ".

بەڵام مەروان گەلاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "خوازیارین سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە بڕیارەکەی کۆمەڵ بگرێت، چونکە ئەم بڕیارە سیاسییە، دواجار دەبێ لە نزیکترین کاتدا کشانەوەکەیان قبوڵ بکرێت".

# ئەرشیفی یەک سەدەی قەزایەک بووە سووتماک


تووڕەیی خەڵکی کۆیە ڕێگەی نەدا شارەکە یادی 100 ساڵەی بە قەزابوونی بکاتەوە

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو – کۆیە**

کاتێک چاپوک سەید عومەر پێویستی بە کۆپییەک لە بەڵگەنامەی دەستگیرکردنی دایکی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هەبوو، هەر لەو فەرمانگەیەی ئەو بەرپرسی بوو، زۆر بە ئاسانی دەستیکەوت کە ئەرشیفی یەک سەدەی قەزای کۆیەی تێدا هەڵگیرابووو، بەڵام ئەو ئەرشیفە بوو بە ڕابردوو، دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ژمارەیەک خۆپیشاندەر گڕیان لە باڵەخانەی قایمقامیەتی قەزای کۆیە بەردا.

ڕۆژی 2017/12/19 ژمارەیەک لە دانیشتووانی قەزای کۆیە و ناحیەی تەقتەق، خۆپیشاندانیان لەهەمبەر ئەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان کرد. خۆپیشاندەران بارەگای حیزبەکان و چەندین فەرمانگەی حکومەتیان سووتاند. لەو ناوەدا ئەرشیفی سەد ساڵەی قائیمقامیەتی قەزای کۆیە و مۆزەخانە و گەلەری تەقتەق بوونە سووتماک.

چاپوک سەید عومەر، قائیمقامی پێشووی قەزای کۆیە، لەبارەی ئەرشیفەکەی قایمقامیەتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەرشیفی شاری کۆیە لە قایمقامیەت پارێزراو بوو، ڕووداوە گەورە و بچووکەکانی ئەو شارەی بەشێوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت تێدا هەڵگیرابوو، ئەمەش گرنگی و بەهای تایبەتی هەبوو، هەموو کەس ئازاد بوو لە وەرگرتنی کۆپییەک لەو دۆکیومێنتەی پەیوەندی بەخۆیەوە هەبووایە". بۆ نموونە چاپوک بەڵگە و کاغەزی گیرانی دایکی و بڕیاری دەستگیرکردنی لەو ئەرشیفەدا دۆزیبووە و کۆپییەکی لێ وەرگرتبوو.

بە گوتەی چاپوک کۆپییەک لە دۆسیەکانی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی شاری کۆیە بۆ قائمقامیەت نێردرابوون و لەوێ پارێزرابوون، ئەو پێیوایە بە نەمانی ئەو دۆسیانە، خەسارەتێکی گەورە بەر دانیشتووانی شاری کۆیە دەکەوێ و چارەسەریشی نییە، چونکە بەهیچ جۆرێ ئەو بۆشاییە پڕنابێتەوە. گوتیشی "ئەم ڕووداوە کاریگەری بەسەر بەڕێوەبەر و بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە هەیە و متمانەیان بەهیچ شوێنێک نییە کە دۆسییەکانی لێدانێن، لەبەرئەوە گرێنتی مانەوەی نییە، دوورنییە وەک ئەوەی قایمقامیەت لە چرکەیەدا بسووتێنرێ".

چاپوک سەید عومەر دەڵێت ئەو کاتەی قایمقامی کۆیە بووە، پرۆژەیەکی پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کردووە، داوای کردووە بایەخی زیاتر بەو ئەرشیفە بدەن، لە نێو سندوقی گەورە و بەهێز بپارێزرێ و هەوڵ بدرێ سکان بکرێن و بخرێنە سەر سیدی. ناوبراو سوید بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "ئەرشیفی 500 ساڵی خستووەتە سەر کۆمپیوتەر و پارێزراوە، هەرکاتێ بخوازی دەتوانی هەموو زانیارییەک لە بارەی خۆت و باوان و باپیرانت وەربگری".

تەواوی ئەرشیفی قایمقامیەت سووتاوە. ئەو ئەرشیفە، تەنیا لەڕووی دۆسیەکانەوە پڕ بایەخ نییە، بەڵکو جیاوازیی کاغەزی ئێستا و جارانیشی نیشان دەدا. هەروەها تایپی ئێستا و جاران و شێوازی نووسین کە گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە.

کۆیە ساڵی (1918) کراوە بە قەزا و بە یەکێک لە قەزا کۆنەکانی کوردستان ئەژمار دەکرێ، بەڵام تووڕەیی بەشێک لە دانیشتووانی شاری کۆیە ڕێگەی نەدا یادی سەد ساڵەی بە قەزابوونی کۆیە لەنێو بینا و ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەیدا بکرێتەوە.

نووسەر و ئەرشیفدۆست، ڕەهبەر سەید برایم، دڵتەنگی و نیگەرانیی خۆی بەرامبەر سووتانی قایمقامیەت و گەلەری و مۆزەخانەی تەقتەق دەردەبڕێ و دەڵێ: "زۆر مەترسیدارە ئەرشیف بسووتێنی، ئەمە کولتوورێکی دواکەوتوو و ناشرینە. نازانم بە چ مەبەستێک ئەوە کراوە، دەشێ ئەو کەسانەی بەشداری ئەو کارەیان کردووە، بەهای ئەو ئەرشیفە مێژووییە نەزانن، لەکاتێکدا دەکرا توێژینەوەی ورد لەبارەی ئەو ئەرشیفەی قایمقامیەت لە ناوەند و ئەکادیمیا و زانکۆکانی کوردستان کرابا، کەچی ئێستا بووە سووتماک، تەنانەت مۆزەخانەی تەقتەق کە هیچ پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە، سووتێندراوە".

ڕەهبەر سەید برایم، مۆزەخانەیەکی لەنێو قشڵەی کۆیە کردووەتەوە و بەشێک لە مێژووی ناوچەکەی لەوێ داناوە، دەڵێت "بە چەقۆی خۆمان، دەستی خۆمان دەبڕین، بەلامەوە سەیرە، جاران خەڵکی کۆیە تەنانەت داریان نەدەبڕی، کەچی ئێستا ئەو ئەرشیفە گەورەیە دەسووتێنن".

ئەو دەڵێت کاریگەرییەکانی نەمانی ئەو ئەرشیفە لەداهاتوودا دەردەکەوێ.

کاوە تەیب کە ماستەری لە مێژووی هاوچەرخی کورددا هەیە، لەبارەی ئەم ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە میللەتێکین زاکیرەی کورتبینمان بەهێزترە لە زاکیرەی دووربین، لەبەرئەوە هەمیشە و زۆر بەکەمی گرنگی بەڕابردووی خۆمان دەدەین و کەمتر بایەخ بە ئەرشیف دەدەین و دەیپارێزین، بۆ نموونە لەدوای سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید، زۆرترین سەرچاوەی بەردەست بۆ دەستکەوتنی زانیاری لەمەڕ ڕووداو و مێژووی خۆمان سەرچاوە بیانییەکانن".

کاوە تەیب، لەمەڕ سووتانی ئەرشیفی قایمقامیەتی قەزای کۆیە گوتی "ئەرشیف بەگشتی ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی ڕووداوەکانی پێشووترە، ئەگەر توێژەرێکی بواری مێژوو یان جوگرافیا بێت و توێژینەوە لەبارەی کۆیەوە بکات، تاکە شوێنی فەرمی قایمقامیەت و ئەرشیفەکەی بوو. بە سووتانی ئەو ئەرشیفە گرنگە، بواری توێژینەوە، نەنگی تێدەکەوێت و تەنانەت لەڕووی فەرهەنگ و شێواز و چۆنیەتی نووسین بەشێک لە شارستانیەتی پێشوو ون دەبێ".

کاوە تەیب سەری لەوە سووڕماوە کە خۆپیشاندەران دەڵێن دژی گەندەڵی و نادادپەوەری خۆپیشاندان

دەکەن کەچی ئەرشیفی فەرمانگەکان دەسووتێنن. ئەو دەڵێت: "ئەگەر خۆپیشاندەر باوەڕی وابێ ئەم حکومەتە گەندەڵە، دەبێ هەوڵی پاراستنی ئەرشیفەکەی بدات، چونکە باشترین ژێدەری (دەفتەر ئەعمالی) سەرجەم بەرپرسەکانی پێشووە، بەسووتاندنی، ئەگەر خوارییەک لەهەر یەکێکیاندا هەبووبێ، ئەوان بوونە هۆکاری بزرکردنی سەرجەم خوارییەکان".

## ڕەنجی خۆبەخشەکان بەبا چوو

لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی 2016 بەهەوڵ و ماندووبوونی نۆ گەنجی خۆبەخشی تەقتەق، گەلەری و مۆزەخانەی تەقتەق کرایەوە. کاروان نازم، خۆبەخش لە دەستەی بەڕێوەبەری گەلەری و مۆزەخانەکە بە هەفتەنامەی (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەنێو گەلەری و مۆزەخانەی تەقتەق، ژمارەیەک شوێنەواری مێژوویی و کولتوری و ئەو کەلوپەلانەی گوزراشت لەناوچەکە دەکەن و تابلۆ و کاری دەستی شێوەکاران و هونەرمەندانی لەخۆگرتبوو، بە ئامانجی ئەرشیفکردن و کۆکردنەوەی کەرەستە مێژووییەکانی شارۆچکەکە و دێهاتەکانی دەوروبەری تەقتەق. لەوێدا دەمانخواست ڕابردوو نیشانی نەوەی ئێستا و داهاتوو بدەین. کە لەڕێگەی بانگەواز بۆ دانیشتووانی ناوچەکە کەلوپەلەکانمان کۆکردەوە و ئەوانیش بە شادومانییەوە هاوکار و هەماهەنگ بوون. ئێمەش بە نمایش نیشانی گەشتیارانمان دەدا"..

ئەم ناوەندە کە دیمەنێکی سوونەتی نەریتی هەبوو، ڕۆحێکی تایبەتی بەجەستەدا دەکرد، لەسەر هیچ وەزارەتێک نەبوو، بەڵکو لەلایەن خۆبەخشانەوە سەرپەرشتی دەکرا و بەڕێوەدەبرا، بەڵام 19ی ئەم مانگە لەلایەن خۆنیشاندەرانی شارۆچکەی تەقتەق، شوێنەکە و تەواوی کەلوپەلەکانی مۆزەخانە سووتێندرا و ئەو ئەرشیفەی ساڵ و نیوێکە هەوڵی کۆکردنەوەی دەدەن، لەماوەی کەمتر لە کاتژمێرێ سووتا.

# کورسییەکەی هۆشمەند یەکگرتووی بە قسە هێنا

## هۆشمەند: یەکگرتوو داوای لێبووردنیان لێکردم

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو – کۆیە**

ئەو کورسییە کارەباییەی لەژێر هۆشمەنددا بوو، ژمارەیەک کادیری یەکگرتووی هێنایە قسە، بۆیە هۆشمەند بڕیاری دابوو کورسییەکەی ژێری بداتەوە یەکگرتوو، بەڵام دواتر بەرپرسێکی یەکگرتوو سەردانی کرد و داوای لێبووردنی لێکرد و بەڵێنیشی پێدا سەرجەم ئەو پۆستانەی لە فەیسبووک لەسەر ئەو بڵاوکرابوونەوە، ڕەش بکەنەوە.

هۆشمەند سەلاح، ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتەیە کە بەسەر کورسییەوە لە خۆپیشاندانەکانی هەفتەی ڕابردووی شاری کۆیەدا بەشداری کرد، وێنەکەشی کە لەبەردەم بارەگایەکی سووتاوی یەکگرتوو گیراوە، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە.

هۆشمەند کە خەڵکی کۆیەیە، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەیە و خەڵکێکی زۆر دەناسێ و بەردەوام ئاگاداری باسوخواسی یەکدی هەن. ئەو، گەنجێکی چالاکی خوێندەوار و وەرزشدۆست و ئیسلامپەروەرە. ئێواران لە شەقام و جاددەکانی کۆیە بەرچاو دەکەوێ، بەسەر کورسییە کارەباییەکەیەوە لەتەک شۆستە و ئۆتۆمبێلەکانەوە دەڕوا. کە سڵاوی لێدەکەی بە دڵشادییەوە وەڵام دەداتەوە و دەکەوێتە قسەکردن.

هۆشمەند لە ماڵەوە دوور لە کورسییەکەی دانیشتووە و دەڵێ "ڕۆژانە کاتەکانم بە خوێندنەوە و پیاسەکردن و سەردانی هاوڕێیان و چوونە نێو یاریگاکان و فەیسبووک بەسەردەبەم. لەسەرووی ئەمانەوە لەهەر ناوەند و ڕێکخراو و شوێنێک کۆڕ و سەمینار و دانیشتنی زانستی هەبێ، لەوێ ئامادەم، نیو کاژێرێک بەر لە دەستپێکی کۆڕەکان لەماڵ بەڕێدەکەوم و لەشوێنی مەبەست پێشوازی گەرمم لێدەکەن و لە شوێنی تایبەت دامدەنێن".

هۆشمەند، گەنجێکی زیرەک و خۆشەویستی ناو هاوڕێیان و ناسیاوەکانیەتی، ئەگەرچی ئەندامی کارای کۆمەڵەی (ڕۆژ)ە بۆ خزمەتکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەڵام، دەڵێ "وەک هۆشمەند بیردەکەمەوە، بۆ خۆم دەژیم، دواجار منی باڵا بڕیار دەدەم بەشداری خۆپیشاندان بکەم، یا نا؟ لەبەرئەوە، بڕیارمدا بەشداری بکەم و دژی زوڵم و ستەم بوەستمەوە. بەڕاستی ناهەقی و بێڕێزی و سووکایەتی زۆرمان پێدەکرێ، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەبێ لەبەرچاو گرتنی دۆخی کەمئەندامان، دەستیکردووە بەپاشەکەوتکردنی 60 هەزار لە مووچەی 150 هەزاریمان کە لەبنەڕەتدا مووچەکەمان کەم بوو، بەشی پێداویستییەکانی نەدەکرد. ئێوە ببینن بە دوو مانگ جارێک 90 هەزار وەردەگرین کە بەشی هیچ ناکات، بەداخەوە ئەو حوکمەتە لە نەهامەتییەکانی کەمئەندامان تێناگات".

هۆشمەند لە قسەکردن بەردەوامە و دەڵێ: "ئێمەی خاوەن پێداویستی تایبەتی خاوەن بیروهۆش، بیرکەرەوەی دووربینانە، کێشەمان لەگەڵ حکومەت هەیە، ئەوان لەبەرانبەر ئێمەدا هزریان بەکارناخەن و بەهامان بۆ دانانێن، دەکرێ بڵێم: حکومەت و کەمئەندامان، هەریەکەمان لە دۆڵێکداین و شاخێکمان لەنێواندایە".

هۆشمەند یەکێک بوو لە خۆپیشاندەرانی 19ی مانگ و وێنەی خۆشی لە نێو خۆپیشاندەران بڵاوکردەوە. ئەو دەڵێت "ئەو دۆخە خراپەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە، کاریگەری بەسەر هەمووانەوە هەیە، بەڵام کەس وەک کەمئەندامان تووشی گرفت و نەهامەتی گەورە نەبووە، لەبەرئەوە وەک کەسێکی ئاسایی دوور لە هەموو توندوتیژییەک بەشداریم لە خۆپیشاندان کرد و خۆم بە جیاواز نازانم لە هیچ کەسێکی دیکە، لەهەرشوێنێ خۆپیشاندان و ڕێپێوان و گردبوونەوەی ناڕەزایەتی بکرێ، من ئامادە دەبم بۆ وەرگرتنەوەی مافە خوراوەکانم".


هۆشمەند لە تەمەنی دوو ساڵییەوە بەهۆی لێدانی دەرزییەک کەمئەندام بووە

هۆشمەند چاوی لەوەیە لە داهاتوودا دەسەڵاتی هەبێ. ئەو سەرۆکی ئیکوادۆر بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "لینین مۆرینۆ، سەرۆکی ئیکوادۆر، خاوەن پێداویستی تایبەتە و لەسەر کورسییە، لە هەڵبژاردندا توانی 51%ی دەنگەکان بباتەوە و ئێستا ئیکوادۆر بەڕێوەدەبات. ئێمەش توانای بەڕێوەبردنمان هەیە، دەخوازم لە داهاتوودا دەسەڵاتم هەبێ، بۆ ئەوەی تەواوی پێداویستییەکانی کەمئەندامان جێبەجێ بکەم و خەونیان بگەیەنمە لوتکە، چونکە من لە کێشەکانیان تێدەگەم و دەزانم چییان دەوێ".

هۆشمەند لە کاتی قسەکانیدا نیکۆی چیچی بیردەکەوێتەوە کە گەنجێکی ئوسترالییە و دەڵێت "دەست و قاچی نییە، کەچی خاوەنی دوو کۆمپانیایە و کتێبی (ژیان بەبێ سنوور)ی نووسیوە کە 800 هەزار دانەی لێ فرۆشراوە و بۆ سەر چەندین زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوە.

ئەو گەنجە هاوتەمەنی منە، ئەگەر کارئاسانی و هاوکاری هەبێ، ئێمەش دەتوانین کاری گەورە بکەین و داهێنان بکەین".

ئەو گەنجە کە لە گەڕەکی شەهیدانی شاری کۆیە دادەنیشێ، باوەڕی وایە خەڵکی زۆری لە پشتە و هاوکاریی دەکەن، بە زەردەخەنەوە دەڵێ "ڕووبەڕووی یەک حیزب دەبمەوە، لە خۆپیشاندانەکانیش کەس لێم نزیک نەدەبوووەوە، بەڵکو خەڵک دەستخۆشییان لێدەکردم".

هۆشمەند سەلاح، لە تەمەنی دوو ساڵییەوە بەهۆی بە هەڵە لێدانی دەرزی تووشی ئیفلیجی "شەلەل" بووە، نزیکەی 36 ساڵە بەبێ قاچەکانی درێژەی بە ژیان داوە. هۆشمەند، ژیانی هاوبەشی پێکنەهێناوە و بەدەم پێکەنینەوە دەڵێ "چەند کچم ڕازی کردووە، بەڵام ماڵەوەیان ئامادە نین و ڕێگری دەکەن شووم پێ بکەن".

### کورسییەکەی حاجی کاروان

دوای بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانەکەی کۆیە، هۆشمەند وێنەیەکی خۆی لە فەیسبووک بڵاوکردەوە کە تێیدا لەبەردەم بارەگا سووتاوەکەی یەکگرتووی ئیسلامی دەردەکەوێ. لەسەر ئەوە، لەلایەن کادیرانی یەکگرتووەوە تانەی زۆری لێدرا و گوتیان حاجی کاروان، پەرلەمانتاری سەر بە یەکگرتوو ئەو کورسییەی بۆ کڕیوە، دەبووایە بەرگری لە بارەگای یەکگرتوو بکات، نەک وێنە لەگەڵ بارەگا سووتاوەکەی بگرێ. هۆشمەند لەو بارەیەوە دەڵێت: "دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکەم، کادیرانی یەکگرتوو لە فەیسبووکەوە هێرشی زۆریان کردە سەرم و دڵیان ڕەنجاندم، بۆیە بڕیارمدا کورسییەکەیان بۆ بنێرمەوە، بەڵام ڕۆژی 21ی مانگ، بەرپرسی یەکگرتوو لە کۆیە، لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای ئاینی سەردانیان کردم و داوای لێبووردنیان کرد و ڕایانگەیاند کە پێویستە لایەنگرانی یەکگرتوو تەواوی پۆستەکانی فەیسبووک ڕەشبکەنەوە، هەروەها حاجی کاروان تەلەفۆنی بۆ کردم و داوای لێبوردنی کرد و گوتی نەدەبووایە ئەو کارەت بەرامبەر بکرێ و من ئاگاداری ئەو باسە نەبووم".

## بەغدا فۆرمی خۆراکی هەرێمی کوردستان بە عەرەبی چاپدەکات

رووداو- هەولێر

یاسین مەحموود، بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوولەی خۆراکی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، وەزارەتی بازرگانیی بەغدا، پسوولەی خۆراکی هەرێمی کوردستانی بە عەرەبی چاپکردووە و بەشە کوردییەکەی تێدا نییە. لەبارەی هۆکارەکەیشی یاسین مەحموود گوتی: "وەزارەتی بازرگانیی بەغدا گلەییان لەوە هەیە وەزارەتی بازرگانیی هەرێمی کوردستان نوێنەریان نەناردووە بۆ دانانی بەشە کوردییەکە لەسەر فۆرمی خۆراک". ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە داوایان کردووە تەواوی پسوولەکانی خۆراکی هەرێمی کوردستان سەرلەنوێ چاپبکرێنەوە و کوردییەکەشی بۆ زیادبکرێت، ئەوەش لەنێوان وەزارەتەکانی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ماوەتەوە یەکلایی بکرێتەوە.



ئابووری
رووداو
ژمارە ( 487 ) - دووشەممە 2017/12/25

### مۆڵەت دراوەتە 67 کارگە و 33یان دامەزراون

# 11 کارگەی ئاوی خواردنەوە لە کوردستان داخراون

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بەهۆی کاریگەریی قەیرانی داراییەوە، خواست لەسەر بەرهەمی کارگەکانی ئاوی خواردنەوە کەم بووەتەوە و کێبڕکێیەکی توند کەوتووەتە نێوان کارگەکان، بەو هۆیەشەوە نرخیان زۆر دابەزاندووە و ژمارەیەک کارگەش داخراون، هەندێکیشیان دەیانەوێ بە بەرزکردنەوەی کواڵیتی ئاوەکەیان لە دەرەوە بازاڕ بدۆزنەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی، 67 کارگەی بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی مۆڵەتیان پێدراوە (32 کارگە لە هەولێر، 22 کارگە لە سلێمانی و 13 کارگە لە دهۆک)، لەم ژمارەیە تەنیا 33 کارگەیان دامەزراون، بەڵام 11 کارگەیان بەهۆی کاریگەریی قەیرانی داراییەوە داخراون.

کۆمپانیای ئاڵا، یەکێکە لە کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکانی دەستەی وەبەرهێنان، 12 ساڵە ئاوی خواردنەوە بەرهەمدێنێ. حەبیب مەحمود، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کارگەی ئاڵا دەڵێت "بەهۆی کاریگەری قەیرانی داراییەوە، فرۆشی ئاوی کانزایی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کز بووە، پێشتر تێکڕای فرۆشی رۆژانەمان دەگەیشتە 20 تاوەکو 30 هەزار لیتر، بەڵام ئێستا تەنیا 30%ی ئەو بڕە دەفرۆشین".

بەهۆی زۆریی کارگەکانەوە، ئێستا خستنەڕوو زۆرە و خواست کەمە، ئەمەش بووەتە هۆی دابەزینی نرخی ئاوی کانزایی، بەو هۆیەشەوە زۆربەی کارگەکان بەتایبەت بچووکەکان لەسەر زەرەر دەڕۆن، حەبیب دەڵێت "تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی شەش کارگە داخراون".

بەپێوەمانەوەی کارگەی ئاڵا وەک حەبیب ئاماژەی بۆ دەکات، بەهۆی ئەو گرێبەستانەیە کە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری و ئەکادیمیای پۆلیس و هەندێ دامودەزگای عێراق هەیانە و 50 %ی بەرهەمەکەیان هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەن".



کارگەکانی ئاو لە دەرەوەی کوردستان بەدوای بازاڕدا دەگەڕێن

بەپێی پێناسی عێراقی، ئاوی کانزایی سروشتی ئەو ئاوانە دەگرێتەوە کە سەرچاوەکەی راستەخۆ لەکانی و بیرەکانەوەیە، لەپێکهاتەکەیدا بەڕێژەیەکی دیاریکراو کانزای سوودبەخش هەیە و رێژەی خوێ و نیترات تێیدا نزمە و بەکتریا و ماددە تیشکدەرەکانی تێدا نییە.

حەبیب مەحمود دەڵێت: "ئەو ئاوەی ئێمە بەرهەمی دەهێنین ناتوانین بڵێین ئاوێکی 100 % کانزاییە، بەڵام رێژەیەکی باشی کانزاکانی تێدایە و دەتوانین وەک ئاوێکی سروشتی کانزایی ناوی ببەین".

ئێستا کارگەی ئاڵا دەیەوێ بازاڕ لە دەرەوەی کوردستان بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

حەبیب گوتی: "لیژنەیەک لە ئیماراتەوە هاتنە کارگەکەمان و سێ رۆژ مانەوە، نموونەی ئاوی کارگەکەیان لەگەڵ خۆیان برد لە تاقیگە پێشکەوتووەکانی خۆیان پشکنینیان بۆ کرد، خۆشبەختانە ئەنجامی سەرجەم پشکنینەکان بەپێی ستانداردی جیهانی بوو، تەنانەت رێژەی خوێ و نیترات زۆر لە رێژەی رێگەپێدراو کەمتر بوو، بۆیە بڕوانامەی کواڵیتی ئیماراتمان پێبەخشراوە و بە فەرمی رێگە بەهەناردەکردنی ئاوی کارگەکەمان بۆ ئیمارات دراوە". وەک حەبیب ئاماژەی بۆ کرد، ئێستا سەرقاڵی دۆزینەوەی بازاڕن بۆ ئاوی کارگەکەیان لە ئیمارات.

بەشێک لە کۆمپانیاکان کارگەکانیان بەیەکجاری داخستووە، بەشێکیشیان بەشێوەی کاتی و چاوەڕێی وەرزی هاوین دەکەن. کارگەی بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی بانی خێلان لە شارۆچکەی دەربەندیخان یەکێکە لە کارگە داخراوەکان. هێمن حوسێن، بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی ئاوی بانی خێلان دەڵێت: "بە گشتی لە وەرزی زستاندا فرۆشمان کەمە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی، ماوەی سێ ساڵە لە وەرزەکانی دیکەش خواست لەسەر کڕینی ئاو زۆر کەمبووەتەوە و نرخ بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، کارگەکەمان خەرجیی زیاتر بوو لە داهاتەکەی، بۆیە بەشێوەکی کاتی دامانخستووە".

دابەزاندنی نرخ لەلایەن کارگە گەورەکانەوە، هۆکاری داخستنی بەشێک لە کارگە بچووکەکانە، هێمن حوسێن دەڵێت: "کارگە گەورەکان بە هەر نرخێک بەرهەمەکانیان بفرۆشن و کەمێک قازانج بکەن، دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن، چونکە ئەوان لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە دامەزراون و لە زۆر باج و رووسمات بەخشراون، بەڵام کارگە بچووکەکان ناتوانن بەرگەی دابەزینی نرخ بۆ ئەو ئاستە بگرن، بۆیە ناچارن کارگەکانیان دابخەن".

سەرچاوەی ئاوی کارگەکەی هێمن کانییە، بۆیە پێکهاتەکەی دەوڵەمەندترە لەئاوی کارگەکانی دیکە، هێمن حوسێن دەڵێت: "هێشتا لە هەرێمی کوردستان و عێراق هۆشیاری بەشێک لەخەڵک نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئاوی کانزایی و ئاوی سروشتی لێک جیابکاتەوە، بۆیە لە جیاتی کواڵیتی بەدوای هەرزانیی نرخدا دەگەڕێت، بەڵام لە وڵاتانی ئەورووپی ئاوی سروشتی نرخەکەی دوو بەرامبەری ئاوی کانزاییە".

هێمن حوسێن باسی پلانی داهاتووی کارگەکەیان دەکات و دەڵێت: "لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەریتانی لەگفتوگۆداین بۆ زیادکردنی بەرهەمی کارگەکەمان و هەناردەکردنی بۆ کوێت، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە رێککەوتن".

بەپێی توێژینەوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، هەرێمی کوردستان خاوەنی 50 ملیار مەتر سێجا ئاوی ژێر زەوییە، ئاوەکەش لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسازگارترین ئاو بۆ خواردنەوە دەستنیشان کراوە.

بەپێی پێناسی عێراقی بۆ ئاو، هەر ئاوێک سەرچاوەکەی کانی بێت یان ئاوی ژێرزەوی، بەڕێگەی فلتەر یان یوڤی چارەسەری رێژەی زیادە و کەمیی خوێ و نیترات و کانزا و بەکتریاکانی نێو پێکهاتەکانی بکرێت، بەئاوێکی کانزایی سروشتی دادەنرێ.

دیندار شەریف، لێپرسراوی تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کە پشکنین بۆ ئاوی کارگەکان دەکەن، بە (رووداو)ی گوت: "لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و پشکنین بۆ کواڵیتی پێکهاتەی ئاوی کارگەکانی کوردستان بۆمان دەرکەوتووە ئاوی سەرجەم ناوچەکانی کورستان رێژەیەکی باش کانزا و پێکهاتەی سوودبەخشی تێدایە، کارگەکان تەنیا لەرێگەی فلتەر خاوێنی دەکەنەوە لەڕووی بەکتریا و پیسییەوە. ئەگەر هەر رێژەیەکی زیادە یان کەمی لە کانزاکان هەبێت، بەڕێگەی زیادکردن یان کەمکردن چارەسەری دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ئاوی کوردستان لەڕووی تایبەتمەندییەوە رێژەکەی لە ستانداردی جیهانیدایە و بە یەکێک لە باشترین ئاوی ناوچەکە دەستنیشان کراوە".

لە سەرجەم پارێزگاکان لیژنەی پشکنین هەر سێ مانگ جارێک، پشکنین بۆ ئاوی کارگەکان دەکەن. دیندار شەریف دەڵێت: "زۆرجار کارگەکان بەهۆی پابەندنەبوون بە رێنماییەکان سزادراون، کارگەیەکیشمان بەهۆی پیسیی سەرچاوەی ئاوەکەی و پابەند نەبوون بە رێنماییەکان بە یەکجاری داخستووە".

### بۆ جاری سێیەم یەکەم بوو

# بازرگانانی عەرەب داوای هەنگوینی کوردستان دەکەن

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بۆ جاری دووەم هەنگوینی کوردستان لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی سەر دەریای ناوەڕاست پلەی یەکەمی پێدرا، بەو هۆیەوە کۆمپانیا بازرگانییەکانی وڵاتانی ئیمارات و سعودیە و عوممان داوای دەکەن.

ئەو پلەیە لە دەیەمین کۆنگرەی یەکێتیی هەنگەوانانی عەرەب و نۆیەمین مونتەدای هەنگاوانانی وڵاتانی دەریای ناوەڕاستدا بە هەنگوینی کوردستان درا. کۆنگرەکە لە ناوەڕاستی ئەم مانگە لە میسر بە بەشداری 24 وڵات بەڕێوەچوو کە شاندێکی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستانیش بەشداربوون.

بەهۆی بەرزیی کواڵیتییەکەی، ئەوە سێیەمجارە هەنگوینی کوردستان پلەی یەکەم بەدەستبێنێ. جاری یەکەم لەساڵی 2009 لە کۆنگرەی هەنگەوانانی جیهان لە فەرەنسا. جاری دووەم لەساڵی 2015 لەکۆنگرەی یەکێتی هەنگەوانانی عەرەب کە لەشاری نەجەف بەڕێوەچوو، پلەی یەکەمی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب بەدەستهێنا و ئەمساڵیش لە میسر بە باشترین هەنگوینی وڵاتانی عەرەبی و دەریای ناوەڕاست هەڵبژێردرا.

دکتۆر عەبدولڕەحیم عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر کە سەرۆکی لیژنەی باڵای دەستنیشانکردن و دابینکردنی پێویستییەکانی هەنگ و قرکەری کیمیاوییە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بە (رووداو)ی گوت "کەشوهەوا، هەمەجۆریی گوڵ و گوڵزاری کوردستان و بەخێوکردنی هەنگ بەشێوەیەکی زانستانە لەلایەن بەشێک لە هەنگەوانان، بووە هۆی ئەوەی هەنگوینی کوردستان یەکەم بێ".

نۆ ساڵە هیچ سەرژمێرییەک بۆ ژمارەی پوورە هەنگ لە کوردستان نەکراوە، بەڵام بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، پێشبینی دەکرێت 500 هەزار پوورە هەنگ لەکوردستان هەبن، تێکڕای بەرهەمی ساڵانەیان نزیکەی 800 تۆن هەنگوین دەبێ، ئەم بڕەش لەگەڵ پێداویستیی هەرێمی کوردستان یەکناگرێتەوە کە ساڵانە نزیکەی 1.350 تۆن هەنگوینی پێویستە ئەگەر هەر تاکێک ساڵانە 24 گرام هەنگوین بخوات.

د.عەبدولرەحیم عومەر کە دکتۆرای لە بەخێوکردن و پاراستنی هەنگ لە نەخۆشییەکان هەیە، دەڵێت "ژینگەی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ بەخێوکردنی هەنگ، دەتوانرێ یەک ملیۆن پوورە هەنگی لێ بەخێوبکرێ و بەرهەمی ساڵانەشمان بۆ دوو بەرامبەری ئێستا بەرزبکەینەوە، بەڵام گرفتی سەرەکیمان بەخێوکردنی هەنگە بەشێوەیەکی نازانستی کە بەو هۆیەوە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر هەنگ لەناودەچن".

د.عەبدولڕەحیم پێیوایە کەشوهەوا رۆڵی هەیە لەسەر بەرهەمی هەنگ، ئەو ساڵانەی باران زۆر بێ، گوڵ و گوڵزار زیاتر دەردەکەون، بەرهەمی هەنگوین باش دەبێت و بەپێچەوانەشەوە باران کەمبێت بەرهەم باش نابێت "بۆ نموونە ساڵی رابردوو نزیکەی 850 تۆن بەرهەممان هەبوو، ئەمساڵ بەرهەم بەڕێژەی 65 تاوەکو 70 % دابەزیوە و پێشبینی دەکەین بەرهەمی ئەمساڵ بگاتە نزیکەی 300 تۆن".

### هەنگوینی چیای شنگال یەکەمە

لەکۆنگرەی شەرم ئەلشێخ لە میسر، 24 هەنگەوانی کوردستان بەشداریان کردبوو، هەنگوینی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیان بۆ پێشبڕکێکە ئامادەکردبوو، لە پشکنینی کۆنگرەکە سەرجەمیان پلەی باشیان بەدەستهێنا، بەڵام هەنگوینی چیای شنگال بە پلەی یەکەم هەڵبژێردرا.

وەلید خەلیل شنگالی کە هەنگەوانێکی گوندی باجەسێی سەر بە قەزای شنگالە، هەنگوینەکەی پلەی یەکەمی وەرگرتبوو بە (رووداو)ی گوت "بەرهەمی هەنگەکانم لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و فەرەنسا و ئیتاليا و یۆنان، هەنگوینی هاوردەکراوی چین و ئوستراليا لەڕووی کواڵیتی و پێکهاتەکانی، پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، بۆیە کۆنگرەکە مەدالیای ئاڵتوونیان پێبەخشیم".

وەلید پێیوایە لیژنەکە دادپەروەرنەبوون لە هەڵسەنگاندن، ئەگینا هەنگوینی کوردستان پلەکانی دیکەشی دەبردەوە. وەلید گوتی "سەرجەم ئەو نموونانەی لە کوردستان هێنرابوون دوای پشکنین لەڕووی کوالێتییەوە نمرەی بەرزیان پێدرا، ئەگەر پێشکێنەرانی کۆنگرەکە فێڵیان نەکردبا پلەی یەکەم و دووەم و سێیەم بۆ کوردستان دەبوو، بەڵام شێوازەکەیان گۆڕی پلەکانیان بەسەر هەنگوینی پاڵێوراو، هەنگوینی شەمێی سروشتی و هەنگوینی بلوری دابەشکرد، بۆیە سعودیە لە هەنگوینی شەمێی سروشتی کە تەنیا یەک کیلۆیان بۆ نموونە هێناوبوو بەبێ کێبڕکێ پلەی دووەمیان پێدا، چونکە هەنگەوانەکە نزیک بوو لە شێخەکان و سپۆنسەری کۆنگرەکەی کردبوو، لە هەنگوینی بلوریش پلەی سێیەم بە فەلەستین درا". وەلید شنگالی، بەر لە پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال، خاوەنی 800 پوورە هەنگ بوو، بەڵام بەهۆی پەلامارەوەکەوە هەموو مێشەکانی لە دەست دان و خۆیشی ئاوارەی زاخۆ بوو. دوای رزگارکردنی شنگال، وەلید گەڕایەوە سەر پیشەکەی و ئێستا 300 پوورە هەنگی هەیە کە بەرهەمی ئەمساڵیان 1500 کیلۆ هەنگوین بووە. بە گوتەی وەلید بەر لە هێرشی داعش بۆ سەر شنگال 300 هەنگەوان لە ناوچەکە هەبوون، بەڵام ئێستا تەنیا پێنج هەنگەوان ماون.

ئەو کۆنگرەیەی میسر بە خێر بۆ وەلید شکاوەتەوە. وەلید دەڵێت "کۆمپانیا بازرگانییەکانی سعودیە و ئیمارات و عوممان داوای هەنگوینی کوردستانیان کرد، پێیانگوتین هەر کاتێک ئابلوقەی سەر ئاسمانی کوردستان هەڵگیرا سەردانتان دەکەین و گرێبەستتان لەگەڵ دەکەین".

تەیب رەفیق، هەنگەوانێکی پێشکەوتووی گوندی ئالمەوانی سەر بەناحیەی پیرمامە، خاوەنی 400 پورە هەنگە، بەرهەمی ئەمساڵی سێ تۆن هەنگوین بوو، یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆنگرەکە میسر، تەیب دەڵێت "ئەو هۆکارەی وایکردووە بۆ دووەمجار لەسەر یەک هەنگوینی کوردستان پلەی یەکەم بهێنێ، ئەوەیە بەشێکی زۆری هەنگەوانانی کوردستان بۆ بەخێوکردنی هەنگەکانیان پشت بەگوڵی رووەکی سروشتی و گوڵ و گوڵزرای ناوچەکانی کوردستان دەبەستن و کوێستان و گەرمیان بە هەنگەکانیان دەکەن".

یەکێتی هەنگەوانانی عەرەب، یەکێتییەکی ناحکومییە لەساڵی 1994 دامەزراوە، بنکەی سەرەکی لەشاری قاهیرەی پایتەختی میسرە، دوو ساڵ کۆنگرە بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەی هەنگ و یەکترناسینی ئەندامان و هەڵبژاردنی باشترین هەنگوین دەبەستێ.

عارف عەبدوڵڵا، سەرۆکی تۆڕی کۆمەڵەکانی هەنگەوانانی کوردستان، ئاشکرای کرد "بڕیارە ساڵی 2019 کۆنگرەی یەکێتی هەنگاوانانی عەرەب و مونتەدای فیدراڵی هەنگەوانانی دەریای ناوەڕاست لەهەولێر ببەسترێ، دڵنیاین لەم کۆنگرەی داهاتووش هەنگوینی کوردستان هەر لە پلەی یەکەم دەمێنێتەوە".



بەرهەمی ساڵانەی هەنگەوانانی کوردستان زیاتر لە 800 تۆنە (فۆتۆ: رووداو)

**بەرهەمی ئەمساڵی هەنگوین بە ڕێژەی 70% دابەزیوە**

### بازاڕی هەنگوین لاواز بووە

محەممەد سەعید، خاوەنی پێشەنگای کوردستان، بۆ فرۆشتنی هەنگوین بەتاک و کۆ لەشاری هەولێر، کە ساڵانە 100 تاوەکو 130 تۆن هەنگوینی کوردستان دەفرۆشێت، دەڵێ "بەهۆی قەیرانی داراییەوە، فرۆشی هەنگوین زۆر کەم بووە، ئەمساڵ بە بەراورد بەساڵی رابردوو فرۆشمان بەرێژەی نزیکەی 40 % کەمی کردووە".

# ناڕوونی لە کەرتی وزە، کوردستان و عێراق بەرەو کوێ دەبات؟



یادگار سدیق

ئەگەرچی شێوازی گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت جیاوازن، بەڵام کاتێک پرسەکە دێتە سەر باسی ناشەفافی لە کەرتی نەوت و گاز و بەفیڕۆدانی داهاتەکەی، خاڵی هاوبەشی زۆر دەبینیتەوە.

لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ناوەڕۆکی بەشێک لەگرێبەستەکان ڕەوانەی پەرلەمان کران و بڵاوکرانەوە، بەڵام دوای ئەوە هیچ گرێبەستێکی دیکە نەنێردرا بۆ پەرلەمان لە کاتێکدا گرێبەستی زۆر گەورە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان کران و ڕێککەوتنی چەندین ساڵە لە بواری وزە لەگەڵ وڵاتان کران.

بەهۆی ئەو گوشارە میدیایی و پەرلەمانییەی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبوو، حکومەت دوو گرێبەستی وردبینی لە داهاتی نەوت لەگەڵ دوو کۆمپانیای بیانی کرد. یەکێک لەو کۆمپانیایانە دیلۆیت بوو

کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تشرینی یەکەمی 2016 گرێبەستێکی لەگەڵ واژۆ کرد. ئامانج لە گرێبەستەکە ئەوە بوو ڕاپۆرتەکانی سامانە سروشتییەکان لەلایەن کۆمپانیاکەوە وردبینییان تێدا بکرێ، ئینجا بڵاوبکرێنەوە. بەڵام لە بری شەفافبوونی کەرتی وزەی کوردستان، دیلۆیت بووە هۆکاری نەمانی ئەو داتایانەی کە پێشتر سامانە سروشتیەکان بڵاوی دەکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانی نێوان گرووپی دەستپێشخەریی شەفافیەت لە پیشەسازییەکانی دەرهێنانی وزە و حکومەتی هەرێمی کوردستان تێکچووە کە ئەمەش ناشەفافیی زیاتری کەرتەکە نیشان دەدات.

حاڵی عێراق لە هەرێمی کوردستان خراپترە. ئێستا عێراق لە لیستی 10 گەندەڵترین وڵاتانی جیهانە، ئەگەرچی پێشتر ئەندامی ڕێکخراوی دەستپێشخەریی شەفافییەتی نێودەوڵەتی بوو لە سێکتەری نەوت و گاز، بەڵام دواتر بەهۆی جێبەجێنەکردن و پشتگوێخستنی بڕگە و مادەکانی ڕێکخراوەکە، مافی ئەندامێتی لە ڕێکخراوەکە هەڵپەسێردرا، بە گوێرەی پێنوێنی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە ساڵی ڕابردوو، لە کۆی 100 خاڵ عێراق 17 خاڵی پێدراوە، لەو ڕووەوە لە وڵاتانی ئەفریقی تەنیا سوودان و لیبیا و سۆماڵ دوای عێراق دێن. لەلایەکی دیکەوە عەدنان جەنابی، سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەهۆی گەندەڵییەکی زۆر و خراپیی بەڕێوەبردنی سێکتەرەکانی نەوت و گاز و بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراقدا، لە ساڵی 2006 وە تا ئەمڕۆ زیانی زیاتر لە یەک تریلیۆن دۆلار بە ئابووریی عێراق کەوتووە.

ئەگەرچی بەشێک لە پاشەکشەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەهۆی دابەزینی نرخەکانی نەوت بوو، بەڵام کە نرخی نەوتیش لە سەرووی 100 دۆلار بوو، هەردوو حکومەتەکە دەستیان بەو داهاتە زۆرەوە نەگرت. بگرە عێراق ناچار بوو دەست بۆ دراوە یەدەگکراوەکەی ببات و قەرزیش بکات، حکومەتیش هەرێمی کوردستانیش سیستمی پاشەکەوتکردنی مووچەی پەیڕەو کرد و قەرزێکی زۆریشی کرد، تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی بدات.

هەرچەندە حکومەتی عێراق مانگانە بڕی بەرهەمهێنانی نەوت و داهاتەکەی بڵاودەکاتەوە، بەڵام ئەوە ئاماژە نییە بۆ شەفافبوونی حکومەتی عێراق لە کەرتی نەوت و گازدا، بەڵکو پرۆسەی شەفافبوونی کەرتەکە بۆ هەرێم و ناوەند لەوە ئاڵۆزترە و پێویستی بە شەفافبوونی باری سیاسی هەیە بە واتای متمانە لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵات، پاوانەکردنی ئابووریی وڵات، شەفافبوونی گرێبەستەکانی نەوت کە ئەستەمە تەنانەت بەرپرسەکانیش لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکان و چەند بڕگەیەک ئاگادار بن.

هەر بەهۆی گەندەڵی و ناشەفافی لە کەرتی وزەدا، هەردوو حکومەتەکە نەیانتوانیوە ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکەن کە بۆ پێشخستنی ئەو کەرتە هەیانبووە، حکومەتی عێراق لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵی بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی دا بۆ شەش ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی 32 ساڵ، نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێت، بەهەمانشێوە پێشتریش وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە تایبەتیش خودی وەزیرەکەی چەند جارێک ڕایگەیاند کە ئاستی بەرهەمهێنان دەگەیەننە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، بەڵام نەیتوانی لە 600 هەزار بەرمیل نەوت تێپەڕێنێ، ئەویش بە نەوتی هەردوو کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانەی کەرکووکیشەوە کە بەهۆی شەڕی داعشەوە کەوتنە دەستی کورد، بەڵام لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر هەردوو کێڵگەکەی لەدەستدا و ئێستا هەموو هەوڵی وەزارەتەکە ئەوەیە ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات.

هەردوو حکومەتەکە تەنانەت نەیانتوانیوە پاڵاوگەیەکی ئەوتۆ دابنێن کە چیدی پێویستیان بە هاوردەکردنی سووتەمەنی نەبێ، عێراق ساڵانە پێنج ملیار دۆلار لە هاوردەکردنی بەرهەمەکانی نەوت خەرج دەکات.

بەرهەمهێنانی کارەباش کەوتووەتە سەر سووتەمەنی، بەڵام لە بری پەنابردنە بەر غازی سرووشتی کە تێچووەکەی کەمترە، گازوایل بەکاردێنن کە زۆر لەسەر حکومەت دەکەوێ، هەرچەندە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرتر غازی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردێنێ.

گومان لەوەدا نییە تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە، لە وڵاتان بڕی تێچوونی دەرهێنان، بڕی ئەو باجەش دیاری دەکات کە دەبێ کۆمپانیاکانی نەوت لە بەرامبەر دەرهێنانی نەوت بیدەنە حکومەت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان و عێراق، سەرەڕای ئەوەی تێچووی دەرهێنانی نەوت بەراورد بە زۆربەی وڵاتانی دیکەی نەوتی زۆر کەمە، بەڵام کۆمپانیاکانی نەوت لە پێدانی باج بەخشراون. بەهۆی نەبوونی یاسای باج لە کوردستان لەسەر بەرهەمی نەوتی کۆمپانیا بیانییەکان، چەندین ساڵە کۆمپانیا نەوتییەکان باجیان نەداوە، پەرلەمانی کوردستانیش بەرپرسی سەرەکییە لە نەبوونی یاسای باجی کۆمپانیاکانی ئەو بوارە. دەبووایە هەر زوو هەوڵی ڕێکخستنەوەی باج و چۆنیەتی وەرگرتنی لە کۆمپانیاکان دابا کە دواجار ئەو باجە دەبووە سەرچاوەیەک بۆ داهات و پڕکردنەوەی خەرجییەکان، سەرەڕای پابەندنەبوونی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەو شوێنانەی کە کاریان تێدا دەکەن.

پیشەسازیی کەرتی نەوت و گاز لە عێراق و کوردستان پێویستی بە چاکسازیی هەمەلایەن هەیە، چونکە بەو شێوەی ئێستا هیچ سوودێک بە ئابووریی عێراق و کوردستان ناگەیێنێ، بگرە لە حاڵەتی دابەزینی نرخی نەوت، ئابوورییەکەی پتر دادەڕمێ، چونکە 90%ی زیاتری داهاتی عێراق و 85%ی داهاتی کوردستان پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێ.

## هەڕەشە لە ڕێککەوتنەکە دەکات

# ئۆپێک لە بەرزبوونەوەی خێرای نرخی نەوت نیگەرانە

**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی دوو ساڵ و نیوە ڕێکخراوی ئۆپیک لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی نرخی نەوت بەرز بکاتەوە، بەڵام ئێستا نیگەرانی ئەوەیە نرخەکان زیاتر لەوەی ڕێکخراوەکە دەیەوێت بەرز ببنەوە، شارەزایان و ئەندامانی ئۆپێک پێیانوایە ئەگەر نرخەکان بەو خێراییەی ئێستا لە بەرزبوونەوە بەردەوام بن، ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی نێوان ئۆپیک و وڵاتانی دەرەوەی ئۆپیک دەبێتە ئەگەرێکی بەهێز.

کۆتایی مانگی ڕابردوو، 24 وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت کە 14 یان ئەندامی ئۆپێکن و 10 وڵاتەکەی دیکەش لە دەرەوەی ئۆپێکن، بڕیاریان دا ماوەی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت تاوەکو کۆتایی 2018 درێژ بکەنەوە. بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنە ڕۆژانە 1.8 ملیۆن بەرمیل لەبەرهەمی ئەو 24 وڵاتە کەم دەکرێتەوە کە دەکاتە 2%ی کۆی بەرهەمی ڕۆژانەی نەوتی جیهان.

تاوەکو ئێستا زۆربەی نیگەرانییەکان پەیوەندییان بەوەوە هەبوو کە بەرزبوونەوەی زیاد لە پێویستی نرخەکان دەتوانێت هانی وەبەرهێنەرانی نەوتی لیتەی ئەمریکا بدات پەرە بە کەرتی نەوتی ئەمریکا بدەن و ئەمەش لە درێژخایەندا هەموو هەوڵێکی ئۆپێک و ڕووسیا بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکانی نەوت بەبا دەدات، بەڵام ئێستا نیگەرانیی نێوخۆییش هاتووەتە سەر نیگەرانییەکانی دیکە.

ئۆلی هانسن، بەڕێوەبەری دانانی ستراتیژ لە بانکی ساکسۆی دانیمارکی، پێیوایە ئەگەر نرخەکان بەو خێراییەی ئێستا ڕوو لە بەرزبوونەوە بن، ئەوە "لایەنە بەشدارەکانی ڕێککەوتنەکە هان دەدات بۆ ئەوەی فێڵ بکەن، ئەمەش دواجار هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکەی لێدەکەوێتەوە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئۆپێک نیگەرانن لەوەی ڕووسیا پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی کریملین لەژێر گوشارێکی زۆری کۆمپانیا زەبەلاحە نێوخۆییەکاندایە بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکە دەربچێت، بۆیەش بەدووری نازانن ڕووسیا بیر لە پلانێک بۆ دەرچوون لە ڕێککەوتنەکە بکاتەوە.

نەوتی لیتەی ئەمریکا چاوی لە بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوتە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەرە بە پیشەسازیی نەوت لە ئەمریکا بداتەوە. ئیمانوێل ئیبێ کاچیکو، وەزیری نەوتی نایجیریا لەوبارەیەوە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ڕاگەیاندووە: "ئێمە نامانەوێت نرخەکانی نەوت بێ سنوور بەرز بێتەوە"، لەبەر ئەوەی ئەمە یارمەتی نەوتی لیتەی ئەمریکا دەدات کە بە نەوتی شەیڵ (Shale) ناسراوە، جارێکی دیکە بێتەوە مەیدانی کێبڕکێ.

لەڕووی مێژووییەوە ئۆپێک نەیتوانیوە پابەندی ڕێککەوتنەکانی بێت. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا ئۆپێک دەیویست کۆنترۆڵێک لەسەر نەوتی ئالاسکا و دەریای باکوور دابنێت، بەڵام ئەو هەوڵەش شکستی هێنا و ئۆپێکیش ڕێککەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە. سعودیە نەیشاردووەتەوە کە ئامانجی ڕێککەوتنەکەی ئێستا تەنیا جێگیرکردنی نرخەکانی نەوتە لە ئاستێکی گونجاودا، بە جۆرێک جیاوازیی نێوان داخوازیی بازاڕ و خستنەڕوو زۆر نەبێ.

ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕایانگەیاندووە کە 60 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، نرخی نموونەیی ئۆپێکە، چونکە بەو نرخە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک دەتوانن پێداویستییە داراییەکانی وڵاتەکانیان پڕبکەنەوە و ڕێگەش نەدەن ئەمریکا ئەم هەلە لە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە. بۆیە کاتێک بۆ یەکەمجار لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەفتەی ڕابردوو نرخی نەوت گەیشتە 65 دۆلار، زۆربەی ئەندامانی ئۆپێک ترسیان لێنیشت.

هەر هەفتەی ڕابردوو نرخی نەوتی برێنت بۆ 63 دۆلار دابەزی، بەڵام بەرپرسێکی باڵای ئۆپێک بە (جورناڵ)ی ئەمریکی گوتووە "ئەم نرخە کێشەمان بۆ دروست دەکات، چونکە ئەگەر ئەو نرخە بەدڵی بەرهەمهێنەرەکانی دیکە بێت، ئەوە جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم".

وڵاتانی ئۆپێک پێویستیان بە نرخێکی بەرزی نەوتە بۆ ئەوەی هاوسەنگیی بودجەی ساڵانەی وڵاتەکانیان بپارێزن. وڵاتێکی وەکوو نایجیریا پێویستی بەوەیە نرخی برێنت بگاتە 139 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بۆ ئەوەی تووشی کورتهێنانی بودجە نەبێت. سعودیەش پێویستی بە نەوتی 84 دۆلاری هەیە بۆ ئەوەی لە لایەکەوە باڵانسی بودجەی پێ ڕابگرێت و لە لایەکی دیکەشەوە نرخی پشکەکانی کۆمپانیای ئارامکۆی پێ بەرز بکاتەوە. حکومەتی سعودیە بەنیازە بەشێک لە پشکەکانی ئارامکۆ بفرۆشێت و پارەکەی لە پڕۆژەی چاکسازی و گۆڕانی سیستەمی ئابووریی وڵاتەکەی خەرج بکات. سەرەڕای ئەم مەترسییانەش، بەرپرسانی ئۆپێک دەزانن بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری نرخی نەوت دەتوانێت دەرفەت بۆ وەبەرهێنەرانی ئەمریکی دروست بکات و ژێرخانی نەوتی لیتەی ئەمریکا بەجۆرێک گەشە بکات کە لە داهاتوودا هەموو چەشنە هەوڵێک بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت بێهودە بێ.

شارەزایان پێیانوایە لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ژمارەیەک هۆکار یارمەتیدەری ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک بوون، لەوانەش تێکچوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق، ئەمریکا، بەریتانیا و ڤەنزوێلا. لە پاڵ هەموو ئەمانەش پابەندبوونی بێ وێنەی ئۆپێک بە ڕێککەوتنەکە وایکردووە بازرگانانی نەوت بە چاوێکی جیاواز سەیری داهاتووی بازاڕەکانی نەوت بکەن. لە مانگی ئۆکتۆبەردا، ئۆپێک ڕایگەیاند کە ڕێکخراوەکەیان زیاتر لەوەی بەڵێنی دابوو (واتە 1.2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا) پابەندی ڕێککەوتنەکە بووە.

ڕێککەوتنەکەی ئێستای ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی کە لە کۆتایی ساڵی داهاتوو ماوەکەی تەواو دەبێت، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی داهاتوودا جارێکی دیکە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێتەوە. لە کۆبوونەوەکەی 30ی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا، ڕووسیا داوای کردبوو یان ئەوەتا درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنەکە بۆ ساڵی داهاتوو دوابخرێت، یان ماوەی درێژکردنەوە تەنیا تاوەکو کۆتایی مانگی شەشی ساڵی داهاتوو بێت. وەکوو ڕێککەوتنێکی مامناوەند، سعودیە پێشنیازی کردبوو ڕێککەوتنەکە تاوەکو کۆتایی 2018 درێژ بکرێتەوە، بەڵام لە کۆبوونەوەکەی مانگی شەشی ساڵی داهاتوودا بڕیاری کۆتایی بدەن لەسەر ئەوەی ئایا درێژە بە جێبەجێکردنی ریککەوتنەکە بدرێت یان نا. ڕووسیا بە مەرجەکەی سعودیە ڕازی ببوو.

ڕێککەوتنەکەی ئێستای ئۆپێک و ڕووسیا لە سەرەتای ئەمساڵەوە دەست بە جێبەجێکردنی کراوە. سەرەتا بڕیار بوو ڕێککەوتنەکە تاوەکو کۆتایی حوزەیرانی 2017 کاری پێ بکرێت، بەڵام لە مانگی ئایاری ئەمساڵ بڕیاردرا ماوەی ڕێککەوتنەکە بۆ ئاداری 2018 درێژ بکرێتەوە. لە دوایین کۆبوونەوەی ئۆپێک و هاوپەیمانەکانیشیدا ڕێککەوتن کرا لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنەکە تاوەکو کۆتایی 2018 درێژ بکرێتەوە.





## گۆڤەندی زیلان لە ئەڵمانیایە

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، زیلان ڕۆژ نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی بەناوی گۆڤەند لە ئەڵمانیا تۆمارکرد. زیلان ڕۆژ لەبارەی ئەم ڤیدیۆکلیپەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم گۆرانییە ئاواز و تێکستەکەی فۆلکلۆرە، بەڵام بەشێوازێکی نوێ لەلایەن ڕەوەند جەواد کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە". زیلان گوتیشی "چەند ڕۆژێک لە شاری بەرلین سەرقاڵی وێنەگرتنی کلیپەکە بووین، ئێستا لە قۆناخی مۆنتاژکردندایەو لە ماوەیەکی نزیکدا بڵاوی دەکەینەوە". زیلان ڕۆژ زیاتر لە 9 ساڵە سەرقاڵی کاری هونەرییە، ماوەی شەش ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی و خاوەنی ئەلبوومێکی گۆرانی و چوار ڤیدیۆکلیپە.

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# بە شڤانم گوت ئەگەر تۆ نەمخوازی خۆم دەکوژم

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی کە لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە. گوڵستان لە بەشی چوارەمی ئەم هەڤپەیڤینەدا باسی پەیوەندی ئەڤینداریی خۆی و شڤان، هەروەها کۆچکردنی شڤان بۆ ئەڵمانیا دەکات.



**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی چوارەم**

**ڕووداو: جاری ڕابردوو باست لەوە کرد کە لە گوندەکەت دەستبەسەر کرابووی، دواتر نامەیەکت نارد بۆ شڤان کە ئەوکات لە ئەڵمانیا بوو، لە نامەکەدا باسی چیت کردبوو؟**

**گوڵستان:** شڤان دوو ساڵ بوو گەیشتبووە ئەڵمانیا، زۆرجار لە ڕێگەی ئەو کوردانەی کە بە سەردان دەهاتنەوە دیاری و نامەی بۆ دەناردم. کاسێتەکانی بۆ دەناردم.

**ڕووداو: لەگەڵ شڤان پەیوەندیتان هەبوو، ئەوە پەیوەندییە بە دڵی ماڵباتەکانتان بوو؟**

**گوڵستان:** نەخێر هیچیان لەگەڵ ئەو پەیوەندییەدا نەبوون، چونکە لەرووی چینایەتییەوە جیاواز بووین، ماڵباتی شڤان ڕەنجبەر بوون، هیچ گوند و موڵکیان نەبوو. باوکی شڤان دەترسا لەوە و دەیگوت باوکی گوڵستان ئاغایە و خزمەتکاری هەن، دایکیشی کچە شێخە، ئێمە لە ئاستی ئەو بنەماڵەیەدا نین و ئەو جیاوازییە ڕێگە نادات گوڵستان ببێتە بووکمان. باوکیشم دەیگوت نابێ، چونکە ئەوان لە ئاستی ئێمەدا نین. بەڵام کاتێک مەلەسەی چەپ و کوردایەتی و سیاسەت هاتە گۆڕێ، من گرنگیم بە مەسەلە چینایەتییەکە نەدا. من دەمگوت بۆ من ماڵ و موڵک و چینایەتی گرنگ نییە، مادام شڤان کوردپەروەر و شۆڕشگێڕە، ئەوە بەلای منەوە گرنگ بوو.

**ڕووداو: پێش ئەوەی شڤان بچێتە ئەڵمانیا، پەیوەندیتان هەبوو؟**

**گوڵستان:** بەڵێ، کاتێک شڤان چوو بۆ زانکۆ من بچووک بووم، کە گەڕایەوە من گەورە ببووم، تەمەنم 14 ساڵان بوو. هاتەوە سەیری منی کرد و گوتی: ئۆ دۆتمام تۆ گەورەبوووی! شڤان خۆی لە من نزیک دەکردەوە، بەڵام من شەرمم دەکرد، ئەگەر شڤان لە ژوورێک بوایە، نەدەچوومە ئەو ژوورە.

> ماڵباتەکانمان دژی پەیوەندی من و شڤان بوون

**ڕووداو: ئەوکات شڤان سترانی دەگوتن؟**

**گوڵستان:** ئەوکات شڤان کەسێکی نۆرماڵ بوو، تەنیا ئەوە بوو کە چووبووە قۆناغی ئامادەیی لە ئورفا، فێری تورکی ببووبوو. کە دەهاتە گوند هەستت دەکرد جیاوازە لە براکانی. پاشان دوو ساڵ چووە ئەنقەرە و گەڕایەوە، بینیم تەمبووری بەدەستەوەیە و باسی کوردستان دەکات. شڤان لە بیرەوەریی خۆیدا دەڵێت کە چووە ئەنقەرە گرووپەکەی ئێمە "شۆڕشگێڕانی کوردستان"ی ناسی. ئەوکات پارتی ڕزگاری هەبوو، پارتەکەی کەمال بورقای، پارتی سۆسیالیست هەبوو. کاوەجی و کۆکجی هەبوون. شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ئەنقەرە تازە دەستیان بە خەباتی ئایدیۆلۆژی کردبوو، شڤانیش لە ئەنقەرە تێکەڵیان بوو. فەرید ئۆزۆن کە خەڵکی گوندێکی ناوچەی ئێمە بوو، کاریگەری زۆری لەسەر شڤان هەبوو، فەرید سەرکردەی گرووپی کاوەجی بوو، تەمبووریشی لێدەدا، هەندێک لە سترانەکانی شڤان لەو سەردەم هی فەرید بوون. شڤان دەنگی لە فەرید خۆشتر بوو. کە گەڕایەوە باسی کوردستان و شۆڕشی دەکرد، بینیم گۆرانی کوردی دەڵێت و باسی مارکس و لینین دەکات، باسی بندەستیی کوردستان و ئاغا و شێخ دەکات.

**ڕووداو: واتە باوکی تۆش هاتە نێو مەسەلەکە؟**

**گوڵستان:** بەڵێ بەڵێ، باوکم و خاڵیشم. منیش هەمان بیرکردنەوەم هەبوو، پێموابوو ئەوەی نەیهێشتووە کوردستان ببێ بە شتێک، شێخ و ئاغا و سەرۆک عەشیرەتن.

**ڕووداو: کەی پەیوەندی سۆزداری لە نێوان تۆ و شڤان دروستبوو؟**

**گوڵستان:** بیرمە تەمەنم 14 ساڵ و نیو دەبوو، ڕۆژێکیان شڤان بە تەمبوورەکەیەوە هاتە ماڵمان، گوتی دۆتمام وەرە با بەیەکەوە گۆرانی (هەرنە پێش) بڵێین. ئیدی بە دزی ماڵەوە چەند گۆرانییەکی سیاسیمان پێکەوە تۆمار کرد، پاشان تەمبوورەکەی دانا و گوتی: حەز دەکەم هاوسەرگیری بکەین، بەڵام من یەک کێشەم هەیە. خۆت دەزانی من سترانان دەڵێم، دەچم بۆ کۆنسێرتان، پۆلیس بەدوامدا دەگەڕێ، ئەگەر گیرام، یان کوردستانم جێهێشت. تۆ چاوەڕێم بکە. منیش پێمگوت هەتا مردن چاوەڕێت دەکەم.

**ڕووداو: شڤان بۆچی کوردستانی جێهێشت؟**

**گوڵستان:** ئەوکات گەنجان بەناوی کوردستانەوە کۆنسێرتیان دەکرد، جا ئەوکات بۆ نموونە دەیانگوت شەڤا هەکاری، شەڤا سروجێ، شەڤا ڕەهایێ، شەڤ واتە کۆنسێرت. شڤان هەر جارێک بە ناوێک دەچووە سەر تەختی شانۆ و گۆرانی دەگوت، بەڵام دواتر ناوە ڕاستەقینەکەی لەلایەن پۆلیس و حکومەتەوە ئاشکرابوو، ویستیان بیگرن. لە ئەنقەرە هەڤاڵی زۆربوون، لەوێ لەلایەن گرووپی دەدەکۆ دەربازکرابوو. لە ئەڵمانیاش هەر پەیوەندی بەو گرووپەوە کردەوە.

> هەڕەشەیان لە باوکم کرد کە دەبێ من بداتە شڤان

**ڕووداو: چۆن دەربازیان کرد؟**

**گوڵستان:** ئەوکات ڤیزا لە نێوان تورکیا و ئەڵمانیادا نەبوو. وا بزانم لەسەر سنوور شتێکیان دابوو بە پۆلیس، دەربازیان کردبوو.

**ڕووداو: کەی بڕیارتاندا هاوسەرگیری بکەن و تۆش بچی بۆ لای ئەو؟**

**گوڵستان:** بنەماڵەکەمان دژی ئەو پەیوەندییە بوون، بەڵام دایکم پشتگیری دەکردم، بە تایبەتی دوای ئەوەی زانی من دڵم بە شڤانەوەیە، هەوڵی دەدا قەناعەت بە باوکم بهێنێ. نامەیەکم بۆ شڤان نارد کە باوکم و برام و مامم دەیانەوێ بە زۆر بەشووم بدەن. چونکە نەیاندەویست شوو بە شڤان بکەم. هەروەها دەیانویست بەو هۆیەوە من لە سیاسەت دووربخەنەوە. لە نامەکەدا بە شڤانم گوت، چارەیەک بدۆزەرەوە چی بکەم. پێمگوت ئەگەر بەزۆر بە شووم بدەن، کۆتایی بە ژیانی خۆم دێنم. شڤان دوای ئەوەی نامەکەی منی بینیبوو، بە هەڤاڵەکانی گوتبوو گوڵستان تەنگاو بووە و منیش ناتوانم بگەڕێمەوە تورکیا. دەبێ گوڵستان بێتە ئێرە. بۆیە دوو برادەری خۆی ناردەوە تورکیا.

**ڕووداو: کێ بوون؟**

**گوڵستان:** یەکێکیان فەقیر ئەحمەد بوو کە خەڵکی سروچ بوو، ئەوی دیکەشیان ئەیۆ بوو کە خەڵکی وێرانشار بوو، هەڤاڵێکی نزیکی شڤان بوو. ئەوان سەرەتا چووبوون بۆ لای باوکی شڤان و گوتبوویان هاتووین گوڵستان بۆ شڤان بخوازین و لەگەڵ خۆمانی ببەین، ئەویش گوتبووی من شڤان ناناسم. ئەو چی داوە لە کوردایەتی! بۆ دژایەتی حکومەت دەکات! ئەوکات شڤان بەناوبانگ ببوو، چوار کاسێتی گۆرانی دەرکردبوو، گۆرانییەکانی قەدەغەکرابوون. باوکی شڤان گوتبووی من تێکەڵی ئەو مەسەلەیە نابم، باوەڕ ناکەم باوکی گوڵستان کچەکەی خۆی بداتە ئێمە. دواتر چووبوون بۆ ماڵی ئێمە بۆ لای دایکم، چونکە شڤان پێیگوتبوون یەکەمجار قسە لەگەڵ دایکی بکەن، دایکم گوتبووی هاوکاریتان دەکەم، بەڵام چۆن قەناعەت بە باب و برای بکەم کە گوڵستان لە ماڵ ببەنە دەرەوە. قسەیان لەگەڵ باوکم کردبوو، باوکم گوتبووی من کچی خۆم نادەم. من کچی خۆم بنێرمە ئەڵمانیا؟ ئەوکات شۆڕشگێڕانی کوردستان ناوچەی حیلوانیان ئازاد کردبوو، هەڤاڵ ئەیۆ پەیوەندی لەگەڵیان هەبوو، چووبوونە ئەوێ، لەوێ هەڤاڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان بینیبوو، پێیانگوتبوو کە هاتوون گوڵستان بۆ شڤان ببەن، بەڵام باوکی ڕازی نییە، ئەویش گوتبووی چی بە ئێمە بکرێ ئامادەین. قسەیان لەگەڵ باوکم کردبوو، گوتبووی نایدەم. ئیدی ئەوان هەڕەشەیان لە باوکم کرد.

## یەڵدا پەرسا، خانمە هونەرمەندی فارس بۆ (ڕووداو)

# بە پێنج زمان گۆرانی دەڵێم بەڵام زۆرتر حەزم لە کوردییە

**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

یەڵدا پەرسا "Yalda Persa" خانمە ڕۆژنامەنووسێکی فارسە، ماستەری لە ڕۆژنامەنووسیی گەڕۆک لە زانکۆیەکی بەرسیلۆنای ئیسپانیا وەرگرتووە، لەگەڵ چەند ئاژانسێکی جیهانی لە ئێران، ئەورووپا و باشووری کوردستان کاری کردووە، بەڵام ئێستا پتر وەکو خانمێکی گۆرانیبێژ ناسراوە نەک ڕۆژنامەڤان. یەڵدا چەند ساڵێکە دەستی داوەتە کاری هونەری. ساڵی 2014 بۆ یەکەمینجار لە بارسێلۆنا گۆرانی گوتووە، بەڵام کاتێک گۆرانییەکی کوردی لە یەکێک لە کەنیسەکانی ئیسپانیا گوت، زیاتر لە نێو خەڵکی کوردستان ناسرا. (ڕووداو) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد.

**ڕووداو: چۆن فێری زمانی کوردی بوویت؟**

**یەڵدا:** دایکم و باوکم فارسن، بەڵام خۆم زۆر حەزم لە زمانی کوردییە، لە باشووری کوردستان فێری کوردی بووم، کولتوور و فەرهەنگی فارسی زۆر لە فەرهەنگی کورد نزیکە، بۆیە منیش زۆر حەزم لەو کولتوورە کوردییە کرد. لە هەولێر کۆمپانیام هەبوو، زۆر تێکەڵی کورد بووم و زمانەکەیان فێربووم.

**ڕووداو: کۆمپانیاکەتان لە هەولێر لە چ بوارێکدا کاری دەکرد؟**

**یەڵدا:** هاوکاری و هەماهەنگیمان لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپییەکان دەکرد، لەگەڵ کونسوڵخانەکان کارمان دەکرد، کۆمپانیای بازرگانیمان بۆ کارکردن دەهێنایە کوردستان.

> بە جلی کوردییەوە بەشداری نمایشی جلوبەرگم کرد

**ڕووداو: سەرەتای ئاشنابوونت لەگەڵ کورد بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**یەڵدا:** لە تاران هەندێ هاوڕێی کوردم هەبوون لەگەڵ ئەوان ئاشنای گەلی کورد بووم، بەهمەن قوبادیم ناسی و دواتر لەگەڵ گرووپی میوزیکی ژێوار کارم کرد، وەک سەرپەرشتیاری گرووپەکە کە زۆربەیان کوردن، ئیدی تێکەڵی کولتووری کوردی بووم، پاشان لە ساڵی 2009 هاتمە هەولێر و سێ ساڵ لەوێ بووم، لە هەولێر زۆر شت فێربووم.

> زۆر شەیدای فەرهەنگ و کولتووری کوردیم

**ڕووداو: چۆن ئاشنای میوزیک و گۆرانی کوردی بوویت؟**

**یەڵدا:** بەهۆی گۆرانی و میوزیکەکانی هونەرمەند تارا جاف حەزم لە گۆرانی و میوزیکی کوردی کرد، هەر لە ڕێگای دەنگی ئەویشەوە خۆشەویستیم بۆ کولتوور و فەرهەنگی گەلی کورد زیاتر بوو، پێش چەند ڕۆژێک قسەم لەگەڵ تارا جاف کرد، پێمگوت لە تەمەنی گەنجیم بە دەنگی تۆ عاشق بووم و یادگاری زۆرم لەگەڵ گۆرانییەکانت هەیە.

**ڕووداو: چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە بە کوردی گۆرانی بڵێی؟**

**یەڵدا:** من پێشتر گۆرانیی کوردیم گوتووە، بەڵام ئەمساڵ گرووپێکی میوزیکیمان بەناوی BCN world Music لە ئیسپانیا دامەزراند کە لە چەند هونەرمەندێکی سەر بە زمان و کولتووری جیاواز پێکهاتووە، لەم گرووپەدا هەریەکە بەزمانی خۆی گۆرانی دەڵێت، ئامانجمان بوو بە ڕێگەی هونەر، هەموو سنوورەکان ببەزێنین و بەربەستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بشکێنین. من لەگەڵ ئەم گرووپە بە گۆرانی کوردی بەشداریم لەچەند کۆنسێرتێکدا کردووە، دەمەوێت نوێنەرایەتی فەرهەنگ و کولتوور و هونەری دەوڵەمەندی کورد بکەم، تاوەکو ئێستا لە چەند وڵاتێک کۆنسێرتمان کردووە، لە هەموو کۆنسێرتەکان گۆرانیی کوردیم گوتووە، هەموو ئامادەبووان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیان لێکردووە و زۆر پێیانخۆش بووە.

**ڕووداو: بە چەند زمان گۆرانی دەڵێی؟**

**یەڵدا:** دەتوانم بە پێنج زمان گۆرانی بڵێم، بەڵام زۆرتر حەز دەکەم بە کوردی گۆرانی بڵێم. هاوڕێیەکانم و خەڵکی ئێرە لە ئیسپانیا دەڵێن باشە تۆ بۆ بە کوردی گۆرانی دەڵێیت لە کاتێکدا 5 زمان دەزانی، بەڵام من هەر حەز دەکەم گۆرانی کوردی بڵێم، ئەویش لەبەر ئەوەیە کورد لە ئیسپانیا زۆر کەمن، بەتایبەتی کەتەلۆنیا، ئەگەر هەشبێت چالاکی هونەرییان نییە، منیش ئێستا خۆم بە نوێنەری کورد دەزانم و لەو ڕێگایەوە دەمەوێت خزمەت بکەم.

**ڕووداو: ئیسپانییەکان و کەتەلۆنییەکان هیچ لەبارەی کولتوور و هونەری کوردی دەزانن؟**

**یەڵدا:** بەداخەوە ئەوان زۆر ئاشنای کولتووری کوردی نین، چونکە لێرە کورد چالاکیی زۆر کەمە و کاریان بۆ ناساندنی کولتووری کوردی نەکردووە، کورد گەورەترین نەتەوەیە کە تاوەکو ئێستا دەوڵەتی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەمەندترین کولتووری هەیە، کەتەلۆنییەکان حەز بە نزیکبوونەوە لە گەلی کورد دەکەن، بۆیە پێشوازییەکی باش لە کولتووری کوردی دەکەن.

**ڕووداو: جگە لە گۆرانیگوتن، لە چ بوارێکی دیکە شارەزایت؟**

**یەڵدا:** چەند کورتە شیعرێکی شێرکۆ بێکەسم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیسپانی کە ئەوکات مامۆستا شێرکۆ لە ژیاندا مابوو، زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام چاپەکەم بە دڵ نەبوو، بڕیارە جارێکی دیکە چاپی بکەینەوە. هەروەها بەهرەی نمایشکاریم تێدایە، لە نمایشکردنی جلوبەرگ لە ئیسپانیا بە جلوبەرگی کوردی بەشداریم کرد.

**ڕووداو: بە نیاز نیت دوێت لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد بکەی؟**

**یەڵدا:** بەڵێ لە بەرنامەمدا هەیە دوێت بکەم، دەمەوێت دوێت بە کوردی و فارسی، کوردی و ئیسپانی، کوردی و کەتەلۆنی، کوردی و ئینگلیزی بکەم، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەم پرۆژانە جێبەجێ دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانی سینگڵیشم دەبێت، بەڵام نەبوونی ژەنیاری کورد لە ئیسپانیا کێشەیە.

> بەهۆی تارا جافەوە حەزم لە موزیک و گۆرانیی کوردی کرد




Family Mall
Shopping & Entertainment Center
Erbil
Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
Milk
powder
حليب

ژنان
ڕووداو
ژمارە (487) - دووشەممە 2017/12/25

## تەرمێک لە شاری دایکدا دەدۆزرێتەوە



**ڕووداو- سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە 2017/12/24 دوای ئاگادارکردنەوەی هێزەکانی پۆلیس، تەرمی هاووڵاتییەک لەنێو پرۆژەی شاری دایک (بەرامبەر چاقی لاند) بە کوژراوی دۆزرایەوە. دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمە فریاگوزارییەکان، تەرمی هاووڵاتییەکە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری لە شاری سلێمانی کراوە. پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ئەو هاووڵاتییە ڕەگەزی نێرە و تەمەنی نزیکەی 30 ساڵ دەبێت، نزیکەی چوار ڕۆژە کوژراوە، بەهۆی ئەوەی هیچ ناسنامەیەکی پێ نەبووە، تائێستا ناو و تەمەن و شوێنی نیشتەجێبوونی نەزانراوە. هێزەکانی پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە.



## %30 توندوتیژی دژی ئافرەتان زیادی کردووە

# 2017 ساڵێکی توندوتیژ بوو بۆ ژنانی کوردستان

سەریاز سیامەند
ڕووداو- هەولێر

ساڵی 2017 کە تەنیا هەفتەیەکی ماوە، ساڵێکی قەیراناوی بوو بۆ خەڵکی کوردستان، پڕ لە توندوتیژیش بوو بۆ ئافرەتان، چونکە بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، توندوتیژی دژی ئافرەتان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری 10 مانگی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە لە ماڵپەڕەکەیان بڵاوکراوەتەوە، ئاستی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە بەراورد بە 10 مانگی ساڵی ڕابردوو، بەڕێژەی 30.5 % زیادی کردووە.

زیادبوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان بووەتە کێشەیەکی جیهانی، بەتایبەت لە وڵاتانی دواکەوتوو و تازە پێگەیشتوودا. بەگوێرەی ڕاپۆرتی سندوقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان (UNFPA)، لە هەر سێ ژن لە جیهاندا ژنێک دەکەوێتە بەر توندوتیژیی ئەندامانی بنەماڵەکەی وەک: باوک، برا، مێرد، یان یەکێک لە خزم و کەسەکانی.

### هەولێر لە ژنکوشتندا یەکەمە

سەرەڕای هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و توندکردنی سزاکان لە دژی ژنکوژان، بەڵام کوشتنی ژنان بە پاساوی جۆراوجۆر بە تایبەتی بەناوی پاراستنی شەرەف، نەک کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو زیادیشی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژیی دژی ئافرەتان، لە 10 مانگی ساڵی ڕابردوودا 32 ژن کوژرابوون، بەڵام لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 42 ژن کوژراون.

لە 10 مانگی ساڵی ڕابردوودا زۆرترین ژن لە سنووری پارێزگای دهۆک کوژران کە 10 ژن بوون، بەڵام ئەمساڵ هەولێر لە ژن کوشتندا پێش دهۆکی داوەتەوە و لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 15 ژن لە سنووری پارێزگای هەولێر کوژراون.

هەروەها لە سلێمانی 12 ژن کوژران و لە دهۆکیش 11 ژن، بەڵام لە سنووری ئیدارەی گەرمیان هیچ ژنێک نەکوژراوە.

### 67 ژن خۆیان کوشتووە

بەپێی ئامارەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، دەردەکەوێ حاڵەتی خۆکوشتنی ژنانیش زیادی کردووە، بەڵام زیادبوونەکە بە ڕێژەیەکی کەمە، لە 10 مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 66 ژن خۆیان کوشتبوو، بەڵام 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 67 ژن خۆیان کوشتووە. لە خۆکوشتنی ژنانیشدا ئەمساڵ هەولێر پلەی یەکەمی گرتووە بە 24 حاڵەت، دوای ئەویش سلێمانی و دهۆک دێن، هەر یەکەیان بە 17 حاڵەت.

### سووتان کەمی کردووە و خۆسووتاندن زیادی کردووە

لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بە توندوتیژی دایناون (کوشتن، خۆکوشتن، سووتان، خۆسووتاندن، سکاڵا و دەستدرێژی) تەنیا سووتانی ژنان لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بەراورد بە 10 مانگی ساڵی ڕابردوو هەندێک کەمی کردووە. ئەمساڵ 184 ژن سووتاون، بەڵام ساڵی ڕابردوو 192 ژن سووتابوون. دیسان هەولێر لە حاڵەتەکانی سووتانی ژنان سەرلیستی گرتووە، بەپێی ئامارەکە لەو 10 مانگەدا لە هەولێر 71 ژن سووتاون.

حاڵەتەکانی خۆسووتاندنی ژنانیش کە زۆرجار هۆکارەکەی ئەو توندوتیژیانەیە بەرامبەریان دەکرێ، لە هەڵکشاندایە. لە 10 مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 79 ژن خۆیان سووتاندبوو، بەڵام لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 106 ژن خۆیان سووتاندووە، لەو ژمارەیەش پشکی شێر بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە بە 36 حاڵەتی خۆسووتاندن.

### ژنان سکاڵا تۆمار دەکەن

ئێستا ئەو سەردەمە نییە کە ژنان باری قورسی ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێ بە هەڵڕشتنی فرمێسک لەنێو چوار دیواری ماڵەوە سووک بکەن، بەڵکو زۆربەیان پەنا دەبەنە بەر نووسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان، بۆیە ژمارەی سکاڵاکان بەرێژەیەکی بەرچاو بەرز بوونەتەوە.

بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە 10 مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا ژنان 5357 سکاڵایان تۆمارکردبوو، بەڵام لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ژمارەکە زۆر زیادی کردووە و گەیشتووەتە 7854 سکاڵا. بەپێی ئەو ئامارە لە ماوەی ئەو 10 مانگەدا ڕۆژانە 26 ژن سکاڵایان تۆمارکردووە. ئەمساڵ و ساڵی ڕابردووش زۆربەی سکاڵاکان لەلایەن ژنانی هەولێرەوە تۆمارکرابوون، ساڵی ڕابردوو 2194 سکاڵا و ئەمساڵیش 2623 سکاڵایان تۆمارکردووە.

عیزەدین عەبدوڵلا یاسین، ئەندامی لێژنەی ئاشتەوایی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، سەبارەت بە زیادبوونی ئاماری سکاڵاکان بە (ڕووداو)ی گوت: "هۆکاری زۆربوونی سکاڵاکان بۆ هۆشیاریی خەڵک دەگەڕێتەوە لەوەی ئێستا دەزگایەک هەیە و دەتوانێت سکاڵای لێ تۆمار بکات."

### لە دەستدرێژیدا دهۆک لەپێشە

یەکێک لەو توندوتیژیانەی بەڕێوەبەرایەتییەکە کاری لەسەر دەکات دەستدرێژییە، بەپێی بەراوردی ئاماری ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو حاڵەتی دەستدرێژیش ڕوو لە زیادبوونە. لە 10 مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا 82 حاڵەتی دەستدرێژی تۆمارکرابوون، بەڵام لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا بۆ 114 حاڵەت زیادی کردووە.

بەپێی ئامارەکە، ئەمساڵ و ساڵی ڕابردووش زۆرترین حاڵەتی دەستدرێژی لە سنووری پارێزگای دهۆک تۆمارکراوە، ساڵی ڕابردوو 39 حاڵەت و ئەمساڵیش 32 حاڵەت.

توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام لەدوای ساڵەکانی دوو هەزارەوە، گوشاری میدیا و ڕێکخراوەکان، وایکرد حکومەت بیر لە ڕێگەچارە بکاتەوە. لە ساڵی 2007 هەنگاوێکی بۆ ئەو پرسە هاویشت، وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی بەناوی "بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان کردەوە".

دواتر بە هەوڵی حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە پەرلەمان یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی دەرچوو. دوای ئەوەی چەند ساڵێک بەدواداچوون بۆ حاڵەتەکانی توندوتیژی کرا، ئیدی حکومەت بڕیاری دا بەرەنگاری توندوتیژییەکان ببێتەوە، ناوی بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە "بەدواداچوون"ەوە بۆ "بەرەنگاربوونەوە" گۆڕی، لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی و 29 نووسینگەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژی ئافرەتان کردەوە. سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی ژنان، ئامارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەریدەخات هێشتا توندوتیژی دژی ئافرەتان بەردەوامە. بەپێی بەراوردی ئاماری 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو، توندوتیژی دژی ئافرەتان بەرێژەی 30.5 % زیادی کردووە.

### 662 ژن چوونەتە شەڵتەرەکان

دوای کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، بیر لەوە کرایەوە شوێنێکی حکومی بۆ داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو دروستبکرێ کە پێشتر شوێنی داڵدەدان لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە کرابوونەوە، بەڵام بەهۆی ئەو تێبینیانەی لەسەر ئەو خانانە هەبوون، هەندێکیان داخران، لەوانەش ماڵی خانزاد. ئێستا ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو کە شەڵتەریشیان پێدەگوترێ، سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین، بەڵام بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بەڕێوەدەبرێن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 662 ژن چوونەتە شەڵتەرەکان، واتە ڕۆژانە لانیکەم دوو ژن پەنا بۆ شەڵتەر دەبەن.

لەو ئافرەتانەی لەو ماوەیەدا چوونەتە شەڵتەرەکان 421 ئافرەتیان کێشەکەیان چارەسەر کراوە و دوای پڕکردنەوەی بەڵێننامە لەلایەن کەسوکاریانەوە، شەڵتەریان جێهێشتووە، بەڵام 276 ئافرەت لە شەڵتەرەکان ماون.

زۆرترین ئەو ئافرەتانەی چوونەتە شەڵتەرەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر بووە کە 233 ئافرەت بووە، لەو ژمارەیەش 153یان شەڵتەریان جێهێشتووە و 80شیان هەر لە شەڵتەر ماون.

عیزەدین عەبدوڵلا یاسین باسی ڕەوشی شەڵتەرەکان دەکات و دەڵێت: "شەڵتەرەکان پێویستیان بە گرنگیپێدانی زیاتر و فراوانکردن هەیە. پێویستە ئەو حاڵەتانەی ڕەوانەی شەڵتەرەکان دەکرێن ڕیزبەندییان بۆ بکرێ، ئێستاش کە نەکراوە بەهۆی کەمیی شوێنی پێویست بووە بۆ جیاکردنەوەی کەیسەکان".

### هاوژینەکان ئاشت نابنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لێژنەیەک هەیە بۆ ئاشتەوایی لەو کێشانەی دەنێردرێنە بەڕێوەبەرایەتییەکە، بەڵام ئاماری لێژنەکە دەریدەخات، زۆربەی ئەو کێشانەی حەواڵەی لێژنەکە کراون، چارەسەرنەکراون.

بەپێی ئاماری لێژنەی ئاشتەوایی لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 658 دۆسیە بۆ ئاشتەوایی ڕەوانەی لێژنەکە کراون، بەڵام 171 کێشە ئاشتەواییان تێدا کراوە و 456 کێشەش ئاشتەواییان تێدا نەکراوە، 31 دۆسیەش ڕەوانەی دادگا کراون کە سەرجەمیان لە سنووری ئیدارەی گەرمیان بووە. بە گوێرەی ئامارەکە ئەمساڵ تەنیا 9 %ی دۆسیەکان ئاشتەواییان تێداکراوە.

زۆرترین دۆسیەش کە بۆ لێژنەی ئاشتەوایی نێردراون، لە سنووری پارێزگای دهۆک بووە کە 268 دۆسیە بووە، دوای ئەویش هەولێر دێت بە 177 دۆسیە.

عیزەدین عەبدوڵلا یاسین،کە ئەندامی لێژنەی ئاشتەواییە، باسی لەوەکرد ئەو دۆسیانەی دێتە بەردەستیان "زۆربەیان یەکلابوونەتەوە و مەجالی ئاشتەوایی تێیاندا کەمە".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) بۆ ئەو دۆسیانەی ڕەوانەی دادگاکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کراون، دەرکەوتووە زۆربەی دۆسیەکان پەیوەندیان بە "لێدان، جنێودان و خیانەتی هاوژینی"یەوە هەبووە.

**ئاماری ڕۆژانەی توندوتیژییەکان:**

- **2** ژن دەچنە شەڵتەرەکان
- **26** ژن سکاڵا تۆمار دەکەن
- **2** دۆسیە ڕەوانەی لێژنەی ئاشتەوایی دەکرێن

**ئاماری مانگانەی توندوتیژییەکان:**

- **11** ژن دەستدرێژییان دەکرێتە سەر
- **4** ژن دەکوژرێن
- **6** ژن خۆیان دەکوژن
- **18** ژن دەسووتێن
- **10** ژن خۆیان دەسووتێنن

**ئاماری توندوتیژی دژی ژنان لە 10 مانگی ڕابردوودا لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان**

| شوێنەکان | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 15 | 24 | 71 | 36 | 2623 | 26 |
| دهۆک | 12 | 17 | 36 | 25 | 1999 | 32 |
| سلێمانی | 11 | 17 | 31 | 18 | 1820 | 22 |
| گەرمیان | 0 | 2 | 11 | 8 | 741 | 9 |
| ڕاپەڕین | 1 | 6 | 17 | 9 | 420 | 17 |
| سۆران | 3 | 1 | 18 | 10 | 251 | 8 |
| کۆی گشتی | 42 | 67 | 184 | 106 | 7854 | 114 |

**ئاماری توندوتیژییەکان لە 10 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا:**



| کوشتن | خۆکوشتن | سووتان |
|---|---|---|
| 42 | 67 | 184 |

| خۆسووتاندن | سکاڵا | دەستدرێژی |
|---|---|---|
| 106 | 7854 | 114 |



## داوا دەکرێ چیدی سوێد کۆچبەر وەرنەگرێ

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ماگدەلێنا ئاندێرسۆن، وەزیری ئابووریی سوێد داوا لە حکومەتەکەی دەکات چیدی کۆچبەر وەرنەگرێ، تا ئەو کاتەی پرۆسەی خۆگونجاندن (integration) بۆ ئەوانەی کە هاتوون بە تەواوەتی جێ دەگرێ. بۆ پەناخوازانیش باشترە روو بکەنە وڵاتانی دیکە. ماگدەلێنا ئاندێرسۆن دوایین دۆخی پێشقەچوونی ئابووری سوێدی خستەڕوو. ئەو توانیبووی لە ڕێگای ئەو ژمارە و داتایانەی لەبەردەستدان سەبارەت بە ڕەوشی پێشقەچوونی سەقامگیری، کەمبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، وێنەیەکی گەش سەبارەت بە ئابووری وڵاتەکەی نیشان بدات. بەڵام ڕایگەیاندبوو کێشەی کەمی یەکەی نیشتەجێبوون کەمی هەلی کار بۆ بیانییان وەکو خۆیەتی.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 487 ) - دووشەممە 2017/12/25

### بەهۆی داخستنی ڕێگەی بولگاریا- ڕۆمانیا- سڕبیا

# کۆچبەرانی کورد لە بولگاریا پەکیان دەکەوێ



کۆچبەرانی کورد بە دەگمەن قاچاخچییەک دەدۆزنەوە کە پێیان بڵێ ڕێگای دەرچوون ئەستەمە

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- سۆفیا**

ئەو کۆچبەرە کوردانەی لە بولگاریا بەندکراون و ماوەی حوکمەکەیان تەواو کردووە، وا دەزانن هێشتا لە زیندانن، چونکە نایانەوێ لەو وڵاتە بمێننەوە و ڕێگەی دەرچوونیشیان بەرەو وڵاتانی دیکە نییە.

هەمیشە ڕێگەی پیادەی قاچاخی نێوان تورکیا و بولگاریا ئاوەڵایە، بەڵام ڕێگەی نێوان بولگاریا- سربیا و بولگاریا- ڕۆمانیا سەخت و دژوارە، بۆیە کۆچبەران لە بولگاریا گیردەبن و بە ئەستەم دەتوانن سنووری ئەو وڵاتە ببڕن. ژمارەیەک لەو کوردانەی لە سۆفیا ماون و دەرفەت و ڕێگەی ڕۆیشتنیان نییە، سەختی و دژواریی ژیانی خۆیان بۆ هەفتەنامەی (ڕووداو) باس دەکەن.

کۆچەر ئیسماعیل، کۆچبەرێکی کوردی خەڵکی هەولێرە، لەدوای گەیشتنی بە بولگاریا دەستگیرکراوە و ماوەی زیندانییەکەی لە زیندانەکانی ئەو وڵاتە بەسەربردووە. بەهیوای جێهێشتی بولگاریا لە زیندان هاتووەتە دەرەوە و ئێستا لە سۆفیایە.

کۆچەر سێ مانگە لەم شارەیە، لەو ماوەیەدا هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی بگاتە ڕۆمانیا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "سێ مانگە لەگەڵ ئەم قاچاخچی و ئەو قاچاخچی قسە دەکەم، هەموویان دەڵێن بەسەرچاو، ڕێگەمان هەیە و ئارەزووی هەر وڵاتێک دەکەی دەتنێرین، بەڵام کاتێک باس دێتە سەر باسی دیاریکردنی کاتی ڕۆیشتن و بەڕێکەوتنمان، بە ئەمڕۆ ئەمڕۆ، دەستی دەستیمان پێدەکەن. تەنیا قاچاخچییەکیش بەمجۆرە نییە، بەڵکو هەموویان وان".

کۆچەر تاوەکو ئێستا قسەی لەگەڵ 10 قاچاخچیی کورد و ئەفغانی کردووە، تەنانەت لەگەڵ هەندێکیان ڕێککەوتووە، بەڵام هێشتا هەر لە سۆفیایە. ئەو گوتی "قاچاخچییەکان دوای ئەوەی لەگەڵیان ڕێککەوتووم داوایان لێکردووم کرێی ڕێگە لە نووسینگە دابنێم، ئینجا لەگەڵ کۆچبەرانی دیکە بەڕێماندەکەن. لەپاش دانانی پارە لە نووسینگە، هەموو ڕۆژ دوامانده‌خەن و دەڵێن سنوور بەستراوە، چاودێریی وردی پۆلیس هەیە، دەستگیر دەکرێین و دەیان قسە و پاساوی دیکە".

کۆچەر کە تەمەنی 21 ساڵە، هەروەها دەڵێت: "داوام لە قاچاخچییەکان کردووە بمگەیێننە ڕۆمانیا، بەڵام دەڵێن ئەو ڕێگایە زۆر سەختە و بەهیچ شێوەیەک دەرفەتی پەڕینەوەی کۆچبەر نییە، تەنانەت مێش دەرناچێ. دەڵێم دەچمە سربیا، دەڵێن دەبێ بوەستی و ڕێگا بەستراوە و دەستگیر دەکرێین. واتە هیچ ڕێگەیەک نییە".

خەرجییەکانی کۆچەر و کۆچبەرانی دیکە لە بولگاریا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن، هەندێکیان خەریکە پارە لە گیرفانیاندا نامێنێ، کۆچەر دەڵێت "لەگەڵ مانەوەی زیاترم خەرجیم زیاتر و زیاتر دەبێ، جگە لەوەی لەکاتی دانانی پارە لە نووسینگە، 50 دۆلار دەستێنن و دەبێتە خەرجی لەسەرم".

کۆچبەرانی کورد لە بولگاریا دەڵێن بە دەگمەن قاچاخچییەک دەدۆزیتەوە ڕاستییەکەت پێبڵێ کە ڕێگای دەرچوون ئەستەمە، بەڵکو دەڵێن بە گەرەنتی دەتانگەیەنین.

ڕێبین سەعید، کۆچبەرێکی دیکەی کوردە، زیاتر لە دوو مانگە لە دوای دەستگیرکردن و ئازادکردنی لە زیندان، لە سۆفیایە. دەخوازێ بەرەو فەڕەنسا بڕوا، لەکاتێکدا ئومێدی کەمە لەو سنوورە دەرباز بێ و بڕوات.

ڕێبین خەڵکی شارەزوورە و دەرچووی زانکۆیە، بەهۆی نەبوونی کار و دانەمەزراندنەوە، ڕێگەی ئەورووپای گرتووەتەبەر، ڕێبین بە (ڕووداو)ی گوت: "زیاتر لە دوو مانگە لەنێو کوچە و کۆڵان و شەقامی سۆفیا دەگەڕێم و سۆراخی قاچاخچیی باش دەکەم، ئامادەم پارەیەکی باش بدەم، بۆ ئەوەی بەرەو فەڕەنسا بەڕێمکەن. قاچاخچییەکان دەڵێن بە گەرەنتی دەتبەین، بەڵام دەبێ جارێ چاوەڕێ بیت".

ڕێبین باوەڕی بە بەڵێنی قاچاخچییەکان نەماوە و دەڵێت: "هەندێک قاچاخچی کە ژمارەیان لە پەنجەی دەستێک کەمترە، ڕاستگۆیانە دەڵێن ڕێگەی قاچاخ بەستراوە و دەرفەتی ڕۆیشتن زۆر کەمە، لەگەڵ هەر ڕێبەر و قاچاخچییەکیش بڕۆن، بازرگانیتان پێوەدەکەن، دەیانەوێ ئێوە لە ڕێگە بکەنە قوربانی و دەستگیر بکرێن، خۆیان وا بیردەکەنەوە ئەگەر کۆچبەران گەیشتنە شوێنی مەبەست، کرێی ڕێگایان لێوەردەگرن، ئەگەر دەستگیریش کران کێشەیان نییە و ئەوان زەرەر ناکەن".

ئەو کۆچبەر کوردە گوتیشی: "سەت لە سەت دڵنیایی دەدەم، ڕێگەی ڕۆمانیا بەستراوە".

تەنیا ڕێگەی سربیا و ڕۆمانیا دانەخراوە، بەڵکو ڕێگەی سربیا- ڕۆمانیاش داخراوە و دەرچوون ئەستەمە. شاڵاو خدر، کۆچبەرێکی دەڤەری پشدەرە، لەدوای مانگ و نیوێک چاوەڕوانی لە سۆفیاوە گەیشتە بەلگرادی پایتەختی سربیا، دوو مانگیشە لەوێ گیری خواردووە و ڕێگەی ڕۆیشتنی بۆ ڕۆمانیا نییە. ئەو کۆچبەرە تەمەن 20 ساڵە بە (ڕووداو)ی گوت "هەر سنوورێ دەبڕین خۆزگە بە وڵاتی پێشوو دەخوازین، لە بولگاریا خۆزگەمان بە تورکیا دەخواست، لێرە خۆزگە بە بولگاریا دەخوازین، لایەنی کەم لە بولگاریا دەمتوانی لە کەمپ یان شوقە بمێنمەوە، بەڵام لە بەلگراد کەمپمان نادەنێ و شوێنی مانەوەمان نییە. سوێند بەخوا شەوانە لەسەر شەقام و شۆستەکان دەخەوین".

شاڵاو گوتیشی "ئێمە لە مەملەکەتی درۆستان چاوەڕوانی قسە و بەڵێنی قاچاخچین، کە ڕاستیمان لێ نەبیستوون. بەدەیانجار قاچاخچی گوتوویەتی ئەم ئێوارەیە، ئەمشەو، سبەی، دوو سبەی، دەڕۆن. کەچی هەموو قسەکان درۆ دەرچوون و ڕاست نەبوون. لەڕاستیدا خۆمان گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی ڕێگاکە زۆر سەخت و دژوارە، هاوڕێیانمان ڕۆیشتوون و لە سنوور دەستگیرکراون و ناردوویاننەتەوە بۆ بەلگراد".

زۆرینەی کۆچبەرانی ڕێگەی پیادەی قاچاخ بە ڕێڕەو و سنووری ئەم وڵاتانەدا دەڕۆن، تورکیا، بولگاریا، سڕبیا، ڕۆمانیا، هەنگاریا، نەمسا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا و بەریتانیا.

کۆچبەران دەزانن ڕێگە نییە، بەڵام زۆرجار دەکەونە دوای درۆی قاچاخچییەکان. شاڵاو دەڵێ "کە قسە لەگەڵ قاچاخچیدا دەکەین، دەڵێ ڕێگەی تایبەت بەخۆمان هەیە و دڵنیابە بە سەلامەتی دەگەن، لەپاش دانانی بڕە پارەی دیاریکراو لە نووسینگە، دەڵێ ڕێگاکە سەخت بووە، پۆلیس پێی زانیوە، چاودێریی وردی لەسەرە، بوەستن تا ڕێگا دەبێتەوە، دوو مانگە چاوەڕوانم، ڕێگە هەر نەکرایەوە".

# کۆچبەران چارەنووسی خۆیان دەدەنە دەست قاچاخچیی بێهۆش

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- زیندانی لۆبۆمێز، بولگاریا**

ڕێبوارانی کوردی ڕێگەی ئەورووپا، بەتایبەتی ئەوانەی ڕێی بولگاریا هەڵدەبژێرن، چەرمەسەریی زۆریان لە ڕێگادا بینیوە، چیرۆکی هاوبەشی هەموویان گرتووخانەکانی بولگاریا و ئەو قاچاخچییانەیە کە بەدەم کێشانی ماددەی هۆشبەرەوە و بە سەرخۆشی، چارەنووسی ئەوانیان بەو گرتووخانانە گەیاندووە.

ئەوان دەڵێن بە دەگمەن قاچاخچییەکیان بینیوە بەبێ کێشانی تریاک یان هیرۆیین نەفەرەکانی لە ڕێگەی کۆچ بدات.

دیاری پشدەری نزیکەی سێ مانگە لە زیندانی لۆبۆمێزە، خۆی بینیویەتی کە قاچاخچییە کوردەکەیان لە ڕێگادا تریاکی کێشاوە.

دیاری بە (ڕووداو)ی گوت: "لەدوای تەواوبوونی ڕێگەی ئۆتۆمبێل و گرتنەبەری ڕێی پیادە، ڕێبەرەکەمان گوشاری بۆ هێناین خێرا بڕۆین، پێش نزیکبوونەوەمان لە ناوچەی پڕ مەترسی، پێنج خولەکێک پشوومان دا، لەوێ ڕێبەرە کوردەکەمان، چەند مەترێک لە ئێمە دوورکەوتەوە و خەریکی پێچانەوە و ئامادەکردن و کێشانی تریاک بوو، لەدوای کێشانی تریاکەکە، وەڕێکەوتینەوە".

لە نێو ترس و هەناسەبڕکێی کۆچبەراندا، دیاری خۆی لە ڕێبەرەکەیان نزیک دەکاتەوە و بە پسمام، پسمام، لەگەڵی دەدوێ و لەنێو قسە و باسی ڕێگەی قاچاخ و وەجبەی کۆچبەران و ترسی ڕێگادا، پرسیاری کێشانی تریاکی لێدەکات، خۆیشی وا نیشان دەدات کە ئەویش بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرە.

دیاری دەڵێت: "ڕێبەرەکە هەموو شتێکی بۆ باسکردم، گوتی تەنیا هیرۆیین دەکێشم، خۆت تریاککێشی دەزانی هیرۆیین چەند گرنگە بۆ ئەم ڕێگەیە، چ نەشئە و وزە و توانایەکت پێدەدات. توانای ڕێکردن و ڕاکردن و غیرەتت پێدەدا".

دیاری دەڵێ "ڕێبەرەکە وای دەزانی تەواوی ژیانم بە مامەڵەکردن بە تریاک و کێشانی هیرۆیینەوە بەڕێکردووە، لەکاتێکدا ناوەکانیشیان نازانم".

زۆربەی کۆچبەران، ئەو دیمەنەیان بەشێوەی جیاواز بینیوە و قسەی لەبارەوە دەکەن و دەڵێن جەستە و ڕۆحی خۆمان تەسلیمی تریاککێشان کردووە.

ڕێگەی دووری هیوا محەممەد لە کوردستان، قوتابخانە و مزگەوت بووە و لەو ژینگە سنووردارەدا ژیانی بەسەر بردووە، لەپڕدا ڕای دەگۆڕێ، بە ریشێکی درێژەوە ڕێگەی ئەورووپا دەگرێتەبەر، لەم ژینگە بچووکەی پێشوویەوە بۆ ژینگەیەکی پڕ لە سەرکێشی و موجازەفەکردن بە ژیانەوە، بۆیە لە سەرەتاوە تووشی تاسان دەبێ.

هیوا لەسەر شوێنی پشوودان و خەوتنی لە زیندان هەڵناستێ، جۆرێک لە نەخۆشیی دەروونی تێدا پەیدا بووە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "خاک بەسەرم، چۆن بەدەستی خۆم قوڕم بۆ خۆم گرتەوە، ئاخر منێکی خوداپەرست و دیندار و ئەهلی مزگەوت، چ کارم لە ئەورووپا و ڕێگەی قاچاخە؟".

هیوا باسی ڕێبەرەکەیان دەکات و دەڵێت: "لە ڕێگە کە بینیم ڕێبەرەکەمان تریاک دەکێشێ، خەریکبوو دڵم بتەقێ، هیچ دەسەڵاتێکیشم نەبوو. هاوڕێیان دڵیان دەدامەوە و لەنزیکمەوە بوون، بەردەوام دەمگوت ئەو ڕێبەرە بۆ تریاک دەکێشێ؟ ئەوان دەیانگوت: کاکە هەموو ڕێبەرێک تریاک دەکێشێ، ئەگەرنا ناتوانێ و ناوێرێ ئەو ڕێگە پڕ مەترسییە بگرێتەبەر، بەڵام دڵنیابە هیچ کێشەیەک بۆ کۆچبەران دروست نابێ".

ژووری کوردەکان لە زیندانی لۆبۆمێز جیایە، هەر کوردێک دەستگیر بکرێ، زیندانیانی ژووری کوردان بانگی لای خۆیانی دەکەن و دەیانەوێ بەیەکەوە بن. کاژێر 10ی شەوە، دەرگای زیندان داخراوە. گیراوە کوردەکان ئەندۆمی و تەماتەیان لایە و مژۆلی دروستکردنی خواردنن. پەتوویان ڕاخستووە و بازنەیەکی خڕی گەورەیان چێکردووە، باس باسی ڕێگەی قاچاخ و چۆنیەتی دەستگیرکردن و هاتنیانە بۆ زیندان.

ئیسماعیل عومەر، بچووکترین گیراوی کورد لە زیندانی لۆبۆمبێز کە تەمەنی 16 ساڵ بوو، لەگەڵ خاڵی دەستگیرکرابوو، باسی تریاککێشانی ڕێبەرەکەی کرد "کاکە ئەوەی من دیتم، ئێوە نەتانبینیوە، کۆچبەرەکان لەسەر ڕووبارێک پشوومان دەدا، من زۆر ماندوو بووم، کەمێ دوورتر لە کۆچبەران دانیشتبووم، ڕێبەرەکەشمان لەلایەکی دیکە بوو، سەیرمکرد مشەوەشە، من لەو زیاتر مشەوەش بووم — هەموو دایان لە قاقای پێکەنین-، وامزانی گیراین، ورد ورد سەیرم کرد، پەڕەیەکی سپی و شتێکی وەک تووتنی لەنێو دەستیدابوو، دایگیرساند و بە چەند مژێکی کەم تەواوی کرد، ئینجا جلەکانی دانان و خۆی ڕووت کردەوە و بەخێرایی وەک تیمساح خۆی خستە نێو ئاوەکە و وەک مار بۆی هاتەوە دەرێ. جلوبەرگەکانی لەبەرکردەوە و گوتی خێراکەن بڕۆین".

تەواوی زیندانییە کوردەکان باوەڕیان وابوو هیچ ڕێبەرێک ناتوانێ ڕێگەی قاچاخ بگرێتەبەر، ئەگەر ماددەی هۆشبەر نەکێشێ، چونکە ترس لە جەستەیاندا ناهێڵێ و هێزی زیاتریان دەداتێ. پاساوێک کە گرووپی قاچاخچیانی ئەو ڕێگەیەی کردووەتە ئەسیری ئەو پیشەیە و بۆ دەستەبەرکردنی پارەکەی، ناچارن درێژەی پێبدەن.



"هیچ قاچاخچییەک بەبێ کێشانی ماددەی هۆشبەر ڕێگەی کۆچ ناگرێتەبەر"

# داعش بە تورکیادا بڵاودەبنەوە



**ڕووداو هەولێر**

لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هەزاران چەکداری بیانی لە ڕێگەی تورکیاوە ئاودیوی سووریا بوون و خۆیان گەیاندە ڕیزەکانی داعش و گرووپە توندڕۆکانی دیکە. ئێستا هەمان سنوور دەرگای دەربازبوونی چەکدارانی داعشە لە ناوچەکانی خەلافەتێکی تێکشکاو. ماڵپەڕی (بازفید)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا ئاشکرا کردووە کە ژمارەیەکی زۆر لەو چەکدارانە بڕیاری مانەوەیان لە تورکیا داوە و ژمارەیەکیشیان لە ڕێگەی یۆنانەوە ڕوویان لە ئەورووپا کردووە.

بەرپرسانی ئەمریکی دەڵێن زۆربەی چەکدارانی داعش لە شەڕەکانی سووریا و عێراقدا کوژراون، بەڵام لێدوانی قاچاخچی و خەڵکانی نیشتەجێی سەر سنوورەکانی نێوان سووریا و تورکیا بۆ ماڵپەڕە ئەمریکییەکە، وای دەردەخات ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ڕایانکردووەتە تورکیا کە هەندێکیان چەکداری بیانی و ئەوانی دیکەش سووری و عێراقی بوون.

مانگی ڕابردوو کەناڵی (بی بی سی)ی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە بەپێی ڕێککەوتنێکی داعش لەگەڵ هێزەکانی سووریای

> ## ئەمیرەکەمان پێیگوتین لە تورکیا بمێننەوە و چاوەڕێی فەرمانی گەڕانەوە بن
>
> چەکدارێکی داعش

دیموکرات و هێزەکانی هاوپەیمانان، 4000 چەکدار و ئەندامی خێزانی داعش لە شاری ڕەققە دەرچوون و ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی سووریا کردووە. ڕێککەوتنەکە بە "نهێنیی پیس" ناوی دەرکردووە، ڕێگەی بە چەکدارانی داعش دابوو بە چەک و پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە شارەکە چۆڵ بکەن.

چەکدارە ڕاکردووەکانی داعش وەکوو هەموو کۆچبەرێکی نایاسایی دیکە، ماوەیەک لە ماڵی خەڵکانی سەر سنوور چاوەڕێی قاچاخچی دەکەن. یەکێک لەو کەسانەی ماڵەکەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە، بە (بازفید)ی ڕاگەیاندووە لە چەند مانگی ڕابردوودا میوانداریی زیاتر لە 10 کۆنەئەندامی داعش کردووە کە پۆستی سەربازی و ئیداریی جیاجیایان لەنێو داعشدا هەبووە. قاچاخچییەکیش کە داعشەکانی لەو ماڵانە هەڵدەگرت، دەڵێت "لەنێو ئەوانەدا کەسانێک هەبوون کە بە عەرەبی قسەیان نەدەکرد". خاوەن ماڵەکەش دەڵێت: "زۆربەیان بەنیازبوون لە تورکیا بمێننەوە، بەڵام هەشبوون دەیانویست بە یۆناندا ئاودیوی ئەورووپا ببن".

هەرچەندە هیچکام لە چەکدارەکان بۆ خەڵکی ناوچە سنوورییەکانیان باس نەکردووە کە ئامانجیان لە مانەوە لە تورکیا یان ڕاکردنیان بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوایی چییە، بەڵام بەرپرسانی هەواڵگریی ئەمریکا پێیانوایە ڕاکردنی چەکدارانی داعش لە سووریا و عێراق تەکتیکێکی کورتخایەنی داعشە بۆ پاراستنی چەکدارانی خۆیان. چەکدارێکی ڕاکردووی داعش بە (بازفید)ی گوت کە فەرماندەکەی داوای لەو و لە چەکدارانی دیکە کردووە لە تورکیا بمێننەوە و چاوەڕێی فەرمانی گەڕانەوە بن.

بەباوەڕی کارمەندانی هەواڵگریی ئەمریکی، ئەوانەی لە تورکیا دەمێننەوە چاوەڕێی کاتی گونجاو دەکەن بۆ گەڕانەوە بۆ سووریا و عێراق، ئەوانەشی کە ڕوویان لە ئەورووپا کردووە، پەیوەندی بە تۆڕ و شانە نهێنییەکانی داعشەوە دەکەن. لە دوایین ڕاپۆرتی گرووپی لێکۆڵینەوەی (سۆفان) دا کە بارەگاکەی لە نیویۆرکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 6500 ئەندامی بیانیی داعش گەڕاونەتەوە وڵاتەکانی خۆیان.

### ڕێگەیەکی ئاسان بۆ هەڵاتن

قاچاخچییەکان و خەڵکی ناوچە سنوورییەکانی سووریا و تورکیا بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە کە ژمارەی کۆچبەران لە بەهار و هاوینی ڕابردووەوە، واتە هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوە لە یەکلابوونەوەی شەڕی ڕەققە، بەرزبووەوە. زۆربەی کۆچبەران خەڵکی سیڤیل بوون، بەڵام چەکدارانی داعشیش هەوڵی خۆشاردنەوەیان لەناو ئەو کۆچبەرانەدا داوە. چەکدارانی داعش پارەی زیاتریان بە قاچاخچییەکان دەدا بۆ ئەوەی لە بازگەکان دەرباز بکرێن.

هاوینی ڕابردوو چەکدارێکی ئوسترالیی داعش بەناوی تارق کامل ناوچەکانی داعشی بەرەو تورکیا جێهێشت. کامل کە پزیشکە، ساڵی 2015 چووبووە نێو داعش. ئەو پزیشکە ئوسترالییە لە زۆر ڤیدیۆی پڕوپاگەندەیی داعشدا دەرکەوتووە، بەو حاڵەشەوە، وەکوو دوو لە قاچاخچییەکان باسی دەکەن، بە ئاسانی توانیویەتی بگاتە ئیستانبوڵ.

بەڵام کامل بە تەنیا نەبووە، بەڵکو پزیشکێکی دیکەی خەڵکی دێرەزووریشی لەگەڵ بووە کە سەرپەرشتیاری نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییەکانی داعش بووە. دوو بەرپرسی هەواڵگری و پۆلیسی ئەورووپی پشتڕاستیان کردووەتەوە کە ئەو دوو چەکدارە ئێستا لە تورکیان، بەڵام داواشیان لە ماڵپەڕە ئەمریکییەکە کردووە ناوی پزیشکەکەی خەڵکی دێرەزوور ئاشکرا نەکرێت، لە کاتێکدا پزیشکەکە دوو کوڕی هەن کە لە وڵاتێکی ئەورووپی پەناخوازن و دەزگا ئەمنییەکانی ئەورووپا دەترسێن لەوەی پزیشکەکە هەوڵی چوونە لای کوڕەکانی بدات، هەرچەند ئێستا لە ناوەندێکی تەندروستیی ئیستانبوڵ یارمەتیی پەنابەران دەدات، گومانیش دەکرێت کامل گەڕابێتەوە سووریا و لەوێ پەیوەندی بە گروپێکی دیکەی سەر بە ئەلقاعیدەوە کردبێت.

### لەگەڵ داعش نەماوین

قاچاخچییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەوان پرسیار لە کۆچبەرەکان ناکەن لەگەڵ داعش بوونە یان نا، چونکە ئەوانەشی کە زانراوە لەگەڵ داعش بوونە دەڵێن لەو گرووپە جیابوونەتەوە، بەڵام ژمارەیەک قاچاخچی چیرۆکی جیاوازیان لایە.

یەکێک لە قاچاخچییەکان کە کاری قاچاخی نەوت و شوێنەوارەکانیش دەکات، بە (بازفید)ی ڕاگەیاند "هەموویان یەک چیرۆکیان لایە و دەڵێن ئێمە داعشمان خۆشدەوێت و دەزانین بۆ دۆزێکی

> ## 6500 ئەندامی داعش گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان
>
> گرووپی سۆفان

ڕەوا شەڕ دەکەن، بەڵام ئێستا دەمانەوێت خەمێک لە خێزانەکەمان بخۆین، بۆیەش بڕیاری وازهێنانمان لە داعشمان داوە، بەڵام نازانم بەڕاستی لە داعش جیابوونەتەوە یان نا".

قاچاخچییەکی دیکەش کە پێشتر کاری بۆ تۆڕێکی گەورەی قاچاخیی مرۆڤ لە تورکیا دەکرد و پاش ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەستگیریان کرد وازی لەو کارە هێنا، دەڵێت ئەرکی ئەو ئەوە بووە خەڵک لەسەر سنووری نێوان عێراق و سووریا هەڵبگرێت. ئەو دەڵێت "خۆشحاڵم کە ژیانی ئەو خەڵکەم ڕزگار کردووە، بە ڕێگەیەکی باشی پەیداکردنی پارەشی دەزانم".

### ڤیدیۆ چاتی چەکدارەکە بنێرە و پارەکەت وەربگرە

بەهاری ئەمساڵ چەکدارێکی سعودیی داعش لە ڕێگەی سووریاوە ئاودیوی تورکیا بوو. دواتر لە ڕێگەی قاچاخچییەکانی خۆیەوە پێنج چەکداری دیکەی سعودی و ژمارەیەک عێراقی، کوەیتی، بەلجیکی و فەرەنسی هێنایە تورکیا. قاچاخچییەکانی ئەو کەسە باس لەوە دەکەن کە هەندێک لە ئەندامانی داعش 50 هەزار دۆلار پارەیان داوە، ژمارەیەک خەڵکیش لە سووریاوە کە گومان دەکرێت بەرپرسی داعش بووبن، هۆشدارییان بە قاچاخچییەکان داوە بەهیچ شێوەیەک پرسیار لەو ئەندامانە نەکەن کە بە قاچاخ دەیانگوازنەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بۆ وەرگرتنی هەقدەستەکەیان، قاچاخچییەکان دەبووایە ڤیدیۆ چاتی چەکدارەکەی داعش لە تورکیاوە بنێرن بۆ ئەو کەسانەی پارەکە دەدەن. ماڵپەڕە ئەمریکییەکە چاوی بە یەکێک لە ڤیدیۆ چاتە تۆمارکراوەکان کەوتووە کە تێیدا گەنجێکی سعودی بە عەرەبی وەڵامی پرسیاری پیاوێکی دیشداشە لەبەر دەداتەوە و دەڵێت "بەڵێ سوپاس بۆ خوا باشم". بەدەم قسەکردنیشەوە دەسووڕێتەوە و کامێرەکەش لە تۆقی سەرییەوە تاوەکو بەری پێی وێنەدەگرێت.

گەنجە سعودیەکە ناسنامەی خۆیشی پیشانی کامێراکە دەدات، بەڵام ماڵپەڕە ئەمریکییەکە بۆ پاراستنی گیانی قاچاخچییەکە ناو و زانیارییەکانی دیکەی سعودییەکە ئاشکرا ناکات، بەڵام ناوبانگی گەنجەکە کە لەسەر کارتەکە نووسراوە، دەریدەخات ئەو گەنجە سەر بە یەکێک لە خێزانە هەرە بەناوبانگەکانی سعودیەیە. قاچاخچییەکان پشتڕاستیان کردووەتەوە ئەو گەنجە ئەندامی داعش بووە و پارەی گواستنەوەکەشی لەلایەن خزمەکانی لە سعودیەوە نێردراوە.

یەکێک لە قاچاخچییەکانی چەکدارانی داعش ئاشکرای کردووە کە ئەوان پاسپۆرتی سوورییان بۆ ژمارەیەک لە چەکدارانی داعش دروستکردووە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە خاکی تورکیا.

سعودیە یەکێکە لەو وڵاتانەی ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی ئەندامانی پێشووی داعش دەکات، پرۆگرامێکیشی بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بیرکردنەوەی جیهادی لە عەقڵی ئەو چەکدارانەدا داناوە. بەرپرسێکی هەواڵگریی ئەمریکا بە (بازفید)ی ڕاگەیاندووە کە هەندێک لە وڵاتان خۆیان ڕێگەیان بە دەرچوونی ئەو خەڵکە توندئاژۆیە دەدا بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە، بەڵام وەکوو لە لێدوانی قاچاخچییەکانەوە دیارە، ئێستا ژمارەیەک لەو کەسانە دەگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان.

بەرپرسەکە جەختی لەوەش کردووەتەوە کە "ئێمە زانیاریمان هەیە گرووپە تیرۆریستییەکانی

> ## ڕاکردنی چەکدارانی داعش لە سووریا و عێراق تەکتیکێکی کورتخایەنە
>
> CIA

وەکوو داعش لە ڕابردوودا لێشاوی کۆچبەرانیان بۆ ناردنی چەکدار بۆ ئەورووپا بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی لەسەر خاکی وڵاتانی ئەورووپی هێرش ئەنجام بدەن".

تەنیا لە ساڵی 2015دا، نزیکەی یەک ملیۆن کۆچبەر ڕوویان لە ئەورووپا کرد کە ژمارەیەکی زۆریان خەڵکی سووریا بوون.

گرووپە ڕاستڕەوەکانی ئەورووپا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هەوڵیان داوە وەهای پیشان بدەن کە بەشێکی زۆری ئەو کۆچبەرانە هێرشکەرانی داهاتووی ڕێکخراوە توندڕەوەکان دەبن. بەرپرسەکەی هەواڵگریی ئەمریکا، وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو بانگەشەیە، گوتی: "لەڕووی ستراتیژییەوە، نیگەرانیی سەرەکیی ئێمە ئەو خەڵکەن کە ماوەی سێ ساڵ لەناو خەلافەتی داعشدا ژیاون و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی داعشیان وەرگرتووە و ئێستا ڕوو لە وڵاتانی دراوسێ یان ئەورووپا دەکەن".

لەساڵانی 2014 و 2015 دا تورکیا ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بووەوە بەهۆی ئەوەی سنوورەکانی خۆی بەڕووی هاتوچۆی چەکدارانی داعشدا دانەدەخست. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، تورکیا هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی 565 میل سنووری نێوان وڵاتەکەی لەگەڵ سووریا کۆنترۆڵ بکات. بۆ ئەوەش دیوارێکی نزیک 500 میلی لەسەر سنوورەکان دروستکردووە، سیستەمی چاودێریی هەستیار بە گەرمای لەشی مرۆڤی لەسەر سنوورەکان داناوە و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیش بە خاڵە سنوورییە سەرەکییەکاندا دەسووڕێتەوە.

هێزە ئەمنییەکانی تورکیا دەڵێن لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە 380 هەزار کەسیان گرتووە کە هەوڵی بڕینی سنوورەکانیان داوە. ئەم ژمارەیە لە ساڵی 2014 دا تەنیا 15 هەزار کەس و لە ساڵی دواتر 180 هەزار کەس بووە. بەرپرسێکی سەربازیی باڵای تورکیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هۆکاری بەرزبوونەوەی ژمارەی گیراوان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی "ئێستا توانای سەربازیمان باشترە لە ساڵانی ڕابردوو، واتە هەم کەرەستە و هەم توانای مرۆییمان زیاتر بووە". بەرپرسەکە ئاشکراشی کردووە ڕۆژانە 1000 کەس دەستگیر دەکەن کە هەوڵی بڕینی نایاسایی سنوورەکانیان داوە و لەو ژمارەیە بەشێکی بچووکیان چەکداری داعش بوونە.

قاچاخچییەکان دان بەوەدا دەنێن کە ڕێوشوێنەکانی حکومەتی تورکیا کاری لێ سەخت کردوون، بەڵام دەڵێن ئەوان ڕێگەی خۆیان هەیە بۆ بڕینی ئەو بەربەستانە. یەکێک لە ڕێگاکانیش بەرتیلدانە بە پاسەوانەکان. ئەوانەشی پارەیان زۆر نییە بە شەو ئاودیویان دەکەن، هەندێکجاریش خەڵک لە هەردوو دیوی سنوورەکە دادەنێن بۆ ئەوەی لە کاتی سووکبوونی چاودێرییەکانی سەر سنوور ئاگاداریان بکەنەوە.

بەرپرسێکی هەواڵگریی سوپای ئەمریکا بە (بازفید)ی ڕاگەیاند "داعش و دەستوپێوەندەکانی چەند ساڵێکە لەو ناوچەیە چالاکن. بۆیەش بەئاسانی دەتوانن خۆیان لەگەڵ دۆخە نوێیەکان بگونجێنن و ئەگەر ڕێگەیەکیان لێبگیرێت، لە ناوچەیەکی دیکە ڕێگەیەکی دیکە دەدۆزنەوە".

قاچاخچییەکانی نێوان تورکیا و ئەورووپاش ڕێگەی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بەربەستەکانی تورکیا و یۆنان ببڕن. یەکێک لە قاچاخچییەکان کە لە ئیستانبوڵ دادەنیشێ، دەڵێت لە 2015دا هەفتانە نزیکەی 200 کەسی ئاویوی ئەورووپا دەکرد و ئێستا تەنیا 10 کەس ڕەوانە دەکات. ئەو قاچاخچییەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێوشوێنە ئەمنییەکان نەیانتوانیوە بەربەستێکی ئەوتۆ بۆ ئەو دروست بکەن. ڕۆژانە بە بەلەم، فڕۆکە و ئوتۆمبێل خەڵک نەک هەر دەنێرێتە ئەورووپا، بەڵکو خەڵکانێکی زۆریش دەنێرێتە لیبیا و مالیزیا. ئەو دەڵێت: "لەسایەی شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، ئەم ئیشە کۆتایی نایەت".

### تێپەڕین بە ناوچەی دوژمندا

ئەگەر چەکدارانی داعش نەیانەوێت بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)دا بگەنە سنوورەکانی تورکیا، دەبێت بە خاڵی پشکنینی چەندین گرووپی چەکداری جیاوازدا تێپەڕن، لەوانەش ئەو گرووپە ئیسلامییانەی لە تورکیاوە نزیکن. ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە ڕاستەوخۆترین ڕێگەن بۆ ئەوەی پێیدا بگەنە سنووری تورکیا. لە یەک ساڵی ڕابردووشدا هەسەدە دوژمنی سەرەکیی داعش بووە لە سووریا و ناوچەیەکی زۆری لە داعش وەرگرتووە.

دوو چەکداری داعش باس لەوە دەکەن کە هەر کامیان 6000 دۆلاریان داوە بە قاچاخچییەک بۆ ئەوەی بە ناوچەکانی هەسەدەدا بیانبات. یەکێک لە چەکدارەکان کە داعش فەرمانی پێکردووە لە تورکیا بمێنێتەوە و چاوەڕێی بڕیار بکات، دەڵێت "ڕێگەکە کرابووەوە، قاچاخچییەکە گوتی چەکدارەکان چاویان لەسەرمانە، دەبێ پەلە بکەین ئەگینا تووڕە دەبن".

## کورد و تورک پشکیان هەیە

ئەبوو ساڵح کە چەکدارێکی داعشە و عێراقییە. باس لەو ڕێگە درێژە دەکات کە لە مووسڵەوە بۆ سنووری تورکیا بڕیویەتی. ئەبوو ساڵح دەڵێت: "گەشتەکەم خۆش بوو، چونکە پارەیەکی زۆرم دابوو". ئەو بۆ هەموو خێزانەکەی 30 هەزار دۆلاری دابوو. یەکەم قاچاخچیش پێیگوتبوو کە دەبێ پارە بدات بە کوردەکان ئەگینا ناهێڵن بە ناوچەکەیاندا تێپەڕین. وەکوو چۆن لە کاتی گەیشتنە سەر سنووری تورکیا دەبووایە بەرتیل بە پاسەوانی سنووری تورکیاش بدەن.



قاچاخچییەکی بەناوبانگ کە چەکدارانی داعش لە عێراق و سووریاوە دەپەڕێنێتەوە تورکیا



گەڕانەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکیا کە چاودێریی سنوورەکانی نێوان تورکیا و سوریا دەکات

# چاودێریی تەندروستی دەخرێتە سەر نانەواخانەکانی سلێمانی

## نانێکی بازاڕ بەشی 24 کاژێر پێداویستیی مرۆڤێک خوێی تێدەکرێ



**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی لە رێگەی لیژنەیەکی زانستییەوە خاسیەتەکانی نانی تەندروست دیاری دەکات و لە سەرەتای ساڵی داهاتووەوە هەموو نانەواخانە و سەموونخانەکان ناچار دەکات پابەندبن بەو پێوەرانەی لیژنەکە بۆیان دادەنێ.

پزیشکێکی خۆراکناس دەڵێ ئێستاش باشترە نانی خۆماڵی (تیری و هەورامی) بخۆن نەک نانی بازاڕ.

بەپێی راپرسییەکی پەیجی (ڕووداوی تەندروستی) کە 675 کەس بەشدارییان تێدا کردووە، ئێستاش 55%ی خەڵکی لە کوردستان هەر خۆیان نان دروست دەکەن و تەنیا 45%ی خەڵک نان لە بازاڕ دەکڕن.

د.کامەران ژاژڵەیی، پزیشکی شارەزا لە خۆراکناسی بە (ڕووداو)ی گوت: "وا باشە ئارد زۆر نەبێژینەوە و سۆس و کەپەکەکەی لەگەڵ بمێنێ، چونکە زۆربەی ریشاڵە خۆراکییەکان و ڤیتامین و کانزاکان لە توێکڵی دانەوێڵەکەدان، نەک ناوە سپییەکەی، کەچی نانەواکان بۆ ئەوەی نانەکەیان سپی بێ، ئاردەکە بە وردترین هێڵەک دەبێژنەوە و هیچ سۆس و کەپەکی پێوە ناهێڵن".

پسپۆڕەکە هۆشداری دەدات کە ئاردی سفر، جگە لەوەی سۆسەکەی لێکراوەتەوە، بە پۆلیشێکی تایبەت زۆرتر سپی دەکرێتەوە و ئێستا دەرکەوتووە ئەو پۆلیشە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجە زیاد دەکات.

د.کامەران داوا دەکات ئەوانەی خۆیان نان دەکەن، بڕی خوێیەکەی کەم بکەنەوە "مرۆڤێک لە شەو و رۆژێک و لە هەموو ژەمەکانیدا تەنیا 3-4 گرام (1.5-2.3 گرام سۆدیۆم) خوێی پێویستە کە دەکاتە کەوچکەچایەک خوێ، خۆ ئەگەر نەخۆشی دڵ و ‌دیژخایەنی هەبێ، ئەوە دەبێ لەوە کەمتریش بخوات".

> نانەواخانە هەیە قاوە دەکاتە نێو هەویری گەنم و بە نرخی نانی جۆ دەیفرۆشێ!

پسپۆڕەکە باوەڕ ناکات ئەوەی لە بەشێکی زۆر لە نانەواکان بەناوی نان و سەموونی جۆ دەفرۆشرێ، بەڕاستی بەرهەمی جۆ بێت "جۆ هێندە ناکشێ نانێکی وا گەورەی لێ دروستبکرێ، چونکە هەویری جۆ جیرپی ئێجگار کەمە". هۆشداریش دەدات لەو چەورییەی بە سەموونەوە دەکرێت "چەورییەکە هەم سەرچاوەیەکی زیادەی وزەیە و هۆکارێکی قەڵەوییە، هەم زەیتی روونی تێدەکرێ کە هەرچەند رووەکییە، بەڵام هایدرۆجیناوییە و هۆکارێکی تووشبوونە بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن".

دکتۆر کامەران دەڵێ گرنگ ئەوەیە ئاردەکە سۆس و کەپەکی لەگەڵ بێ و زیادەخۆری تێدا نەکرێ، دەنا لەڕووی هۆکاری قەڵەوبوونەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان نانی گەنم و نانی جۆ "نانی گەنم 205 کالۆری وزە دەدات، نانی جۆ 200 کالۆری دەدات و جیاوازییەکە شتێکی ئەوتۆ نییە".

وازهێنان لە نانیش بە هەنگاوێکی زیرەکانە نابینێ بۆ دابەزاندنی کێش یان کۆنترۆڵکردنی شەکری خوێن، ئەگەر کەسەکە رۆشنبیرییەکی خۆراکیی باشی نەبێ "هەیە نان ناخوا و ساوەرێکی زیاتر دەخوات، لە کاتێکدا کوپێک ساوەر 300 کالۆری وزە دەدات! یان بە ماستەکەوە نان ناخوات، دوای کاژێرێک دووبارە برسی دەبێتەوە و خواردنی دیکە دەخوات کە رەنگە وزەکەی لە نانەکە زیاتر بێ".

### رۆژانە چەند نان بخۆین؟

پێگەی زانستیی هێڵسلاین دەڵێ خانمێکی ئاسایی بۆ ئەوەی کێشی وەکوو خۆی بمێنێتەوە نابێ لە شەو و رۆژێکدا زیاتر لە 2000 کالۆری وزە لە خۆراکەوە وەربگرێ، بۆ ئەوەش کە بیەوێ هەفتانە 450 گرام کێشی دابەزێنێ، دەبێ رۆژانە 1500 کالۆری وزە لە خۆراکەوە وەربگرێ. پیاوێکی ئاسایی بۆ هێشتنەوەی کێشی وەک ئەوەی هەیە، دەتوانێ رۆژانە 2500 کالۆری وەربگرێ. بۆ ئەوەی هەفتانە 450 گرام کێشی دابەزێنێ دەبێ رۆژانە کەمی بکاتەوە بۆ 2000 کالۆری.

پسپۆڕێکی خۆراکناسیش روونیدەکاتەوە لەو برە کالۆرییە چۆن بڕی پێویستی نان دیاری بکەین. د.ئیسرا شا محەممەد، کە ماستەری لە خۆراکناسی و شەکرە لە بەریتانیا وەرگرتووە، دەڵێ: "نان بەر لە هەموو شت دەبێ بۆر بێ و لەگەڵ کاربۆهێدراتەکانی دیکە بە یەک پاکێج تەماشا بکرێ. وا باشە 40- 60ی وزەی رۆژانە لە کاربۆهێدراتەکانەوە بێ، 20-30% لە چەورییەکان و 10- 30%یش لە پرۆتینەکانەوە".

وەک پزیشکە پسپۆڕەکە روونیدەکاتەوە "کەسێکی پێگەیشتووی تەندروست بۆی هەیە رۆژانە 6-6 پشک کاربۆهێدرات بخوات، نانێکی بۆر بە قەبارەی سیدییەک یەک پشکە، دوو کەوچک برنج پشکێکە، سێ کەوچک مەعکەرۆنی پشکێکە، سێ کەوچک شۆڤان پشکێکە و ئیدی بەو جۆرە".

> چیدی بۆیان نابێ سۆدە بکەنە نێو ئارد، دەبێ شمڵی، کەتان و گوڵەبەڕۆژەی تێبکەن

### تەندروستی سلێمانی خاسیەتەکانی نان جێگیر دەکات

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی دەڵێ بۆیان دەرکەوتووە ئەو نانەی نانەواخانەکان بەرهەمی دەهێنن، تەندروست نییە و هەندێکیشیان فێڵ دەکەن.

لەشکر حەمید، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و خۆراک لە بەشی پشکنین و بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "چوار نانەوامان داخستوون کە قاوەیان کردووەتە هەویری ئاردی گەنم بۆ ئەوەی سەموون و نانەکەیان بۆر بێ و بە نرخی سەموون و نانی جۆ بیفرۆشن".

لێژنەکەی لەشکر بۆیان دەرکەوتووە هەر نانێکی نانەواخانەکانی سلێمانی چوار گرام خوێی تێدایە، ئەوەش ئەو بڕەیە کە خۆراکناسان دیارییان کردووە بۆ مرۆڤێک لە هەموو ژەمەکانیدا. لەشکر حەمید گوتی "لە سەرەتای ساڵەوە دەبێ نانێک زیاتر لە دوو گرام خوێی تێدا نەبێ، بەپێچەوانەوە خاوەنی نانەواخانەکە سزا دەدرێ".

لە سەرەتا ساڵی داهاتووەوە قەدەغەیە نانەواخانەکان سۆدە بکەنە هەویرەکانیانەوە. لەشکر حەمید دەڵێت: "سۆدە بڕێکی بەرچاو لە توخمی سۆدیۆمی تێدایە کە پێکهاتەیەکی سەرەکی خوێی چێشتە، بۆیە لە سەرەتای ساڵەوە قەدەغەیە نانەواکان سۆدە بکەنە هەویرەوە، بە پێچەوانەوە سزا دەدرێن". لەشکر دەڵێ ئەوان لە قەدەغەکردنی سۆدەدا درەنگ کەوتوون و ئێستا لە وڵاتێکی وەک ئێران هەر نانەوایەک سۆدە بکاتە هەویرەکەی- 6 9 مانگ زیندانی دەکرێ!

بەڕێوەبەرایەتییەکە هەروەها ئاش و نانەواخانەکانی ئاگادار کردووەتەوە کە نابێ ئارد بە وردی ببێژنەوە و پێویستە ئەو نانەی دەکرێت بە نان برێکی باش سۆس و کەپەکی لەگەڵ بێ "جگە لەوە، دەبێ خۆراکە سوودبەخشەکانی وەک ناوکە گوڵەبەڕۆژە، کەتان و شمڵیش بکەنە ناو ئاردەکە یان لە نانەکانی بدەن".

## دۆناڵد ترەمپ رۆژانە 12 دانە دەخواتەوە

# کۆلای بێ شەکر بێ زیانە؟

**ڕووداو- مێڵسکلۆم**

فیچەرێکی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەبارەی رۆژێک لەگەڵ سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، ئاشکرای کرد کە رۆژانە 12 دانە کۆلای بێ شەکر (دایت سۆدا) دەخواتەوە!

ئەوەی زانراوە ئەوەیە کە رەنگە ئەو نەریتەی ترەمپ باشتر بێ لەوەی 12 کۆلای شەکردار بخواتەوە، بەڵام پسپۆڕانی خۆراک دەڵێن خواردنەوەی کۆلای بێ شەکریش بێ زیان نییە.

ئەگەر باس لە شەکرە دەسکردەکەش نەکەین، ئەوە خواردنەوەی بڕێکی زۆر لەم خواردنەوانە، بڕێکی زۆر کافایین دەکاتە جەستەوە کە دەبێتە هۆی "کەمخەوی، سەرئێشە، دڵەکوتێ و چەندین لێکەوتەی دیکە".

ئەو شیرینییە تیژەی شیرینکەرە دەستکردەکانی نێو دایت سۆدا دروستی دەکەن، دەبنە هۆی ئەوەی جەستە چیدی ئارەزووی شرینییە سروشتییەکان نەکات.



### ئەمانە هەندێک زیانی کۆلای بێ شەکر و هاوشێوەکانین:



**1 دەبێتە هۆی قەڵەوی:**

ئەم خواردنەوانە شیرینکەری دەستکردیان تێدایە کە شیرینییەکی توند دەدەن، بێئەوەی کالۆری بدەن. ئەمە سەر لە جەستە دەشێوێنێ، چونکە بۆ وەرگرتنی ئەو هەموو شیرینییە، وا راهاتووە کالۆرییەکی زۆر وەربگرێ! بۆیە زۆر خواردنەوەی دایت سۆدا، وا دەکات کەسەکە کالۆرییەکی زۆر لە خواردن و خواردنەوەی دیکەوە وەربگرێ. هەروەک ئەم شیرینکەرە دەستکردانە کاری هۆرمۆنی تێربوون تێکدەدەن و کار لە باڵانسی میکرۆبی ریخۆڵەکانیش دەکەن.

**2 ئەگەری تووشبوون بە شەکرە زیاد دەکەن:**

توێژینەوەیەک کە ساڵی 2009 کراوە، دەریخستووە ئەوانەی رۆژانە دایت سۆدا دەخۆنەوە، ئەگەری تووشبوونیان بە شەکرەی جۆری دوو زیاد دەکات!

**3 بۆ دڵ زیانبەخشە:**

هەمان توێژینەوەی ساڵی 2009 دەریخستووە، ئەوانەی خواردنەوەی دایت سۆدا دەکەنە نەریت، ئەگەری تووشبوونیان بە کۆنیشانەی میتابۆڵیک بە رادەی 34% زیاد دەکات. کۆنیشانەی میتابۆڵیک لە گەورەترین گرفتە تەندروستییەکانی مرۆڤی ئێستایە و چەند لێکەوتەیەکی دەبێ، لەوانە: بەرزیی گوشاری خوێن، بەرزیی ئاستی چەورییە زیانبەخشەکانی خوێن، گەورەبوونی ورگ و بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن. ئەوانەش هەموو پێکەوە رێگەخۆشدەکەن بۆ تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و مێشک.

**4 زیان لە مێشک دەدات:**

ئەمساڵ توێژینەوەیەکی زانستی دەریخست ئەوانەی رۆژانە یەک دانە دایت سۆدا دەخۆنەوە، ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەی مێشک دوو هێندە زیاد دەکات. هەروەک ئەگەری تووشبوون بە خەڵەفان و ئەلزهایمەر بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. سروشتی پەیوەندیی نێوان دایت سۆدا و ئەلزهایمەر بە روونی دیار نییە، چونکە دەرکەوتووە خواردنەوەی خواردنەوە گازییە ئاساییەکانیش تووشبوون بە ئەلزهایمەر زیاد دەکەن.

# ئەو خۆراکانەی دەبێ تووشبووانی شەکرە رۆژانە بیانخۆن

**ڕووداو- مێڵسکلۆم**

خۆراکی دروست، بەشێکی گرنگی کۆنترۆڵکردنی شەکرەی جۆری دووە، بەڵام هەندێک خۆراک هەن نەک هەر یارمەتی کۆنترۆڵی شەکرە دەدەن، بەڵکوو مەترسییەکانی نەخۆشییەکانی لەسەر نەخۆشەکە کەم دەکەنەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:



**1 بلوبێری و هاوپۆلەکانی:**

بلوبێری و هاوشێوەکانی وادەکەن خانەکانی جەستە ئاسانتر وەڵامی کاری ئەنسولینی سووتێنەری شەکرە بدەنەوە. هۆکاری سەرەکیی شەکرەی جۆری دوو (کە زیاتر لە 90%ی حاڵەتەکانی شەکرە پێکدێنێ) وەڵامنەدانەوەی خانەکانی جەستەیە بۆ کاری هۆرمۆنی ئەنسولینی شەکر و سەرەنجام شەکر ناچێتە نێو خانەکان وەک سەرچاوەی وزە، لەبری ئەوە لە خوێندا کەڵەکە دەبێ و کەسەکە تووشی شەکرە دەکات. بلوبێری و هاوپۆلەکانی، جگە لەو رۆڵە گرنگە، دژە ئۆکسێن و دژە هەوکردنن و بەو هۆیەوە دڵ و بۆڕییەکانی خوێن دەپارێزن لە تووشبوونی شەکرەدا.



**2 پرتەقاڵ:**

پرتەقاڵ، لیمۆ و سندی و هاوشێوە مزرەکانیان، دژی بەرزبوونەوەی شەکر و چەورییە زیانبەخشەکانی خوێنن، ئەوەش بەهۆی دەوڵەمەندییان بە ریشاڵی تەواوە و رەگەزگەلی دژە هەوکردنی هێسپیریدین. توێژینەوەیەکی نوێی هارڤارد دەریخستووە زۆر خواردنی ئەم مزرەمەنییانە لە کەسانی تەندروستدا، ئەگەری تووشبوون بە شەکرە کەمدەکاتەوە.



**3 -3 نۆک:**

نۆک، فاسۆلیا، پاقلەمەنییەکان و نیسک بە ریشاڵی خۆراکی دەوڵەمەندن و یارمەتیی کۆنترۆڵکردنی شەکرە دەدەن. توێژینەوەیەکی زانستی دەریخستووە ئەو تووشبووانەی شەکرە کە رۆژانە کووپێک لە پاقلەمەنییەکان دەخۆن، شەکری خوێنیان کۆنترۆڵکراوترە و ئاستی هیمۆگلۆبینی شەکراوی (HBA1C) خوێنیان ئاساییترە.



**4 شوکولاتەی رەش:**

شوکولاتەی رەش و تاڵ بە چەندین رەگەزی دژەئۆکسێنی پۆلی فینۆڵی دەوڵەمەندە و ئاستی شەکری خوێن کۆنترۆڵ دەکات و دژی کەڵەکەبوونی شەکرە لە خوێندا. هەروەک دەرکەوتووە گوشاری خوێن دادەبەزێنێ.



**5 -5 ژەمە رووەکییەکان:**

رووەکخۆرەکان کەمتر تووشی شەکرە دەبن، کاتێکیش تووش دەبن، ئاسانتر شەکرەکەیان کۆنترۆڵ دەکرێ. توێژینەوەیەکی زانستی کە لە ساڵی 2012دا کراوە، دەریخستووە ئەوانەی ژەمەکانیان بە پاقلەمەنی، چەرەس، سەوزە و میوە دەوڵەمەندە و گۆشتیان نەخواردووە، هەریەک لە گوشاری خوێن، شەکری کەڵەکەبوو، چەوریی سیانییان کەم بووە و پاش حەوت مانگ لە پیادەکردنی ئەم نەریتە خۆراکییە، 62%یان ئاستی شەکری خوێنیان ئاسایی بووەتەوە.



**6 رۆنی زەیتوون:**

رۆنی رەسەنی زەیتوون ئاسانکاری بۆ خانەکان دەکات کە شەکر بەکاربهێنن و کەڵەکەبوونی لە خوێندا کەمبکەنەوە، هەروەک رۆنی زەیتوون دژە هەوکردنە و دۆستی دڵ و بۆڕییەکانی خوێنە. بۆیە گرنگە تووشبووانی شەکرە لە خەڵکی ئاسایی زیاتر گرنگی بە خواردنی ئەم جۆرە رۆنە بدەن، بە تایبەت لە ئامادەکردنی زەڵاتەدا، چونکە قرچاندنی زۆر، کاریگەرییە باشەکانی ئەم جۆرە رۆنە کەمدەکاتەوە.



**7 سەوزە:**

سەوزەکان بە گشتی و سەوزە گەڵاپانەکان بە تایبەتی، دژی کەڵەکەبوونی شەکری خوێنن و تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن کەمدەکەنەوە. باشترین ئەنجام لەو تووشبووانەی شەکرەدا بینراوە کە رۆژانە لانیکەم 200 گرام سەوزە دەخۆن.



**8 چەرەس:**

توێژینەوەیەک دەریخستووە ئەوانەی شەکرەیان هەیە و هەفتانە پێنج ژەم چەرەس دەخۆن (هەر ژەمێک بە نزیکەی 30 گرام خەملێندراوە) ئەگەری تووشبوونیان بە جەڵتەی دڵ و مێشک بە رادەیەکی بەرچاو کەمیکردووە. توێژینەوەیەکی دیکەش دەریخستووە ئەو تووشبووانەی شەکرە کە رۆژانە 60 گرام چەرەس دەخۆن، ئاستی شەکر و چەورییەکانی خوێنیان تەندروستانە بووە. ئەڵبەت خواردنی چەرەس کالۆرییەکی زۆر دەدات، بۆیە دەبێ خواردنی چەرەس هاوکات بێ لەگەڵ کەمکردنەوەی کالۆریی وەرگیراو لە خۆراکەکانی دیکەوە.



**9 دارچینی:**

دارچینی هانی خانەکانی جەستە دەدات گوێڕایەڵی هۆرمۆنی ئەنسولینی سووتێنەری شەکر بن و نەهێڵن شەکر لە خوێندا کەڵەکە ببێ، بۆیە گرنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن لە تووشبووانی شەکرەی جۆری دوو.



**10 پرۆبایۆتیک (بەکتریای سوودبەخش):**

ماست بە بەکتریای سوودبەخش دەوڵەمەندە، ئێستا ئەم بەکتریا سوودبەخشانە بەشێوەی حەبیش هەن. وەرگرتنی بەکتریای سوودبەخش بە شێوەیەکی رۆژانە بۆ ماوەی هەشت هەفتە، کۆمەکی کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن دەکات.

### بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران چاوی لە حیزبوڵڵا پۆشیبوو

# ئیدارەی ئۆباما یارمەتیی حیزبوڵڵای لوبنانی داوە

**ڕووداو- هەولێر**

ساڵی 2008 فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە ئەمریکا (DEA) دەستی بە هەڵمەتێک کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی مادە هۆشبەرەکان لەلایەن ڕێکخراوی حیزبوڵڵای لوبنانییەوە. لە ماوەی هەشت ساڵدا 30 دەزگای هەواڵگریی ئەمریکی و وڵاتانی دیکە، زانیاری و نەخشەی وردیان لەسەر تۆڕی قاچاخی مادە هۆشبەرەکانی حیزبوڵڵا کۆکردبووەوە کە ساڵانە نزیکەی یەک ملیار دۆلار داهاتی بۆ ڕێکخراوەکە بەدواوە بوو. بەڵام ئیدارەی ئۆباما بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران هەموو ئەو هەوڵانەی پەکخست.

بەگوێرەی بەدواداچوونێکی گۆڤاری (پۆلیتیکۆ)ی ئەمریکی، لە گەرمەی کارەکانی ئەو تیمەدا ئیدارەی ئۆباما بەربەستی گەورەی بۆ دروستکردوون، بەجۆرێک کاتێک تیمی لێکۆڵینەوە داوای مۆڵەتی لێکۆڵینەوە، دەستگیرکردن و سەپاندنی سزای لە وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا کردووە، وەزارەتەکە جێبەجێکردنی داواکانی دواخستووە و هەندێکیانی هەر ڕەتکردووەتەوە.

هەڵمەتەکە بە پرۆژەی "کاساندرا" ناوی دەرکردبوو، لەو پرۆژەیەدا ناوی کەسانی پلەباڵای حیزبوڵڵا هەبوو کە دەستیان لە تۆڕی قاچاخی مادە هۆشبەرەکاندا هەبووە، لەوانەش نێردەی تایبەتی حیزبوڵڵا بۆ ئێران، بانکێکی لوبنانی کە گومان دەکرا چەندین ملیار دۆلاری پەیوەندیدار بە قازانجی مادە هۆشبەرەکانی سپی کردبێتەوە و شانەیەکی سوپای قودس لە ئەمریکا، بەڵام بە گوێرەی بەدواداچوونەکەی (پۆلیتیکۆ)، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەموو داواکارییەکانی بۆ دەستگیرکردنی کەسانی پەیوەندیدار بەو دۆسیە ڕەتکردەوە.

دەیڤد ئاشەر کە دەستی لە دامەزراندن و چاودێریکردنی پرۆژەی کاساندرادا هەبوو، لەوبارەیەوە دەڵێت: "بڕیارەکان سیاسی و سیستەماتیک بوون. ئەوان هەموو هەوڵەکانی ئێمەیان پووچەڵ کردەوە. بڕیارەکانیش لە سەرەوە دەهاتن".

باراک ئۆباما لە ساڵی 2009 وەکوو سەرۆکی ئەمریکا دەستبەرکار بوو. لە کاتی کەمپینەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکاشدا جەختی لەوە دەکردەوە کە سیاسەتی ئیدارەی پێش خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەرنامەی ئەتۆمی ئێران سەرکەوتوو نەبووە.

ئەوکات جۆن برێنان، بەرپرسی پێشووی (CIA)، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئۆباما بوو. برێنان پێیوابوو ئەمریکا دەبێت ڕێگایەک بۆ کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵە دەبێ هاوتەریب بێت لەگەڵ هەوڵی میانڕەوکردنی حیزبوڵڵادا.

بەپێی زانیارییەکانی پرۆژەی کاساندرا، هەوڵەکانی ئۆباما و برێنان بۆ نزیکبوونەوە لە ئێران و حیزبوڵڵا هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا مامەڵەیەکی توند لەگەڵ عەمیلەکانی حیزبوڵڵادا نەکات. نموونەی ئەمەش عەلی فەیاز بوو کە بە عەمیلێکی پلەباڵای حیزبوڵڵا دەزانرا و لە بەهاری 2014 لە پراگ دەستگیرکرا و ماوەی دوو ساڵ دەستبەسەر بوو، بەڵام ئیدارەی ئۆباما هیچ هەوڵێکی نەدا بۆئەوەی فەیازی ڕادەست بکرێتەوە.

فەیاز یەکێک بووە لەوانەی دەستی باڵای لە گواستنەوەی چەک بۆ سووریا و عێراق هەبووە، پلانی کوشتنی فەرمانبەرانی حکومەتی ئەمریکای داڕشتووە و هەوڵی گواستنەوە و بەکارهێنانی مووشەکی دژی فڕۆکەی داوە. دواجار فەیاز ڕەوانەی بەیروت کرایەوە و بەرپرسانی ئەمریکیش پێیانوایە ئێستا لە سووریا یارمەتی میلیشیاکان دەدات.

بەگوێرەی بەدواداچوونی (پۆلیتیکۆ)، ئیدارەی ئۆباما شکستیان بە هەوڵەکانی کاساندرا هێنا بۆ دەستگیرکردنی عەمیلێکی دیکەی حیزبوڵڵا کە بە "تارمایی" ناوی دەرکردبوو. کەسانی ئاگادار لە کەیسی "تارمایی" دەڵێن ئەوە یەکێک لە گەورەترین قاچاخچییەکانی کۆکایینە لە جیهاندا.

بەرپرسانی ئیدارەی پێشوو ڕەتیدەکەنەوە ئەوان پەتەکەیان بۆ حیزبوڵڵا شل کردبێت، بۆ ئەوەش ئاماژە بۆ دەستگیرکردنی هەشت ئەندامی حیزبوڵڵا لە ئەورووپا دەکەن. تیمی پرۆژەی کاساندراش دەڵێن ئەو هەڵمەتە لە 2016 بووە، واتە کاتێک ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران کرابوو.

کاترین باوەر، بەرپرسێکی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا لە مانگی شوباتی ئەمساڵ بە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ڕاگەیاند "لە ماوەی ئیدارەی ئۆبامادا، لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە ڕێکخراوی حیزبوڵڵا زۆر کەم کرانەوە، چونکە دەترساین ئەمە ئێران بشڵەژێنێ و کێشە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دروست بکات" کە ئۆباما بە گەورەترین دەستکەوتی سیاسەتی دەرەوەی خۆی دەزانی.

دەیڤد ئاشەر کە نوێنەری پێنتاگۆن بووە لە کاساندرا، دەڵێت: "هەرچی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران نزیک دەبووینەوە، لێکۆڵینەوە لە حیزبوڵڵاش کزتر دەبوو". ڕۆژی 17ی کانوونی دووەمی 2016، ئۆباما دوایین ڕێککەوتنی لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕاگەیاند. چەند مانگێک دوای ئەمەش پرۆژەی کاساندرا بە کردەوە هەڵوەشایەوە. بەوپێیەش ئەمریکا نەک هەر زانیاری لەسەر چالاکییەکانی حیزبوڵڵا لەبواری مادە هۆشبەرەکان کەمبووەوە، بەڵکو ئاگای لە پەیوەندییە شاراوەکانی حیزبوڵڵاش لەگەڵ ڕووسیا، سووریا و ڤەنزویلا نەما. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پۆلیتیکۆ)، بەشێکی زۆر لە کۆکایینی حیزبوڵڵا لە ڕێگەی ڤەنزوێلاوە ڕەوانەی ئەمریکا دەکرێ.

جۆن کێڵی کە وەکوو نوێنەری (DEA) لە گرووپی کاساندرا کاری دەکرد، دەڵێت ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پەیوەندییان بە ئەندامانی باڵای کاساندراوە کردووە، بەڵام زۆربەی ئەندامانی پێشووی پرۆژەکە پێیانوایە زیندووکردنەوەی کاساندرا کارێکی ئاسان نییە. کێڵی لەمبارەیەوە بە (پۆلیتیکۆ)ی ڕاگەیاند "نەدەبووایە ڕێگە بدرێت ئەو هەوڵانە لەناوبچن. ئێستا سەرچاوەکانمان نەماون. کێ دەڵێت ئەو کەسانەی پێشتر قسەیان بۆ کردبووین، ئێستاش ئامادەن شایەتی بدەن؟".

دێریک واڵتز، ئەندامێکی باڵای کاساندرا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو زیانەی ئیدارەی ئۆباما بە هەوڵەکانی ئەوانی گەیاندووە بە ئاسانی چاک نابێتەوە و "ئەمە شەمەندەفەرێک بوو کە لە سکەی خۆی لایدا".

پرۆژەی کاساندرا کاری لەسەر ژمارەیەک ئۆپەراسیۆن کردووە کە فراوانییەکەیان ئاماژەیەکی ڕوونە بە بەربڵاویی چالاکییە قاچاخ و نایاساییەکانی حیزبوڵڵا. بەشێک لە ئۆپەراسیۆنەکان بریتی بوون لە ئۆپەراسیۆنی تیتان کە کاری لەسەر پەیوەندی نێوان پارە سپیکەرەوەکانی حیزبوڵڵا و قاچاخچییەکانی مادەی هۆشبەر لە کۆلۆمبیا کردووە. ئۆپەراسیۆنی پێرسیۆس، کاری لەسەر ژمارەیەک سەندیکا و ناوەندی ڤەنزوێلا کردووە. ئۆپەراسیۆنێکی دیکەش لەو هەزاران ئۆتۆمبێلە بەکارهاتووەی کۆڵیوەتەوە کە لە ئەمریکاوە ڕەوانەی ئەفریقا کراون. هەموو ئەو تۆڕانەش دەگەڕێنەوە بۆ حیزبوڵڵای لوبنانی.

ڕاپۆرتەکانی کاساندرا وای دەردەخەن کە ئەمە شتێکی سەیر نییە، لەبەر ئەوەی حیزبوڵڵا چەندین دەیەیە بە هاوکاریی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران کار دەکات بۆ ئەوەی تۆڕێکی کاری بازرگانی دامەزرێنێت کە لە هەمانکاتدا پێشەنگی بازرگانیی ڕەشیش بن، بۆ ئەوەی "بە هەمان ئەو ڕێگایەی مریشکی بەستوو یان کەرەستەی کارەبایی دەگوازرێتەوە، چەک و تەقەمەنیش ڕەوانە بکرێت و پارە سپی بکرێتەوە و کەرەستەی پێویست بۆ بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکەی ئێران دابین بکرێت".

بەدواداچوونەکەی پۆلیتیکۆ دەریدەخات چۆن هەوڵەکانی ئۆباما بۆ نزیکبوونەوە لە ئێران و تەواوکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لەوەی توانای دارایی حیزبوڵڵا گەشە بکات و تۆڕەکانی ئەو ڕێکخراوەش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا و باکوور و باشووری کیشوەری ئەمریکا فراوان ببێت.



حیزبوڵڵای لوبنانی ساڵانە یەک ملیار دۆلاری لە ڕێی فرۆشتنی ماددەی هۆشبەرەوە دەستدەکەوێ

# سەرکەوتنی جوداخوازەکان کێشەی بارسیلۆنا و مەدرید قووڵتر دەکاتەوە




جوداخوازەکانی کاتالۆنیا لە کۆی 135 کورسی، 70 کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو- هەولێر**

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کاتالۆنیا گورزێکی کوشندە بوو بەر هەوڵەکانی حکومەتی ئیسپانیا بۆ لاوازکردنی جوداخوازەکانی ئەو هەرێمە کەوت، لە هەمانکاتیشدا چارەنووسی کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و بارسیلۆنا بە لێڵی دەهێڵێتەوە.

لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووی کاتەلۆنیادا، زیاتر لە 81%ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو، بەشدارییان کرد و جوداخوازەکان 48% و یەکێتیخوازەکانیش 52%ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. بەڵام بەو پێیەی لە سیستەمی هەڵبژاردنی کاتالۆنیا بایەخێکی تایبەت بە ناوچە گوندییەکان و دەوروبەرەکانی شارە گەورەکان دەدرێت، جوداخوازەکان توانییان لە کۆی 135 کورسی پەرلەمانی کاتەلۆنیا 70 کورسی مسۆگەر بکەن. ناوچە گوندییەکان و ئەوانەی دانیشتوویان کەمە، بنکەی سەرەکی جەماوەری جوداخوازەکانن و ئەو ناوچانە بەپێی بازنەی هەڵبژاردن نەک ژمارەی دەنگدان، کورسیی پەرلەمانیان پێدەدرێ.

ئینیس ئاریماداس، سەرۆکی لقی کاتالۆنیای پارتی هاووڵاتیان، پێیوایە "ئەو سیستەمە نادادپەروەرانەیە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی کورسییەکان بە لایەنێک دەدات کە لەسەر شەقامەکان لایەنگرێکی ئەوتۆی نییە". لەناو هەموو پارتەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا، پارتەکەی ئاریماداس زۆرترین دەنگی هێنا و 73 کورسی مسۆگەر کرد، بەڵام ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێ.

سیستەمی هەڵبژاردنی کاتالۆنیا لە پێناو دروستکردنی باڵانسێک لە نێوان دەنگەکانی ناوچە گوندییەکان و شارە گەورەکان دانراوە. گوندەکان و ناوچە هەژارنشینەکانی دەوروبەری شارە گەورەکان، هەموو کات بنکەی جەماوەریی پارتە ناسیۆنالیستەکان بوون، لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچانە لەسەر ئابوورییەکی لۆکاڵی دەژین و پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ دامەزراوە ئابوورییە گەورەکانی کاتالۆنیادا نییە کە بەرژەوەندییەکانیان بە قووڵی بەستراونەتەوە بە مەدریدەوە.

ناوچە شارییەکان بەپێچەوانەوە پەیوەندی و بەرژەوەندیی دارایی و ئابووریی هاوبەشیان لەگەڵ دامەزراوەکانی ئیسپانیادا هەیە، بۆیەش زۆربەی دەنگی ئەو ناوچانە بۆ پارتە یەکێتیخوازەکان دەچێت.

## ئاگرەکە خۆش دەبێت

هەڵبژاردنە پێشوەختەکەی هەفتەی ڕابردووی کاتەلۆنیا کاردانەوەی حکومەتی ئیسپانیا بوو بەرامبەر گشتپرسییەکەی یەکی ئۆکتۆبەری کاتالۆنیا کە تێیدا زۆرینەی ڕەهای دەنگدەران جیابوونەوە لە ئیسپانیایان هەڵبژارد. 27 ڕۆژ دوای گشتپرسییەکە، پەرلەمانی پێشووی کاتالۆنیا دامەزراندنی کۆماری کاتالۆنیای ڕاگەیاند کە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئیسپانیا بۆ جووڵاندنی مادەی 155ی دەستووری ئیسپانیا.

مادەی 155ی دەستووری 1978ی ئیسپانیا ئەو چەکە بوو کە ماریانۆ ڕاخۆی، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا دەیویست بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی ئیسپانیادا بیخاتەکار بۆ ئەوەی قەیرانی دەستووری ئیسپانیای پێ چارەسەر بکات. بەپێی ماددەکە کە بە "مادەی ئەتۆمیی دەستوور" ناسراوە، هەر کاتێک حکومەتی ناوەندی هەستی کرد یەکێک لە حکومەتە هەرێمییەکان دەستوور جێبەجێ ناکات، یان مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئیسپانیا دروست دەکات، ئەوە حکومەت دەتوانێت داوا لە پەرلەمان بکات بۆ جولاندنی هێز.

ڕاخۆی گرەوەکەی دۆڕاند، چونکە ئاکامی هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی پێنجشەممە کێشەی نێوان ئیسپانیا و کاتالۆنیای گەڕاندەوە بۆ ئەو خاڵە ئاگرینەی کە قەیرانەکە لێیەوە دەستی پێکردبوو. ڕاخۆی گرەوی لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەگەر حکومەت و پەرلەمانی کاتالۆنیا هەڵوەشێنێتەوە و داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە لەو هەرێمە بکات، یەکێتیخوازەکان سەردەکەون، بەڵام وەکو ئێلیسێندا مارالێت گارسیا، پرۆفیسۆری یاسا لە زانکۆی بارسێلۆنا بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی گوت: "هەڵبژاردنەکە هیچ ململانێیەکی یەکلایی نەکردەوە، بەڵکو توندتری کرد".

## هەنگاوەکانی داهاتوو چی دەبن؟

کارلیس پۆژیمۆنت، سەرۆکی تاراوگەنشینی پێشووی کاتالۆنیا، جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە نێو یارییەکە، هەرچەند مەترسیی دەستگیرکردنیشی لەسەرە. لەناو سێ پارتە جوداخوازەکەدا، پارتەکەی پۆژیمۆنت، واتە پارتی پێکەوە بۆ کاتالۆنیا، زیاترین ژمارەی کورسی بەدەستهێناوە. پۆژیمۆنت بەڵێنی دابوو ئەگەر خەڵکی هەرێمەکەی دەنگ بە پارتەکەی بدەن دەگەڕێتەوە، بەڵام هێشتا دیار نییە کەی ئەو بەڵێنە دەباتە سەر.

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، سەرۆکی کاتالۆنیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە برۆکسل داوای "دیالۆگی بێمەرج"ی لە حکومەتی ناوەندی کرد. ماوەی نزیک یەک مانگە پۆژیمۆنت لە برۆکسل ژیان بەسەر دەبات و لەوێوە گوتی: "خەڵکی کاتالۆنیا سەربەخۆییان دەوێت". بەڵام پۆژیمۆنت دەزانێت جێبەجێکردنی ئەو داوایە کارێکی ئاسان نابێ.

ڕاخۆی بە هیوای شکستی جوداخوازەکان بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختی دابوو، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت جارێکی دیکەش دەست بۆ جووڵاندنی مادەی 155 بەرێت، ئەگەر جوداخوازەکان هەنگاو بۆ دابەشکردنی ئیسپانیا بنێن. لەلایەکی دیکەوە بەرەی جوداخوازی کاتالۆنیاش ئەوەندە یەکگرتوو نین، تەنانەت لە چەند هەفتەی ڕابردوودا لەسەر تەکتیک و ستراتیژەکانی دوای گشتپرسی و بەرپەرچدانەوەی هەنگاوەکانی حکومەتی ناوەندی ناکۆکی قووڵیان هەبوو. ڕووداوەکانی دوای گشتپرسییەکەی دوو مانگ لەمەوبەریش کەلێنی گەورەی لەناو جوداخوازەکانی کاتالۆنیادا دروستکردووە.

جوداخوازەکانی کاتالۆنیا بەدەست قەیرانی سەرکردایەتیشەوە دەناڵێنن. لە دوای دەنگدانەکەی مانگی ئۆکتۆبەر ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی بزووتنەوە جوداخوازەکانی کاتالۆنیا دەستگیرکراون، لەوانەش ئۆریۆل ژونکوێراس، سەرۆکی پارتی جوداخوازی کۆمارییە چەپەکان کە لە هەڵبژاردنەکەی هەفتەی ڕابردوودا 32 کورسی بەدەستهێنا. لە حکومەتی هەڵوەشاوەی کاتالۆنیادا، ژونکوێراس جێگری کارلیس پۆژیمۆنت بوو کە ئێستا لە بەلژیکا پەناخوازە.

جیا لەمەش سەرکردە جوداخوازەکانی کاتالانەکان دەزانن ئەوان زۆرینەی دەنگەکانیان نەهێناوە، بۆیەش هەر هەنگاوێکی بەپەلە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ناکۆکی نێوخۆیی گەورە لە نێو دانیشتووانی هەرێمەکەدا دروستدەکات، کە چارەسەرکردنی ساڵانێکی درێژی دەوێت، بە تایبەتیش لە کاتێکدا مەدرید هەوڵی پشتگیریکردنی ئەو لایەنانە دەدات.

## ئەورووپا چی دەکات؟

لە چەند مانگی ڕابردوودا حکومەتی ئیسپانیا ڕێوشوێنی یەکجاری توندی لەدژی هەوڵەکانی جوداخوازەکانی کاتالۆنیا گرتبووەبەر. لە ڕۆژی گشتپرسییەکەدا سەتان کەس بەهۆی هێرش و لێدانی پۆلیسەوە بریندار بوون. دەیان کەس لە چالاکڤان و سیاسەتمەدارانی جوداخوازی دەستگیرکران. یەکێتیی ئەورووپا لە بەرامبەر هەموو ئەو هەنگاوانەی حکومەتی مەدرید پشتگیریی خۆیان بۆ یەکپارچەیی حکومەتی ئیسپانیا ڕاگەیاند.

بەڵام پۆژیمۆنت سوورە لەسەرە ئەوەی ئەورووپا دەستی لە چارەسەری کێشەکانی نێوان مەدرید و بارسێلۆنادا هەبێت. ڕۆژی هەینی جەختی لەوە کردەوە ئامادەیە لە بروکسڵ یان هەر شارێکی دیکەی ئەورووپی لەگەڵ ڕاخۆی کۆببێتەوە، نەک لە ئیسپانیا.

هەڵوێستی سەرکردەکانی یەکێتیی ئەورووپا لە ڕۆژی یەکەمی قەیرانەکەوە ئەوە بووە کە ئەوان لەگەڵ دابەشبوونی ئیسپانیادا نین، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە بزووتنەوەی جوداخوازیان تێدایە، جیا لەمەش سیاسەتی کۆچبەری، دارایی و ئەمنی بەپێی پێویست ناکۆکی لە نێوان وڵاتانی یەکێتییەکەدا دروستکردووە و کێشەی نوێیان ناوێت. بۆیەش ئەستەمە بەڕێوەچوونی دانوستاندنەکان لە ئەورووپا ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە دەستەبەرکردنی داواکانی جوداخوازەکان ببینێ.

# یەمەن.. شەڕی ئیفلاسکردن بە دوژمن کێ ئیفلاس دەکات؟

**رووداو- هەولێر**

فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە چەند رۆژی رابردوودا راشکاوانە رایانگەیاند کە دەیانەوێت نفوزی خۆیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا فراوانتر بکەن، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش چاویان لەسەر یەمەنە و دەیانەوێت هاوکارییەکانیان بۆ حووسییەکان زیاتر بکەن، ئەمەش هۆشدارییەکە بۆ سعودیە و وڵاتانی کەنداو کە ماوەی سێ ساڵە هاوپەیمانێتییەکیان بۆ لێدان لە چەکدارانی حووسی راگەیاندووە.

ناوەڕاستی ئەم مانگە نیکی هاڵی، باڵیۆزی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: "بەڵگەی حاشاهەڵنەگر" هەیە کە ئێران هەوڵی پێشێلکردنی رێسا نێودەوڵەتییەکانی داوە و چەک و تەقەمەنی قورسی بۆ حووسییەکانی یەمەن ناردووە، داواشی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد رێوشوێنی توندتر لەدژی ئەو هەنگاوانەی ئێران بگرنەبەر.

چەند کاژێرێک بەر لەو هەڕەشانەی ئەمریکا، محەممەد عەلی جەعفەری، فەرماندەی باڵای سوپای پاسداران رایگەیاند، سەرکەوتنی حووسییەکان لە یەمەن نزیکە، جەختی لەوەش کردەوە کە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران تەنیا بۆ عێراق، سووریا و لوبنان نابێت، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی ناوچە و جیهان دەبێ.

مەبەست لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کۆکردنەوەی هەموو کۆمەڵگە شیعەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانە لە ژێر چەتری دامەزراوەی ئایینی "ویلایەتی فەقیە"ی ئێران کە عەلی خامنەیی، رێبەرایەتی دەکات. لە ماوەی 38 ساڵی رابردوودا ئەم پڕۆژەیە بەشێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و سوپای پاسداران بووە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

یەمەن لە پاڵ سووریا، عێراق و لوبنان، مەیدانێکی سەرەکی ململانێی ریاز و تارانە. بەلای ئێرانییەکانەوە شەڕی یەمەن بەشێکە لە پرۆژەی فراوانکردنی نفوزی خۆیان لە ناوچەکەدا، لە خراپترین حاڵەتیشدا کارتێکی گوشارە کە دەتوانن لە دژی سعودییەکان بیخەنە کار. بەڵام لای سعودییەکان قەیرانی یەمەن و دەسەڵاتی حووسییەکان پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەیانەوە هەیە. هەر بۆیە لای سعودییەکان یەکلابوونەوەی شەڕی یەمەن زۆر ستراتیژیترە لە شەڕی سووریا و عێراق.

لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا حوسییەکان دوو جار مووشەکیان ئاراستەی ریاز کردووە کە دوایین جاریان رۆژی سێشەممەی هەفتەی رابردوو بوو. سعودییەکان دەڵێن مووشەکەکە ناوچەیەکی مەدەنی لە ریاز کردبووە ئامانج، بەڵام حووسییەکان وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هێرشە مووشەکییەکە، دەڵێن ئامانجی هێرشەکە کۆشکی شاسەلمان بووە. هێرشەکەی هەفتەی رابردوو چەند کاژێرێک پێش بەڕێوەچوونی مەراسیمی راگەیاندنی پڕۆژە بودجەی 2018ی سعودیە هات کە تێیدا شا سەلمانیش بەشدار بوو.

## شارەزایەکی ئەمریکی

**شەڕی یەمەن هێندەی بۆ بەرزکردنەوەی خەرجییە سەربازییەکانی وڵاتانی کەنداوە، بۆ فراوانکردنی نفوزی ئێران نییە**

## فەرماندەیەکی سوپای پاسداران

**شۆڕشی ئیسلامی بۆ هەموو جیهان هەناردە دەکەین**

شەڕی نێوخۆی یەمەن ساڵی 2014 هەڵگیرسا، کاتێک حووسییەکان و هاوپەیمانەکانیان دەستیان بەسەر بەشی زۆری باکووری رۆژئاوای یەمەن و پایەتەختی ئەو وڵاتەدا گرت و بەرپرسانی حکومەتی یەمەنیان لە وڵات دەرکرد. لە ساڵی 2015ەوە سعودیە بە هاوکاریی ژمارەیەک وڵاتی عەرەبی سوننە دەستیان بە هەڵمەتێک کردووە بۆ تێکشکاندنی حووسییە شیعەکان.

ئێران لە عێراق و سووریا سەرکەوتنی مسۆگەر کردووە و حیزبوڵڵای لوبنانیش بە کردەوە هێزی باڵادەستە لە لوبنان. بەوپێیەش ئێران بە تەرکیزێکی زیاترەوە دەتوانێت ئاوڕ لە شەڕی یەمەن بداتەوە کە لە ماوەی نزیکەی سێ ساڵی رابردوودا گەورەترین قەیرانی مرۆیی دروستکردووە. بەگوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشنتن، لێدوانەکانی محەممەد عەلی جەعفەری ئاماژەیەکی روونن بەوەی ئێران دەیەوێت ئەزموونی عێراق و سووریا لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش دووبارە بکاتەوە کە ئێستا سەرەکیترینیان یەمەنە.

مانگی رابردوو جەعفەری، بە پێچەوانەی لێدوانی بەرپرسانی حکومەتی ئێران، دانی بەوەدا نا کە وڵاتەکەی "هاوکاری راوێژکاریی سەربازی" پێشکەش بە حووسییەکان دەکات. ئەمەش دەستەواژەیەکە ئێران لە سێ ساڵی رابردوودا لە کاتی باسکردنی هاوکارییەکانی بۆ میلیشیا شیعەکانی عێراق و سووریا بەکاری دەهێنا. جەعفەری جەختی لەوەش کردەوە کە ئێران واز لە هاوکارییەکانی بۆ حووسییەکان ناهێنێ.

بروس ریدڵ، توێژەر لە پەیمانگای بروکینگزی ئەمریکی، بە پێچەوانەی توێژەرانی پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدووری دەزانێت ئێران ئەو هاوکارییەی پێشکەش بە میلیشیا عێراقی و سوورییەکانی کردووە، بە حووسییەکانی بکات. حووسییەکان رێچکەیەک لە مەزهەبی شیعین کە خۆیان بە پەیڕەوی زەیدی ئامۆزای ئیمام عەلی دەزانن، بۆیە لە شیعەی دوازدە ئیمامی جیاوازن و بڕواشیان بە ویلایەتی فەقیە نییە. ئەم تایبەتمەندییە وادەکات ئێران نەتوانێت وەکوو چۆن میلیشیا شیعەکانی عێراق و حیزبوڵڵای لوبنانی بەکاردێنێ، ئاوهاش حووسییەکان وەکوو باڵێکی پەرەپێدانی نفوزی خۆی بقۆزێتەوە.

جیا لەمەش ئێران کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر حووسییەکان و جموجۆڵەکانیاندا نییە. ریدڵ کە ساڵانێکی زۆر لەگەڵ ئیدارە جیاوازەکانی ئەمریکا کاری کردووە، دەڵێت لە 2014 ئێران داوای لە حووسییەکان کردبوو سەنعا نەگرن و حکومەتی یەمەن هەڵنەوەشێننەوە، بەڵکو هەوڵ بدەن لەگەڵ حکومەتەکەی عەبد مەنسوور رەبە، سەرۆککۆماری یەمەن، رێکبکەون. بەڵام حووسییەکان بەوە رازی نەبوون.

بروس ریدڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەڕی یەمەن بۆ ئێرانییەکان هێندەی شەڕی سەرقاڵکردنی وڵاتانی کەنداو و بەرزکردنەوەی خەرجییە سەربازییەکانی ئەو وڵاتانەیە، هێندە شەڕی فراوانکردنی نفوزی سەربازی و ئەمنیی ئێران نییە. شەڕی یەمەن کە مەترسییەکانی لە سنوورەکانی ئێرانەوە دوورە، مانگانە تەنیا چەند ملیۆن دۆلارێک خەرجی لەسەر شانی ئێرانییەکان دادەنێ. بەڵام ئەو شەڕە مانگانە شەش ملیار دۆلار لە خەزێنەی وەزارەتی بەرگریی سعودیە کەمدەکاتەوە، ئەوە جگە لەوەی ئیماراتیش بەشدارێکی سەرەکیی ئەو شەڕەیە و مانگانە سەتان ملیۆن دۆلار خەرجیی تێدا دەکات.

بەڵام زۆربەی چاودێران ئەم رایەی ریدڵ پەسەند ناکەن، لەبەرئەوەی هاوپەیمانێتی ئێران لەگەڵ هێزگەلی ناوچەکە تەنیا لەسەر بنەمای مەزهەب نییە و زۆرجار هێزە پرۆئێرانییەکان هەر لە بنەڕەتەوە شیعەش نین و بەڵکو سوننەن، بەڵام لە فەلەکی سیاسەتەکانی ئێراندا دەخولێنەوە.



شەڕی یەمەن مانگانە تەنیا چەند ملیۆن دۆلارێک خەرجی لەسەر شانی ئێرانییەکان دادەنێ، بەڵام هەموو مانگێ شەش ملیار دۆلار لە خەزێنەی وەزارەتی بەرگریی سعودیە کەمدەکاتەوە (فۆتۆ: AFP)

# بەهای ئازادکردنی بن تەلاڵ شەش ملیار دۆلارە

**رووداو- هەولێر**

شازادە وەلید بن تەلاڵ هەوڵ دەدات هەر چۆنێک بێت دەست بەسەر کۆمپانیاکانیدا بگرێتەوە، بەڵام شازادەی جێنشین مەرجێکی قورسی بۆ داناوە. بە گوتەی کەسانی نزیک لە بن تەلاڵ حکومەت داوای شەش ملیار دۆلاری کردووە بۆ ئەوەی ئازادی بکات، بەڵام ئەو دوودڵە.

سەرەتای مانگی پێشوو بن تەلاڵ لەگەڵ دەیان شازادە و بەرپرس و کۆنەبەرپرسی سعودی لە چوارچێوەی "هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی" دا دەستگیر کرا و رەوانەی هۆتێلی ریتز کارڵتنی ریاز کرا کە شوێنی حەوانەوەی شازادە و بەرپرسە دەستگیرکراوەکانە. هەڵمەتەکە بە دەستپێشخەری محەممەد بن سەلمان، شازادەی جێنشینی سعودیە دەستی پێکرد و خۆیشی سەرکردایەتی دیوانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکات. لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە دەستگیرکراوەکان ئازادکراون، بەڵام بن تەلاڵ تاوەکو ئێستاش بە دەستبەسەری ماوەتەوە.

سامانی بن تەلاڵ، تەمەن 62 ساڵ، بە نزیکەی 20 ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت و بە دەوڵەمەندترین پیاوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنرێ. کەسانی ئاگادار لە دۆسیەی دەستگیراوەکانیش بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکییان راگەیاندووە ئەو بڕە پارەیەی لە بن تەلاڵی داوا دەکەن لە نێوان بەرزترین ئەو ژمارانەیە کە لە شازادەکان داواکراوە، خەڵکانی نزیک لە بن تەلاڵیش ئاشکرایان کردووە "شازادە وەلید پێیوایە ئەگەر ئەو بڕە پارەیە بداتە حکومەتی سعودیە، ئەوە راستەوخۆ دانی بەوەدا ناوە کە تاوانی کردووە و بۆیەش دوور نییە لە داهاتوودا داوای هەڵوەشانەوەی ئەو ئیمپراتۆرییەتە داراییەی لێبکەن کە لە 25 ساڵی رابردوودا دایمەزراندووە".

بەپێی راپۆرتەکەی (جورناڵ) شازادە خەریکی دانوستاندنە لەگەڵ ریاز بۆ ئەوەی لەبری شەش ملیار دۆلارەکە پشکێکی گەورە لە کۆمپانیای کینگدم هۆڵدینگ بداتە حکومەت. نرخی پشکەکانی ئەو کۆمپانیایە لە دوای دەستگیرکردنی بن تەلاڵ 14% دابەزیوە، بەو حاڵەشەوە بەهای گشتیی کۆمپانیاکە نزیک 8.7 ملیار دۆلارە. مانگی رابردوو کۆمپانیای کۆنگدم هۆڵدینگ رایگەیاند "حکومەتی سعودیە پشتگیریمان دەکات و ئێمەش لەسەر کارەکانی خۆمان بەردەوامین".

تاوەکو ئێستاش بن تەلاڵ سەرۆکی کۆمپانیای کینگدم هۆڵدینگە و بە بەرپرسانی باڵای ریازی راگەیاندووە دەیەوێت لەو پۆستە بمێنێتەوە. کەسێکی نزیک لە بن تەلاڵ بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "شەڕی سەرەکی لەسەر ئەوەیە کۆمپانیاکە لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی بن تەلاڵدا بمێنێتەوە".

تاوەکو ئێستا حکومەتی سعودیە بەشێوەیەکی فەرمی هۆکاری دەستگیرکردنی بن تەلاڵی رانەگەیاندووە، بەڵام بەرپرسانی باڵای حکومەتی سعودیە بە نهێنی بە دەزگاکانی راگەیاندنیان گوتووە بن تەلاڵ بە سپیکردنەوەی پارە، بەرتیلدان و بەدەستهێنانی پارە بە رێگەی نایاسایی تۆمەتبارکراوە. سەلاح حیجەیلان، پارێزەری لە مێژینەی شازادە وەلید، بە (جورناڵ)ی راگەیاندووە "تاوەکو ئێستاشی لەگەڵ بێت بە فەرمی هیچ تۆمەتێک ئاراستەی شازادە وەلید نەکراوە". جەختیشی لەوە کردووەتەوە ئەگەر هیچ تێگەیشتنێک لە نێوان بن تەلاڵ و حکومەتدا دروست نەبێت، ئەوان داوای کردنەوەی دۆسیە دەکەن.

پارێزەرەکەی بن تەلاڵ ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە "تاوەکو ئێستاش گفتوگۆی دۆستانە لە نێوان بەرپرسانی حکومەت و بن تەلاڵدا هەیە بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێک". شازادە بن تەلاڵ بە کەسانی نزیک لە خۆی راگەیاندووە دەیەوێت هەرچۆنێک بێت بێگوناهی خۆی بسەلمێنێ و ئەگەر پێویست بکات ئامادەیە لە دادگا بەرەنگاریی تۆمەتەکانی گەندەڵی و سپیکردنەوەی پارە ببێتەوە.

هاوڕێیەکی نزیکی بن تەلاڵ بە جورناڵی راگەیاندووە "شازادە لێکۆڵینەوەیەکی گونجاوی دەوێت، چاوەڕێش دەکرێت بن تەلاڵ بە سەختی بەرەنگاری محەممەد بن سەلمان ببێتەوە".

مانگی رابردوو بەرپرسانی سعودیو رایانگەیاند حکومەت بە نیازە پارەیەکی زۆر لەو شازادە و بەرپرسە دەستبەرانە وەربگرێت. ئەمەش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە داراییە بەکاردەهێنرێت کە محەممەد بن سەلمان بۆ جێبەجێکردنی پلانی رۆئیای 2030 پێویستییەتی. مانگی رابردوو بەرپرسانی حکومەتی سعودیە رایانگەیاند شازادە متعەب بن عەبدوڵڵا لە بەرامبەر یەک ملیار دۆلار ئازادکراوە. بە گوتەی بەرپرسانی سعودی، متعەب دانی بە تاوانەکانی خۆیدا هێناوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە شازادە وەلید دەیەوێت خۆی لێ دوو بگرێ.

بن تەلاڵ، بە پێچەوانەی متعەب بن عەبدوڵڵا، هیچکات لەسەر پۆستی شازادەی جێنشین ململانێی لەگەڵ بن سەلمان نەکردووە. شازادە

> **تاوەکو ئێستا هیچ تۆمەتێک ئاراستەی شازادە نەکراوە**
>
> پارێزەری بن تەلاڵ

تەلاڵ بن عەبدولعەزیز (باوکی بن تەلاڵ) بەهۆی پشتگیری لە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە شەستەکان پەراوێزخرا. شازادە وەلیدیش هاوشێوەی باوکی لایەنگرێکی سەرسەختی کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی سعودیەیە، بە تایبەتیش کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگای سعودی بەرامبەر مافەکانی ئافرەتان.

بەڵام بن تەلاڵ هەر لە سەرەتاوە پشتگیری خۆی بۆ پلانی چاکسازیی بن سەلمان راگەیاندبوو، تەنانەت بڕیار بوو کینگدم هۆڵدینگ بەشێک لە جێبەجێکردنی پلانەکە بگرێتە ئەستۆ. هەندێک لە ئەندامانی ئال سعوود پێیانوایە یەکێک لە هۆکارەکانی دەستگیرکردنی بن تەلاڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بنەماڵەی بن تەلاڵ لە کاتی لێخستنی محەممەد بن نایف لە پۆستی شازادەی جێنشین پشتگیرییان لە بن نایف کردبوو نەک بن سەلمان.

شازادە وەلید زۆرجاران وەکوو باڵیۆزی سعودیە لە بازرگانیی جیهانیدا ناوزەد دەکرێت، لەبەر ئەوەی پشکی گەورەی لە کۆمپانیای وەکوو جەنەراڵ مۆتۆرزی ئەمریکی، ئەپڵ و نیوزکۆرپس، تویتەر، فۆرسیزن هۆتیل و ژمارەیەک کۆمپانیای زەبەلاحی دیکەی جیهانیدا هەیە. زۆر کەس لەوانەی لە بن وەلید نزیکن پێیانوایە ئەو رۆڵە بازرگانییەی بن تەلاڵ هۆکاری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی بن سەلمان بیر لە دەستگیرکردنی بکاتەوە.

ماوەی چەند ساڵە کۆمپانیای کینگ هۆڵدینگ بەناوی حکومەتەوە گرێبەست دەکات و بن سەلمان پێیوایە دامەزراوەکانی حکومەت دەبووایە ئەو گرێبەستانە بکەن، نەک کۆمپانیاکەی بن تەلاڵ. شازادە وەلید لەسەر ئاستی سیاسیش ناوبانگێکی زۆری هەیە. هاوینی ئەمساڵ بن تەلاڵ لەگەڵ سەرۆکی پورتوگال، سەرۆکوەزیرانی ئاڵبانیا و تەنانەت سەرۆکی فەرەنسا دانیشت، بۆ ئەوەی باس لە "هاوپەیمانێتیی ستراتیژی" نێوان پاریس و ریاز بکات.

سعودیە و فەرەنسا چەند مانگێک بوو سەرقاڵی رێککەوتنێک بوون کە بە هۆیەوە حکومەتی فەرەنسا پابەند دەبوو بە وەبەرهێنانێکی 400 ملیۆن دۆلاری لە بزنسی سعودیە. کەسانی ئاگادار لە رێککەوتنەکە ئاشکرایان کردووە لە کاتی دەستگیرکردنی بن تەلاڵەوە هیچ پێشکەوتنێک لە رێککەوتنەکەدا رووینەداوە.

زۆربەی بەڵگەکان ئاماژەن بەوەی بن تەلاڵ ئاگای لەوە نەبووە بن سەلمان بەنیازی دەستگیرکردنی بێت. مانگێک پێش دەستگیرکردنی، شازادە وەلید نامەیەکی تەلەفۆنی بۆ بەکر بن لادن ناردبوو کە خاوەنی کۆمپانیای زەبەلاحی گروپی بن لادنە، لە نامەکەشدا جەختی کردبوووەوە لەسەر ئەوەی کاتی ئەوەیە بگەڕێنەوە سەر پڕۆژەی تاوەری جەدە کە لەگەڵ تەواوکردنیدا دەبێت بە بەرزترین تاوەری جیهان. تاوەرەکە بەتەواونەکراوی ماوەتەوە، بن تەلاڵ و بن لادنیش لە هۆتێلی ریتز کارڵتن دەستبەسەرن.



بن تەلاڵ نایەوێ بە پێدانی پارە لە بەرامبەر ئازادکردنی، گەندەڵی لەسەر خۆی بکاتە ماڵ



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# لەدەستدانی دەرفەتی گۆڕانکاری

ئەزموونی حوکمڕانی کوردی وا پێ دەنێتە 26 ساڵەی تەمەنییەوە، لەبەرئەوەی ماوەی ئەم 26 ساڵەش پارتی و یەکێتی پێکەوە و بە جیاش لە جێنفوزی خۆیاندا لە هەولێر و سلێمانی حاکم و حوکمڕانی ڕەهای کوردستان بوونە، شێوازێکی حوکمڕانییان داهێناوە کە سیمای حکومەت زۆرتر بە موڵکی حیزب دەچێت وەک لەوەی دامەزراوەی گشتی بێت. هەرکاتێک ئەم دوو هێزە ناکۆک و ناتەبا بن، مەترسی لەسەر دابەشبوونی ئیدارە و جوگرافیای کوردستان هەیە و کە زۆر لێکیش نزیک دەبنەوە، دەرفەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات نامێنێ.

ئەزموونی 26 ساڵی ڕابردوو زیاتر لەجارێک ئەوەی بۆ سەلماندووین کە پارتی و یەکێتی هەرکاتێک ڕێک بوون حکومەتیان پێکەوە پێکهێناوە و کە شەڕیان کردووە، حکومەتیان کردووە بە دووان. ئاشت بوونەوە، حکومەت یەکخراوەتەوە و ناکۆک بوون سەرلەنوێ مەترسی دابەشبوونەوە و قسەوباسی دوو ئیدارەیی سەری هەڵداوەتەوە. کە هێزی نوێ هاتە مەیدان، بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردنیان کرد و بوونەوە بە هاوپەیمان. ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر خەڵکی تووشی نائومێدی کردووە لەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لەم شێوازی حوکمڕانییەدا مومکین نەبێ.

ئەمە ئەگەر هیچ کێشەیەکی دیکەشی نەبووایە، خەڵک لە ژیانێکی پڕ لە کامەرانیشدا ژیابان، هەر گرفت بوو. چونکە ناکرێ ژیانی سیاسی وڵاتێک بەو ئەندازەیە وابەستە بکرێت بە دوو هێزی سیاسییەوە کە پاشخانیان پڕە لە ناکۆکی و ناتەبایی، هیچ ئاسۆیەکیش نییە کە لە داهاتوودا گۆڕانی بەسەردا دێت. ناکرێ میللەتێک بۆ هەتا هەتایە گیرۆدەی دۆخێکی لەوجۆرە بێت و هەمیشە ترسی ئەوەی هەبێت لێکدوورکەوتنەوەی دوو هێزی سیاسی شەڕ و ماڵوێرانی لێبکەوێتەوە و لێکنزیکبوونەوەشیان لەسەر حسابی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی سیاسی بێت.

چجای ئەوەی بەهۆی ئەو شێوازە لە حوکمڕانی و قەتیسکردنی پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە لەو چوارچێوەیەدا، کوردستان گیرۆدەی دەردی کوشندە بووبێ و کێشە و ناکۆکییە سیاسییەکان و کەڵەکەبوونی لێکەوتەکانی سیاسەتی ئابووریی خراپ کوردستانی گەیاندبێتە دۆخێکی مەترسیدار. کەواتە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ ڕزگاربوون لە دۆخێکی وا، ئەرکێکی گرنگی قۆناغەکەیە. وای دەبینم زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەوەدا هاوڕان کە ڕێگەی هەرە دروست، گۆڕینی ئەم شێوازەیە لە حوکمڕانی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بیگۆڕین.

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، کوردستان لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی داتەپیوەوە. نیگەرانییەکانی خەڵک لەو شکستە سیاسییەی بەسەر کوردستاندا هات، لەدەستدانی نزیکەی نیوەی جوگرافیای کوردستان، لەدەستچوونی بەشی زۆری کێڵگە نەوتییەکان، لێکەوتەکانی ئەم پێشهاتە تازانە شانبەشانی قەیرانی دارایی چەند ساڵی ڕابردوو، ئەرکی حکومەتی هەرێمی لەڕووی سیاسی و بەڕێوەبردن و داراییەوە قورس کردووە و کاریگەری زۆر خراپیشی خستووەتە سەر ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان. مەترسیەکەش لەوەدایە پێناچێت ئەمە کۆتایی سیناریۆکانی لاوازکردنی پێگەی کوردستان بێت لەناوچەکە و ئەگەری ئەوە هەیە بە ڕێگە و شێوازی جۆراوجۆری تر کار بۆ قووڵکردنەوەی قەیرانەکان بکرێت، تا کوردستان زیاتر بەچۆکدا بهێنرێت.

بێگومان ئەمە دۆخێکی مەترسیدارە، بەڵام لەگەڵ کۆی مەترسیەکانیشدا دەرفەتێکە بۆ گۆڕینی سەرلەبەری سیستەمی بەڕێوەبردن لە کوردستان و دانانی سیستەمێکی باشتر بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە. ئێستا باشترین کاتە بۆ گۆڕانکاری بە ڕێگەی دیموکراسی، بەڵام نەک بە توندوتیژی، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی چەکدارە، توندوتیژی زەمینە بۆ شەڕی ئەهلی خۆش دەکات، زیاتر لەوەی کەشی گۆڕانکاری سیاسی بێنێتە ئاراوە. ئەگەر بڕیار بێت بە خۆپیشاندان و سووتاندنی بنکە و بارەگا حکومەتەکان بگۆڕین، ئەی کەواتە هەڵبژارن بۆ چییە؟ ئەمە بۆ هەموو دونیا ڕاستە، ئەگەر بە ڕێگەی توندوتیژی حکومەت هەڵوەشێتەوە، دەرگای توندوتیژی بۆ حکومەتی دوای ئەوەش کراوە دەبێت، کەواتا دەبێت چاوەڕوانی سەقامگیری نەکرێت لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی هیچ وڵاتێکدا. بەتایبەتی بۆ دۆخێکی وەک ئەوەی هەرێمی کوردستان کە نە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە، نە دەزگا و دامەزراوەی چەسپاوی هەیە، نە کولتووری دیموکراسیمان هەیە، نە یاسا وەک پێویست کاری پێکراوە. بۆیە هەر کەس پێیوابێت بە ڕێگەی نادیموکراسی دەتوانێ حکومەتی پارتی و یەکێتی بڕوخێنێت و حکومەتێکی دیکە لە شوێنی دامەزرێنێت، پێویستە بەرچاوی ڕوون بێت کە ئەم دوو هێزە تا دەیان ساڵی دیکەش بەشی ئەوە خەڵکیان هەیە بیهێننە سەر شەقام و بە ڕێگەی توندوتیژی حکومەت بڕوخێنن. کەواتا بۆ ئەوەی ڕێگای توندوتیژی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەبێتە کولتوور، پێویستە ئومێدمان لەسەر ڕەخساندنی دەرفەتی هەڵبژارن بێت.

ئێستا کاتێکی باشە کە لەناو ئەم قەیرانانەدا نزیک دەبینەوە لە هەڵبژاردن، بەپێچەوانەی بێئومێدیی زۆر لە هاووڵاتیان و سیاسییەکانی ناو هێزە جیاوازەکان، وای دەبینم ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسی کوردستان دەگۆڕێت. ئەگەر ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی پێشتر بهێنینەوە پێشچاوی خۆمان، لە چوار هەڵبژاردندا پارتی و یەکێتی نزیک بە نیوەی کورسییەکانیان لەدەستداوە. ساڵی 1992 لە یەکەم هەڵبژاردندا لە 105 کورسی، سەت کورسییان برد، لە هەڵبژاردنی دووەمدا کەمتر لە نەوەت و لە هەڵبژاردنی سێیەمدا نزیک شەست کورسی و ئێستا بە هەردوولایان نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانیان هەیە.

ئەمە لەکاتێکدایە کۆی ئەو هەڵبژاردنانە لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی یەکێتی و پارتیدا بەڕێوەچوون. بەڵام ئێستا هاوکێشەکان گۆڕاون، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە بەغدا جیاوازە لەوەی جاران و لە هەرێمی کوردستانیش هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدارن. دەکرێت هەموویان لە چاودێریکردن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا ڕۆڵیان هەبێت وەک جۆرێک لە دڵنیایی. دەکرێت ئەم چەند مانگەی لە پێشمان ماوە ئەو کەموکورتیانەی لە پرۆسەکانی پێشتردا هەبوون چارەسەر بکرێن، لە پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران و ناوی دووبارە و ناوی مردووەکان و ڕەخساندنی زەمینەی هەڵبژاردنێکی بێگەرد.

سەرباری ئەوەی لەڕووی زەمەنییەوە نەک زوو نییە، بەڵکوو دواشکەوتووین لە هەڵبژاردن، بەڵام هەست ناکرێ مەیلێکی گشتی هەبێت بۆ ئەوەی بە هەڵبژاردن بەسەر کێشە سیاسییەکاندا زاڵ بین، ئەوەندەی هەست بەوە دەکرێ بە مەبەست و ئەجێندای دیاریکراو کار بۆ دروستکردنی کەشێک دەکرێت دۆخی کوردستان ئاڵۆزتر بێت. ئەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێ لە قۆستنەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵک، گۆڕینی شێوازی دەربڕینی ناڕەزایەتیەکە لە ڕێپێوانەوە بۆ پەلاماردانی بارەگای حیزبی و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت، دەرفەتی هەڵبژاردن دوور دەخاتەوە، کەشێکی سیاسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە ئەم دۆخە وەکوو خۆی بمێنێتەوە. بۆیە ئەوانەی کە دەیانەوێ گۆڕانکاری بکرێت، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرن ئەمە ڕێگەی گۆڕانکاری نییە، بگرە ئەو دەرفەتەش کە بۆ گۆڕانکاری دروست بووە لەدەست دەچێت.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# دوو بەرە و پرۆسەی دیموکراسی

پێموایە کوردستان بەرەو دوو بەرەی سیاسی دەڕوات، ئەم دوو بەرەیە دەبنە ناونیشانی سەرەکی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان.

بەرەیەک کە دەکرێ بە بەرەی ریفۆرمی حوکمڕانی ناوی بهێنین، ئەو هێزانەن کە دەسەڵاتدارێتی ئێستای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بە شکستخواردوو دادەنێن و پێیانوایە ئۆباڵی شکستی ئابووری و سیاسی و ئیداری لە ئەستۆی ئەوانە، ئەم بەرەیە ئەوەیە کە داوای گۆڕانکاریی سیاسی دەکات.

بەرەی دووەم بەرەی ئێستای دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستانە و جگە لە پێگەیەکی جەماوەری، لەهەمانکاتدا هێز و ئاسایش و بڕیاری سیاسی و ئیداریی هەرێمەکەشی لەبندەستە.

ئەم بەرەیە ڕوونە کە بەرەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەشێوەیەک لە شێوەکانیش یەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی سیاسەتەکانیەوە خەریکە لەسەر ئەم بەرەیە هەژمار دەکرێت بێ ئەوەی بەڕاستی بەشێک بێت لەم بەرەیە.

بەرەی یەکەم، گوایە کۆمەڵێک سیاسەتی گۆڕانخوازانە لە حوکمڕانیی هەرێمدا کۆیان دەکاتەوە، ئەم بەرەیە دەکرێت پێکبێت لە بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی و هاوپەیمانێتیەکەی بەرهەم ساڵح.

هەرچەندە تائێستا ئەم بەرەیە ڕوون نییە و جەمسەرەکانی جێگیر نەبووە، بەڵام ئەگەر هەیە ئەم بەرەیە دروستببێت و دەشکرا یەکگرتووی ئیسلامیش لەم بەرەیە بێت ئەگەر ئەو مەودایەی ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامی و گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی، چارەسەر بکرێت.

خۆ ئەگەر ئەمە چارەسەر نەکرێت، ئەوا باشترین بژارە بۆ یەکگرتووی ئیسلامی ئەوەیە بەتەنیا بچێتە هەڵبژاردنەکانی داهاتووەوە و پێموایە ئەو حیزبە ئەمە دەکات ئەگەر لە بەرەی ریفۆرمدا جێگای نەکرێتەوە.

بەڵام ئەوەی ڕوونە تایتڵی سەرەکی هەڵبژاردنی داهاتوو، دوو بەرەیە، بەرەیەک کە گۆڕان پێشڕەویی دەکات و بەرەیەکیش کە پارتی سەرکردایەتی دەکات.

هەرچەندە هەندێک بۆچوون هەن کە پێیانوایە دەبێت بەشێک لە یەکێتیش بهێنرێتە ناو بەرەی ریفۆرمەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆچوونێکی ڕاستەقینە نییە و جێگەی پرسیارە کە بۆچی دەبێت لەتێڕوانیندا بۆ سیاسەت و بەرپرسیارێتی سیاسی، هەمیشە بەشێک لە یەکێتی جیابکرێتەوە لە پارتی و بەشەکەی تری یە کێتی ؟

کامەیە ئەو بەشەی یەکێتی؟ بەتایبەتی کە ئێستا دەبینین ئەو حیزبە بەرەو خۆکۆکردنەوە و یەکگوتاری دەڕوات.

یاخود ئەمە تەنیا دیدگایەکی خەیاڵییە کە تۆ پێتوابێت دەکرێت بەشێک لە یەکێتی بێتە ناو بەرەی داخوازی بۆ گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا ئەم حیزبە خۆی بەشێکی سەرەکییە لەم دەسەڵاتدارێتییە.

یان پاڵنەری ئەم قسەیە تەنیا ناوچەگەرێتی و خزمایەتی و ناسیاویی کۆنە و هەندێک هێشتا بە ڕابیتەی خوێن و مێژوو بیر لە سیاسەت دەکەنەوە و پێوەرەکان دادەڕێژن.

وێنەی ڕاستەقینەی سیاسەت لە کوردستاندا دوو بەرەیە، یان سێ بەرە کە سێیەمیان چانسی سەرکەوتنی بەدەستنەهێناو تێکشکا. مەبەستمان بەرەی ئیسلامییەکانە.

دوو بەرە، بریتییە لە بەرەی پارتی و یەکێتی لەلایەک و گۆڕان و کۆمەڵ لەلایەکی تر، جا لەم نێوانەدا ئایا یەکگرتووی ئیسلامی و هاوپەیمانێتیەکەی بەرهەم ساڵح لەگەڵ کام بەرەیە دەبن؟ ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەگەر و گریمانە و قسە و باسەکانی ڕۆژانی پێکهێنانی لیستەکانی هەڵبژاردن.

یاخود ئەمانیش بۆخۆیان دەگەنە ڕێککەوتن و لیستێک پێکدەهێنن، بۆ نا؟ وەک دەشزانین دکتۆر بەرهەم داوای ئەم جۆرە هاوپەیمانێتیانە دەکات.

لەدەرەوەی ئەم دوو بەرەیە، پێکهێنانی بەرەی دیکە، بۆ نموونە ڕاکێشانی یەکێتی بۆ ناو بەرەی گۆڕان و کۆمەڵ جۆرێکە لە بێمانایی و بێپرەنسیپی لەڕووی سیاسییەوە و دووبارە ئەو پرسیارە زیندوو دەبێتەوە کە ئایا دەبێت جیاوازی چی بێت لە نێوان پارتی و یەکێتی لە بەرپرسیارێتی سیا سید ا .

ئەزموونەکانی ڕابردووش سەلماندوویانە پارتی و یەکێتی ناتوانن بەڕاستی لەیەک دوور بکەونەوە تەنیا بە زارەکی نەبێت.

پێکهێنانی هەر لیستێک لەنێوان گۆڕان و کۆمەڵ و پاشان بەشێک لە یەکێتی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیامی ریفۆرمی حوکمڕانی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

وێنەی ڕاستەقینەی جەمسەرە سیاسییەکان لە کوردستان بێ چەواشەکاری، بریتییە لە بەرەی پارتی و یەکێتی وەک حوکمڕان لەلایەک و بەرەی ئەوانی دیکە کە دەکرێ ئۆپۆزیسیۆن بن، لەلای دووەم.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# حەشدی شەعبی و کرانەوەی کوردستان

دەستەیەک لە نوخبەی سیاسی کوردستان هیوای لەسەر کرانەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکان هەڵچنیوە تا بە گوشاری نێودەوڵەتی، عەبادی لە کەلی شەیان بێتەخوار و لەگەڵ هەولێر دانوستاندن بکات. ڕەنگە ئەمە سەمەری هەبێ و دانوستاندنە چاوەڕوانکراوەکەش ببینین، بەڵام هەرگیز مرازی دڵی کورد حاسڵ ناکات! چونکە دانوستاندنی بەغدا+ هەولێر لە دۆخی ناهاوسەنگی سیاسی- سەربازی و ئابووریی وەکو ئێستادا، دەبێتە یارییەک بە ئەنجامی سفر: بردنەوەی یەکێک لە ئەکتەرەکان و دۆڕانی ئەویتریان!

کرانەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکان و لابردنی گەمارۆی دیپلۆماسی لەسەر کوردستان لەڕێی سەردانەکانی پاریس و بەرلین و لە داهاتووشدا بەریتانیا و تەنانەت تورکیا، دەستی هەولێر لەبەرامبەر بەغدا بەهێز دەکات، بەڵام بەس نییە. هەوڵەکان بۆ جەڕاندنی خەرجییەکان و کەمکردنەوەی باری قورسی ئابووری و هێورکردنەوەی دۆخی ناوخۆییش ستراتیژێکی گرنگە کە ڕەنگە بەهەڵبژاردنێکی نوێ ئاسانتر بچێتە پێش. بەڵام لەو بەینەدا، ئایندەی حەشدی شەعبی بابەتێکی ستراتیژییە کە دەتوانێت ئامرازی گرنگ بخاتە دەستی کورد. حەشدی شەعبی پاژنەی ئاخیلی عەبادییە و پێویستە کورد دەستی بۆ بەرێت تا پێگەی خۆی بەهێزتر بکاتەوە. بەڵام چۆن؟

حەشدی شەعبی.. پاژنەی ئاخیلی عەبادی

شەڕی داعش تەواو بوو. "واجبی کفایە" بەجێهات و قۆناغێکی گوزەر لە عێراق دەستپێکردووە. ئەمریکا، فەرەنسا، وڵاتانی کەنداو، کورد و سوننە لە عەبادییان هەڵپێچاوە تا حەشدی شەعبی هەڵوەشێنێتەوە. لە ڕواڵەتدا، عەبادی لە بەینی گوشارە دەرەکییەکان و بەرگرییە ناوخۆییەکانی شیعە و ئێراندا سەبارەت بە چارەنووسی حەشدی شەعبی گیری کردووە. بەڵام ڕاستییەکەی، عەبادی هەم نایەوێت هەڵیوەشێنێتەوە، هەمیش ناتوانێت ئەوکارە بکات، چونکە:

- دەوڵەتی نوێی عێراق پێویستی بە حەشدە وەک کرۆکی سوپا. لەڕووی ستراتیژییەوە دەوڵەت بەبێ سوپا دەوامی نابێ و بێشک دەسەڵاتداریی زۆرینەی شیعی لە عێراق پێویستی بە سوپایەک هەیە کە لە ناوەڕۆکدا شیعی بێت، وەک چۆن ناوەڕۆکی سوپای سەدام سوننی بوو. بۆیە عەبادی و حەکیم و سەدر زیاتر لە هەڵوەشاندنەوە، جەخت لە بەهێزکردنی سوپا، ڕادەستکردنەوەی چەک بە دەوڵەت دەکەن کە ئەمەش دەشێ بە جۆرێک تێکەڵکردنی چەکدارەکانی حەشد بە سوپا بێت.

- حەشدی شەعبی ئێستا یاسایەکی هەیە و حەیدەر عەبادی بەبێ بڕیاری پەرلەمان ناتوانێت هەڵیوەشێنێتەوە.

- مانەوەی میلیشیای ئامادە بۆ بەشێک لە شیعەکان ڕوویەکی ئایدیۆلۆژی هەیە. ئەوان پێیانوایە شەڕی ئاخرزەمان و هاتنی "حەزرەتی مەهدی" نزیکە و دەبێ خۆیانی بۆ حازر بکەن.

- دابەشبوونی ناوخۆیی شیعەکان، وای کردووە مەسەلەی هێشتنەوە و نەهێشتنەوەی حەشدی شەعبی فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ ڕاکێشانی جەماوەر.

- زۆر لە گرووپە سەرەکییەکانی حەشدی شەعبی بەر لە 2014 و بەر لە هاتنی داعش دامەزراون. تەنانەت هەندێکیشیان پێشتر تێکەڵاوی پرۆسەی سیاسی بوون و هەڵوەشاندنەوەیان کارێکی ئاسان نییە. سەرایا سەلامی سەر بە موقتەدا سەدر، ڕادەستکردنەوەی چەکەکانی خۆی بە دەوڵەت ڕاگەیاندووە. هەروەها لیوای ئەبولفەزلی عەباس کە ئەوس ئەلخەفاجی فەرماندەیی دەکرد، هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاندووە. بەڵام هەڵوەشانەوەی گریمانەیی ئەم گرووپانە، واتای ئەوە نادات کە ناتوانن جارێکی دیکە خۆیان ڕێکبخەنەوە. وەک چۆن موقتەدا سەدر لە دوای سوپای مەهدی، توانی لە ماوەیەکی کورتدا، گرووپی سەرایا سەلام ڕێکبخات.

- ئێران دژی هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبییە و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ سوپای بەدر، حەرەکەتی نوجەبا، کەتائیبی سەید ئەلشوهەدا، عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتائیبی حیزبوڵڵا و کەتائیبی ئیمام عەلی هەیە و تاران نایەوێت ئەم کارتە ستراتیژییە لەدەستبدات.

## ئایندەی حەشدی شەعبی

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی کە ئێستا لەئارادایە، دەکرێ دوو سیناریۆ بۆ ئایندەی حەشدی شەعبی لەپێشچاو بگرین:

یەکەم: هەڵوەشانەوەی شکڵی و تێکەڵبوون بە سوپا

لەم سیناریۆیەدا زۆربەی گرووپەکانی حەشدی شەعبی بەڕواڵەت هەڵدەوەشێنرێنەوە و لەناو سوپای عێراقدا جێدەگرن. ئەگەر هەندێک گرووپیش بمێنن، چەکە قورسەکانیان ڕادەستی دەوڵەت دەکەن. ڕەنگە ئەمە بژارەی سەرەکیی حەیدەر عەبادی بێت. تا هەم گوشارە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، هەم سوپاش بە دڵی خۆی ڕێکبخاتەوە. ئاماژەکان وا دیارن کە سەدر و حەکیمیش پشتیوانی لە بژارەیەکی وەها دەکەن.

دووەم: مانەوەی حەشدی شەعبی وەک خۆی.

لەم سیناریۆیەدا زۆربەی گرووپە سەرەکییەکانی حەشدی شەعبی دەمێننەوە و بە پاڵپشتی ئێران، مالیکی و بە پاڵپشتی ئەو یاسایەی کە بۆیان دەرکراوە، هەوڵی قایمکردنی پێگەی خۆیان دەدەن. ئەگەر گوشارەکان بۆ لابردنیشیان زیاتر بێت، ڕەنگە هەوڵەکانیان بۆ دروستکردنی پاساوێکی مانەوە، وەک دەرخستنی شەڕێکی نوێ لەگەڵ کورد، یان پاشماوەکانی داعش، زیاتر بکەن.

## ئەنجام

لە عێراقی دوای داعشدا، حەشدی شەعبی دەتوانێت تەهدیدێکی گەورەی سیاسی- سەربازی بۆ سەر کوردستان دروستبکات. بۆیە، بچووککردنەوەی قەبارەی ئەم تەهدیدە پرسێکی مانەوەیە. دروستبوونی هاوڕاییەکی نێودەوڵەتی بۆ هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی و سنووردارکردنی نفوزی ئێران لە ناوچەکە لە قازانجی کوردە، بەڵام نابێ تەنها پشت بەوە ببەسترێت. دەبێ لە ئاستی ناوخۆییشدا هاوپەیمانییەکی کوردی – سوننی سەبارەت بە مەسەلەی حەشدی شەعبی دروستبکرێت. بەمەش هەم هەڕەشەکان جڵەو بکرێن، هەم کارتەکانی دەستی کورد بۆ دانوستاندن لەگەڵ عەبادی زیاتر بکرێن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گۆڕان بۆ لە حکومەت کشایەوە؟

1

کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کابینەی هەشتەم شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، ئەوان بە کردەیی و لەسەر ئاستی وەزاری و سەرۆکی پەرلەمان لە 12ی ئۆکتۆبەری 2015 ەوە لە دەرەوەی بازنەن، بەڵام بۆ ئێستا کە کاتێکی زۆر کەمی ماوە بۆ هەڵبژاردنەکان ئەو بڕیارەیان دا؟ ڕاستییەکەی ئەو بڕیارەی گۆڕان ئەگەر بەشێکی زادەی وەبەرهێنان بێت بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، بەشە هەرە گرنگەکەی ئەوە بوو کە لەپاڵ کشانەوە لە حکومەتدا، چەند ئامانجێک دەستەبەر بکات.

یەکەم: گۆڕان وەک پاشکۆی یەکێتی و پارتی سەیر نەکرێت و، مادامەکی پرۆژەکەی بۆ حکومەتی کاتی و ڕزگاریی نیشتمانی قەبوڵ نەکراوە (کە لە بنەڕەتدا ئەوە بیرۆکەی ئەوان نەبوو)، لە حکومەت بکشێتەوە و ترسی ئەوەشی هەبوو کە وەزیرە لەکارلادراوەکانی بگەڕێنەوە بۆ ناو حکومەت و ئەو کاتە هەموو ریسەکەیان لێ دەبوو بە خوری. چونکە تا دێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ ئەم حکومەتەی ئێستا زیاد دەکات.

ئەوان سوور ئەو ڕاستییەش دەزانن کە کشانەوەی ئەوان نابێتە هۆی بێ ئیعتیباربوونی ئەو حکومەتەی ئێستا و بوون و نەبوونی ئەوان لە حکومەتدا هیچ لە ئەسڵی مەوزووعەکە ناگۆڕێت، بگرە گۆڕان لەو ڕێگەیەوە بەدووی هەندێک ئامانجی تەسفیە حیساباتی ناوخۆیی خۆی بوو.

دووەم: خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر و ئەو شەرمەزارییەی کە لێیکەوتەوە و، هەستکردن بەوەی کە ناوماڵی یەکێتی هەڵتەکاوە و پارتی لە هەموو ڕوویەکەوە لە هەڵکشاندایە، وای کرد کە کشانەوە لە حکومەت، بیانوویەکی باش بێت بۆ پووچەڵکردنەوەی هاوپەیمانییان لەگەڵ یەکێتیش کە ڕەنگبێ ئامانجی سەرەکی هەر ئەوە بووبێت!

سێیەم: تەسفیەکردنی ئەوانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەنگەریان گواستبووەوە (بەتایبەتیش بە دەستبەرداربوون لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕەیان لەژێر پێی یوسف محەممەد دەرهێنا تا پۆستەکە بۆ مەرامی خۆی بەکارنەهێنێ) و هاندانی حکومەت بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا هەڵبژاردنی گشتی بکات و یاسای هەڵبژاردنیش لە پەرلەمان وا هەموار بکرێتەوە کە بکرێتە لیستی داخراو و خۆیان لە ململانێی نێوان نەوەکان قورتار بکەن.

گۆڕان بەو دروشمانەی پێشتر هەڵیگرتبوون، مردووە و ئەوەی دەیکات پەلەقاژەی مانەوەیەتی لە گۆڕەپانی سیاسیدا وەک هێزێکی بەدیل بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی (کە ئەلبەتە هەموو هێزەکانی سلێمانی خەریکی ئەوەن) لەگەڵ پارتیدا.

## کاولبوونی ماڵە گەورەکە

2

ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوو لە زۆنی سەوز و نیلی نیشانی دا کە وردە وردە دەسەڵاتی سەربازی و ئەمنیی یەکێتی لەناوچەکەدا بەرەو داڕمان دەچێت. تەنانەت گەیشتە ڕاددەیەک کە بۆ یەکەمجار یەکێتی داوا لە پارتی یان حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، هێزی زێرەڤانی بۆ گەڕاندنەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ ناوچەکە ڕەوانەی سلێمانی بکات. هەر بەوەش نەوەستا و هێزی پێشمەرگەی یەکەی 70 ش هێنرانە سەر شەقام.

ئەوەی ڕوویدا خۆپێشاندان نەبوو، چونکە ئامانجی هەندێک لایەن ڕووخاندنی حکومەت بوو، حکومەتێک کە بنکەکەی لە هەولێرە نەک لە سلێمانی! ئامانجی هەندێکی دیکەش تۆڵەسەندنەوەی سیاسی بوو لەو کەسانەی کەرکووکیان فرۆشت و هەندێکی دیکەش ویستیان لە ئاوی لێڵدا ماسی بگرن! بۆیە سەرباری ئەوەی کە هیچ لایەنێکی سیاسی جورئەتی ئەوەی نەبوو خۆی لەو خەڵکە بکاتە خاوەن (جگە لە شاسوار عەبدولواحید کە لە کۆتاییدا ئەو دەکرێتە قۆچی قوربانی چونکە دەزگا موخابەراتییەکانی یەکێتی کاریان پێ نەماوە!)، ئەوانی دیکە لە هەر ناوچەیەک خەڵکیان بۆ مەرامی تایبەتیی خۆیان و تەسفیەی حیساباتی ناوخۆیی بەکار هێنا. ئەوەی ڕوودەدات بەشی هەرە زۆری ئۆباڵەکەی لە ملی ماڵی تاڵەبانیە کە وەزعی کوردستانیان بۆ بەلاداخستنی ململانێی ناوخۆیی خۆیان قۆستووەتەوە و دەیانەوێ خەڵکی دیکەشی تێوەردەن. هەمووی هەفتەیەک پێش ڕووداوەکان بوو کە لاهوور جەنگی، بەڵێنی تەمبێکردنی پارتی دەدا و دواتر بارەگاکانی پارتی سووتێندران و، ئێستاش هەمان کەس بووەتە فریادڕەسی یەکێتی! پارتی زۆر بە هێمنییەوە چاودێریی ئەو بارودۆخە دەکات و سەرباری ئەوەی کە بارەگاکانی سووتێندراون، هیچ کاردانەوەیەکی عەفەویی نییە. بەڵام پارتیش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە ئیتر لەمەودوا و بۆ داهاتوو بەپێی قورسایی هەر باڵێکی ناو یەکێتی، مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و لای پارتی، یەکێتی وەکو حزب کۆتایی هاتووە و بریتییە لەچەند گرووپێک کە هەر یەکەیان شتێکی بەدەستە، جا ئیشی بەکام لایان بێت لەو لایە نزیک دەبێتەوە.

## یەکگرتوو باشی کرد

3

گرەوکردن لەسەر کشانەوە لە حکومەت بۆ ئەوەی کابینەی حکومەت هەڵوەشێتەوە، خەیاڵ و لێکدانەوەیەکی بێ بنەمایە. پارتی ئەگەر بەتاقی تەنیاش بمێنێتەوە، حکومەت هەڵناوەشێنێتەوە و ئەوەش لە ڕوانگای ملهوڕیی پارتی نییە بەقەدەر ئەوەی کە پارتی خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و، ئەگەر ئاڵتەرناتیڤێکی بەهێز بۆ ئێستای حوکمڕانیی کوردستان هەبێت و کەسانێک جورئەتی ئەوەیان هەبێ شان بدەنە بەر بەرپرسیارێتی، پارتی لاریی لەوە نییە هەر سبەی حکومەتیان ڕادەست بکات. بەڵام ئەوە دە ساڵە باسی پۆستی سەرۆکی هەرێم دەکرێت و هەر ڕۆژەش بیانوویەکیان پێ دەگرت، کەچی کە هاتە سەر ئەوەی یەکێک ئەو پۆستە وەربگرێت، یان تەنانەت خۆی کاندید بکات، دەرکەوت کەس پیاوی ئەو ئەرکە نییە! مەرجەکانی یەکگرتوو بۆ نەکشانەوە لە حکومەت، پتر لەوەی ڕوویان لە پارتی بێت، ڕوویان لە ئیدارەی سلێمانییە، ماددەی وای تێدا نییە کە ئیستیفزازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. مانەوەی یەکگرتوو لە حکومەتدا، هاندەرە بۆ ئەوەی کوردستان بە خێرایی بەرەو هەڵبژاردن بچێت و لە پرۆسەی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردن و تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە یارمەتیدەر بن. بۆیە یەکگرتووش ئیسپاتی کرد کە حزبێکی بەرپرسیارە.



هێمن لهۆنی

# وێنە ڕاستەقینەکەی نێوان هەولێر و بەغدا

ئەگەر سەردانی بەغدا بکەیت، چەند ڕۆژێکت بەسە بۆ ئەوەی بزانی ئەو وێنەیەی عەبادی پیشانمان دەدات هەڵەیە و ئەو وێنەیەشی هەولێر بۆ بەغدای کێشاوە شێوێنراوە.

لەگەڵ تیمی ڕووداو سەردانێکی چەند ڕۆژەمان بۆ بەغدا کرد و چەند کارێکی ڕۆژنامەڤانیمان ئەنجامدا.

ئەو وێنەیەی بەغدا کە عەبادی لە ڕێگەی وتار و پەیام و پرێسکۆنفرانسە هەفتانەییەکەی بۆی وێنا کردووین، تەواو هەڵەیە. بەغدا، بەغدایەک نییە کە خەڵک تێیدا خۆش بژی و گەورەترین کێشەی تەنیا لیستێکی گەندەڵکاران بێت و خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بێت کە عەبادی کەی سزایان دەدات.

لەگەڵ ئەحمەدی شۆفێرمان کە خەڵکی بەغدابوو، چووینە وەزارەتی تەندروستی عێراق کە لە دەرەوەی ناوچەی سەوزە. بە چوون و هاتنەوەمان نزیکەی 5 کاژێر لەناو ئۆتۆمبێل بووین. قەرەباڵخییەکی ئێجگار زۆری ئۆتۆمبێل و نەبوونی هیچ یاسایەکی ترافیک و هەرکەس بۆ خۆی.

لە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە دەمانڕوانییە شەقام و دەموچاوی خەڵکەکە لە شەقامەکانی بەغدا. کام شوێنەی جاران بە ڕاقیترین شوێنی بەغدا ناسراو بوو، وەک ئەحمەد بۆی باس دەکردین، ئێستا کاولەیە.

هیچ شوێن و بینایەکی سەرنجڕاکێشی تێدا نییە. تەنانەت نەمانتوانی بینایەکی چەندقاتی نوێ ببینین جگە لەوانەی لە سەردەمی سەدامەوە هەن. کە دەڕوانیتە خەڵک و بینا و بازاڕەکانی بەغدا، هەرگیز ناتوانی باوەڕ بەخۆت بهێنێ کە لەم وڵاتەدا زیاتر لە 800 ملیار دۆلار لە 2003 وە خەرجکراوە یان بەفیڕۆدراوە.

هیچ کاتێک ناتوانی هەولێر و بەغدا یان سلێمانی و بەغدا بەیەک بەراورد بکەیت لەڕووی ئاوەدانییەوە.

ئەحمەد هەر لە ڕێگا جارجار باسی مەترسیی ئەو شەقامانەی دەکرد کە چۆن خەڵکیان تێدا کوژراوە و ڕفێنراوە. هەرچەندە باری ئەمنی بەغدا باشتر بووە، بەڵام هێشتا هەر ئاسایش نییە.

لەم قسانەدا بووین لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستی، ئەحمەدی شۆفێر تێلێکی بۆ هات و فرمێسک لە چاوی هاتەخوارەوە.

بەداخەوە خاڵۆزا ئەندازیارەکەی ئەحمەد کە لە پاڵاوگەی بێجی کاری دەکرد و چەند ڕۆژێک بوو ڕفێنرابوو، سەرەڕای ئەوەی پارەیەکی زۆریان بە ڕفێنەرەکانیشی دابوو، کەچی کوشتبوویان.

داوای مۆڵەتی پێنج خولەکی لێکردین تا لەسەر ڕێوە بچێتە مزگەوت بۆ سەر تەرمەکەی. پاش کەمێک بە گریانەوە هاتەوە، بەڵام خەمبارییەکەی سەر ڕوخساری زۆری نەخایاند، دواتر زانیمان کە کوژران و مردنی مرۆڤ چەندە ئاسایی بووەتەوە و تەنانەت نابێتە هەواڵیش لە دەزگا میدیاییەکانی وڵاتەوە.

لەدەستدانی ئاسایش و ئەمان وەک تەندروستی وایە، هەستی پێناکرێ تا لەدەست دەدرێ. لە بەغدا دایکان و باوکان دەستیان لەسەر دڵیانە تا منداڵەکانیان ڕۆژانە لە قوتابخانە یان بازاڕ دێنەوە. هەموو خولەکێک و لە هەموو شوێنێکدا ئەگەری ئەوە هەیە بۆمبێک بتەقێتەوە.

چووینە وەزارەتی تەندروستی و لەوێش وێنەیەکی دیکەی بەغدامان بینی. زۆربەی ژوورەکان وێنەیەکی وەزیری تێدا هەڵواسراوە. ئەوەی مایەی تێبینی بوو، ئەوە بوو کە وەزیر ژنە و توانیویەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەک عێراقدا وەها خۆی بسەپێنێ. لەسەر دەرگای وەزیریش بە گەورەیی شیعرێکی ئیبراهیم جەعفەری بۆ وەزیر هەڵواسراوە. هەر جوڵەیەکی بکات وێنەگر و کامێراکان وێنەی دەگرن.

وەزیری تەندروستی زۆر ئازایانە قسەی دەکرد و بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەو حیساب بۆ شتی سیاسی ناکات و 17 لەسەدی دەرمان بۆ کوردستان دەنێرێ. دواتر گوێمان لێبوو کە وەزیری تەندروستی خۆی بۆخۆی ئیمپراتۆرێکە.

ڕۆژی دواتر چووینە لای نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لە شوێنی خۆمانەوە تا ماڵی مالیکی کە لە ناوچەی سەوزە، نزیکەی 10 بازگەی سەربازیمان بڕی. دواتر بە هەڤپەیڤینێک لەگەڵ سەرۆککۆمار دکتۆر فوئاد مەعسووم کۆتاییمان بە کارەکانمان هێنا.

لەم سەردانەدا ئەوەشمان بەدی کرد کە ئەو وێنەی بەشەیتانکردنەی بەغدا لە کوردستان و بەتایبەتی لە هەولێر بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو هەبووە، هەڵەیە.

کورد ئێستا لە عێراق لەدوای ڕووداوەکانی پاش گشتپرسی شکۆی شکاوە. کە گوێت لە بەرپرسەکانی کورد دەبێ لە بەغدا دەزانیت کە کورد چ هێزێکی هەبووە لە پێش گشتپرسی و ئەوەشی کوردی لاواز کردووە، بەشێکی بەهۆی خراپیی ئیدارەدانی پارتی و یەکێتی و حەساسیەتی نێوانیان بووە.

ئەو ڕێزەی ئێمە بینیمان لە فڕۆکەخانە و لە وەزارەت و دەزگاکان چاوەڕواننەکراو بوو. ئێستاش دامودەزگاکانی بەغدا پڕە لە خەڵک و بەرپرسی کورد کە ئێمە نەمانزانیوە جا خەڵکی ئاسایی چۆن بزانن؟

باوەڕ ناکەم زۆربەمان بزانین کە جێگری وەزیری دەرەوە و تەندروستیی عێراق کوردن. جێگری ئەمینداری ئەنجوومەنی وەزیران کوردە، ئەمە جگە لە چەندین بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکار.

دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە ئیدارەدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و وێناکردنی بەغدا بەوەی شوێنی شۆڤینیزم و دژەکوردە هەڵە بووە. هەرێمی کوردستان هەڵەی کرد کە پێیوابوو بەغدا کۆتایی هاتووە.

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەمیشە دەوڵەتەکان دەمێننەوە کە ئەکتەری سەرەکین. عێراق و سووریا دوای شەڕی داعش و وێرانکاریش دەمێننەوە و خاوەنی هێزی خۆیان دەبن.

وەک مالیکی پێیگوتین، ئیدی ڕابردوو بە هەڵەکانی هەردوولاوە ڕۆیشتن، ئێستا کاتی ئەوەیە پەیوەندییەکی دروستی دامەزراو لەگەڵ بەغدا دروست بکرێ کە لە قازانجی هەرێمی کوردستان بێت و چیتر واز لەو خەیاڵەی ڕووخانی بەغدا بهێنرێ لەپێناوی مانەوەی کیانی هەرێمی کوردستان. جیاوازییەکانی هەولێر و بەغدا ببینین وێنەکان وەک خۆی تەماشا بکەین و دیوە باش و خراپەکان ببینین.



گاری کێنت*

# سڵاو لە ئیستۆنیا و هەڵوێستیان بەرامبەر گشتپرسییەکەی کوردستان

ئەوەندەی من ئاگادار بم، تاوەکو ئێستا جگە لە پەرلەمانی ئیستۆنیا، هیچ پەرلەمانێکی دیکە نەبووە بە کوێ دەنگ هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان و ئاکامەکانی دەربڕێ.

ئیستۆنیا وڵاتێکی هەم کۆن و هەم نوێیە. ساڵی داهاتوو هەم سەدەیەک و هەمیش 27 ساڵ بەسەر سەربەخۆیی ئیستۆنیای مۆدێرندا تێدەپەڕێت ـ چونکە ئەو وڵاتە لە ساڵی 1941ەوە بۆ ماوەی 50 ساڵ لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە داگیرکرا.

ئێستا ئیستۆنیا ئەندامێکی یەکێتیی ئەورووپایە و بەهۆی شارەزایی لە دامەزراندنەوەی سیستەمی حوکمڕانی و بەرەنگاربوونەوەی هێرشی سایبیری ناوی دەرکردووە و بەپێی قەبارە و ژمارەی دانیشتووانی، کە 1.3 ملیۆن کەسە، لەوەدا زۆر سەرکەوتوو بووە. بەهۆی هەڵکەوتەی وڵاتەکە، بەردەوام لەبەردەم ئەو کێشانەدا بووە کە تووشی وڵاتە بچووکەکان دێت، چونکە ئەم وڵاتە لە لایەکەوە یەکێکە لەو وڵاتانەی بە "بەندکراوەکانی ڕووسیا" دەزانرێت و لە دیوی ڕۆژئاواشەوە دراوسێی وڵاتێکە کە ماوەیەکی زۆر ئیمپراتۆرییەت بووە (واتە سوید).

بەیاننامەی دووربینانەی پەرلەمانی ئیستۆنیا هەفتەیەک دوای هێرشەکانی مانگی ئۆکتۆبەری کەرکووک پەسەند کرا، ئەم هەنگاوەش شایستەی ئەوەیە لە لایەن پەرلەمان و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتانی دیکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەی ورد بە سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ئەو کێشانە بکەن کە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان بووەتەوە.

بەیاننامەکەی پەرلەمانی ئیستۆنیا ئاماژە بۆ ئەو بنەمایانە دەکات کە زۆربەی جاران بە بنەمای ناکۆک دادەنرێن و یەکێکیان مافی چارەی خۆنووسینی گەلانە کە ئیستۆنیا خۆی لەسەر هەمان بنەما لە 1918 دا دامەزراوە. بنەمای دووەمیشیان ئەوەیە کە ئیستۆنیا ڕێزی بۆ بنەمای یەکپارچەیی خاکی وڵاتان هەیە. لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە سنوورەکان تەنیا دەکرێت بە شێوازێکی ئاشتیانە و دیموکراتیک و ئازاد و ئیرادەی گەلەوە گۆڕانیان بەسەردا بێت. جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئیستۆنیا هەموو کات بەدوای چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکییەکاندا دەگەڕێت.

بەیاننامەکە دەیەوێت ئەو بنەما ناکۆکانە پێکەوە ببەستێتەوە و هیوا دەخوازێت "گشتپرسی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە 25ی ئەیلول هەنگاوێک بێت بۆ چارەسەری بەدوور لە توندوتیژی لە دژی کەمینەی کورد لە عێراقدا، بۆ ئەمەش دەبێت دوو بنەمای مافی چارەی خۆنووسین و یەکپارچەیی خاک پێکەوە بگونجێنرێن".

پەرلەمانی ئیستۆنیا ڕاشکاوانە پشتگیریی خۆیان بۆ بنەمای دووەم مەرجدار دەکەن بە بنەمای یەکەمەوە، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە "ڕێزیان بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق هەیە، ئەمەش تاوەکو ئەو کاتەی کە پاراستنی ئەو یەکپارچەییە چەوساندنەوە و توندوتیژی لە دژی خەڵک و مافە سیاسییەکانی کەمینەی کوردی لە عێراق لێنەکەوێتەوە".

ئەم مەرجەدارکردنە گرنگە. بەیاننامەکەی پەرلەمانی ئیستۆنیا پشتگیری لە خواستی گەلی کورد بۆ مومارەسەکردنی مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان دەکات، هەموو لایەنەکانیش هاندەدات هەڵوێستێکی ئاشتیانە، شەفاف، دیموکراتیکیان هەبێت، داواش لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە دەکات دەست لە کاروباری نێوخۆیی عێراق وەرنەدەن، هاوکات بەغدا و هەولێریش هان دەدات کە بۆ دیاریکردنی پێگەی کوردستانی عێراق پەنا بۆ دانوستاندن بەرن.

ژمارەیەکی زۆری وڵاتان داوا لە بەغدا دەکەن کۆتایی بە کاردانەوە توندەکانی لە دژی هەرێمی کوردستان بهێنێت. یەکەمجار وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا داوای کردبوو پاش گەشتە فەرمییەکەی بۆ بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات، بەڵام بەغدا داواکارییەکەی ڕەتکردبووەوە. پاشان سەرۆک ماکرۆن ئابڵوقەکەی شکاند و پێشوازی لە سەرۆکوەزیران و جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد لە پاریس. سێیەم هەنگاویش ئەوە بوو کە بەریتانیا ڕایگەیاند بەنیازە حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی لەندەن بکات، ڕەنگە سەردانەکە لە کانوونی یەکەمدا بێت، حکومەتی بەریتانیا جەختی لەوەش کردەوە کە "هەوڵی جدی دەدات" بۆ پاراستنی مافی کورد. چوارەم هەنگاویش لە لایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە بوو کاتێک سەرکردەکانی حکومەتی کوردستانی بۆ گفتوگۆ بانگهێشتی وڵاتەکەی کرد و جەختی لەسەر دیالۆگ و پاراستنی مافەکانی کوردستان لەناو دەستووری عێراقدا کردەوە. پێنجەم دەستپێشخەریش کاتێک بوو کە سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا هانی حکومەتی عێراقی دا ئابڵوقەی گەشتە نێودەوڵەتییەکان لەسەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان هەڵگرێت.

هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانە ئەوەیە کە بەغدا پێی لە بەڕەی خۆی درێژتر کردووە و دەبووایە بیری بهێنرێتەوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکی سەرەکییە لە عێراق و تەنیا پارێزگاکانی باکوور نییە. ئەمریکاش پێیوایە ناوچە کێشەلەسەرەکان لە ژێر کۆنترۆڵی هەر لایەنێکیشدا بن، هەر وەکوو ناوچەی کێشە لەسەر دەمێننەوە و دەبێت چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە.

هەموو ئەمانە جێگەی دەستخۆشین، بەڵام با ئەوەشمان بیر بێت کە ئەو گوشارە ئابوورییەی لەسەر کوردستان هەیە، ئاکامی ترسناکی دەبێت هەم بۆ خەڵکی کوردستان و هەم بۆ ئەو هەوڵە مرۆییانەی کوردستان بۆ ئاوارە عەرەبە سوننەکانی دەدات کە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە مووسڵ، ئەمە جگە لەو خەڵکانەش کە ناچار بوون کەرکووک و ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکە جێبهێڵن.

هیوادارین گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر عێراق زیاتر بن. پەرلەمانی ئیستۆنیا شایانی ستایشە، چونکە یەکەم پەرلەمان بوو کە جەختی لەسەر ئەو قەیرانە دیپلۆماسییە کردەوە. لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانیا دەبێت سەرنجی فۆرمولەی حەکیمانەی سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانی ئیستۆنیا بدات.

لە نووسینێکی ئەم دواییەدا باسی ئەوەم کردبوو کە دەبێ ناونیشانی فەیسبووکی کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان بۆ کونسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر بگۆڕدرێت. ئەمە زۆر کوردی نیگەران کردبوو، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات پێگەی فەرمی هەرێمی کوردستان دابەزێنێت.

جەک لۆپرێسکی، سەرۆکی گرووپی هەموو پارتەکانی پەرلەمانی بەریتانیا، سەبارەت بەو مەسەلەیە پرسیارێکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کرد. وەڵامی بەڕێز ئالیستەر بێرت، وەزیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەو پرسیارە ئەوە بوو کە "کونسوڵخانەی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر ناوەکەی نەگۆڕیوە. لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەکە بەم دواییە لە حاڵەتی یەک زمانییەوە (واتە ئینگلیزی) بۆ دوو زمانی (واتە ئینگلیزی و کوردی) گۆڕاوە. لە ئەنجامدا ناوە کوردییەکەی لەسەر ماڵپەڕ کورتکرایەوە، چونکە ناوە پێشووەکەی ژمارەی وشە و پیتەکانی زۆر بوون. دەزگاکانی میدیا و بەرپرسانی هەرێم لەو گۆڕانکارییە ئاگادارکراونەتەوە".

ئەو پرسیارە دەریخست کە هۆکارەکانی گۆڕینی ناوەکە هێندە گەورە نین، بەڵام هەر لە وەڵامەکەدا جەخت لەوەش دەکرێتەوە کە "حکومەتی بەریتانیا بەردەوام دەبێت لە پشتگیرییەکانی بۆ ئاسایش، سەقامگیری و بووژانەوەی هەرێمی کوردستان لە ناو عێراقێکی یەکگرتوودا".

*** گاری کێنت سکرتێری گرووپی هەموو پارتەکانی نێو پەرلەمانی بەریتانیایە و بۆ ماڵپەڕی ڕووداو دەنووسێت.**

**ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more




## یەڵدا لە ئیسپانیا خەریکی کوردایەتییە

« 10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری
(ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd

